# رزگاری

گۆڤاریکی هەفتانەی گشتی‌یە

ژمارە ٣
ساڵی یەکەم
یەك شەمە ٤ ئایار ١٩٦٩

chalakmuhamad@gmail.com



# رزگاری

**گوڤاریکی هەفتانەی گشتی یە**

خاوەنی ئیمتیاز :

**نەوشیروان مستەفا**

سەرنووسەر :

**پارێزەر شازاد صائب**

ناونیشان

سلێمانی - گوڤاری رزگاری

تەلەفون ٤٧٤

ئابوونەی بەشداربوون

بۆ ساڵیک ٣/٥٠٠ دینار

بۆ شەش مانگ ١/٧٥٠ دینار

نرخی ٧٠ فلس


## دەمە تەقی‌ی بنەماڵەی رزگاری

* بنەماڵەی گوڤارەکەمان ، هەر لەگەڵ بلاوبوونەوەی ژمارەی یەکەمیا کەوتە خو ئامادەکردن بو کوکردنەوەی ئا... بەشدار بوون لە ناو خوێنـ... رەوشەن بیرانو کومەلانی خەلکی ... کەماندا .

* لەمە ئیمە دوو مەبەستمـان ... یەکەمیان ـ ئەوەی کە گوڤارەکەمان ... زورترین ژمارەی رولەکانی گەلەکەمـ... رەوشەنبیرو کریکارو رەنجـ... کاسبکارو مووچەخورو ماموسـ... دووەمیان ـ لەوەی کە ئیمە خومان ... سەرمایەو پارەو پوولیکمان نیە ... گیروگرفتی چاپەمەنی گوڤارەکەمانی ... چارە بکەین وە کەسیکی واش نەبو... دەزگایەکی چاپەمەنی وا دابمەزرینی ... ئیمە بدات .

* ئیمە دلنیایان لەوەی کە هەولو تە... بنەماڵەی رزگاری بە ئیرو ... رزگاری هەر وەکوو بە سەرکەوتو... تەگەرەیەکی بریوە ، ئەمجارەش ب... پشتیوانی رولەکانی گەلەکەمانو ... بیری ئوی بەسەر گیروگرفتی چـ... هەموو کیشەیەکی ترا زال ئەبی ...

ـ هوشیار

# ئەبێ چوون بەرپەرچی رەفتاری

# دوژمنانەی حکومەتی کونەپەرستی ئیران بدەینەوە ؟

هەر لە پاش شورشی ١٤ی تەمموزی پیروزەوە تا ئیستا، حکومەتی کونەپەرستی ئیران وەکوو یەکێ لە ئەندامەکانی پەیمانی سنتوی ئیمپریالیستی هەمیشە لە پیلان گیرانا بووە دژی گەلی عیراق ، وە هەر چەند هەلێکی و هەل کەوتێ بە دەرفەتی زانیوە بو ئەوەی لووت بژەنێتە کاروباری ناوخوی عیراقەوە ، بە نیازی ئەوەی کە عیراق ناچار بکەن وەکوو جاران بگەرێتەوە ناو تەیمانی دەولەتە ئیمپریالیستیەکان .. لە سنووری ئەخشەو سیاسەتی ئەواندا بخولێتەوە .

ئەگەر بمانەوێ چاوێک بە رابوردوا بگێرینەوە و یەکە یەکە ئەو رووداوانە بژمێرین، ئەتوانین لیستەیەکی دوورو درێژ لە کردەوەی دوژمنانەی کاربەدەستانی ئیران نەرامبەر جولانەوەی شورش گیرانەی گەلی عیراق بە کوردو عەرەبیەوە بنوسین کە دووا هەلویستی دوژمنانە مەسەلەی هەلوەشاندنەوەی پەیمانی سالی ١٩٣٧ بوو دەربارەی سنوور بە تەنیا لەلایەن ئیرانەوە .

هەلویستی دوژمنانەی کاربەدەستانی دەولەتی ئیران بەرامبەر بە گەلی عیراق ، بەرامبەر بە جولانەوەی شورشگیرانەی پەرەساندووی کومەلانی خەلکی کوردستانو گەلی عەرەب ، شتێکی ئاساییە و لە سەرچاوەی رژێمی دیکتاتوری ـ نیمچە دەرەبەگی ـ نیمچە مستعمەرەی ئیستای ئیرانەوە هەل ئەقولی چونکە هەر وەکوو خەباتی رزگاریخوازانەی گەلان لە سەرانسەری جیهانا ، ئەلقەی زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراوە دژی ئیمپریالیزمو کونەپەرستی ، وە سەبارەت بە هاو ئامانجیو هاو دوژمنی هەر سەرکەوتنێک کە گەلێک بە دەستی ئەهێنی بەسەر داگیرکەرانو دوژمنانی ئازادیدا یەکێ لە سەنگەرەکانی ئیمپریالیزمو کونەپەرستی پێ ئەروخێ .. هەر بەو جورەش ئیمپریالیزمو کونەپەرستیو نوکەرەکانیان وەکوو رژێمێکی جیهانی لە رووی قازانجو ئامانجو دوژمنەوە موشتەرەکن ، بە دەس هێنانی سەرکەوتنێک یا ئازاد بوونی گەلێک لە بەری دنیادا جەزرەبەیەکە بە گیانی ئیمپریالیزم کونەپەرستی لە سەرانسەری جیهاندا .

لەبەر ئەوە دەولەتی کونەپەرستی ئیران ، ئەبێ لە گەشەکردنو پەرەسەندنی خەباتی شورش گیرانەی گەلانی روژهەلاتی ناوەراست ترسی لێ بنیشێ ، ئەبێ مشووری ئەوە بخوا کە جولانەوەی عەرەبو فارسو کورد ئەوەندە بە هێز نەبێ نفوزو دەسەلاتی ئیمپریالیزمو سەهیونیەت کونەپەرستیو نوکەرەکانی رابمالێ .. لەبەر ئەوە بە حوکمی سروشتی کونەپەرستانەو دوژمنانەی بەرامبەر بە گەلان ئەبێ هەر خەریکی پیلان گیران بێ دژی ئەو گەلانەی ملی رێگەی ئازاد بوون ئەگرن ، ئەبێ هەر خەریکی هەل گیرساندنی شەری لابەلاو تەنگەو چەلەمەی دروست کراو بێ بە نیازی ئەوەی هەم گەلانی کە وا لێبکا نەوانن پەرژێنە سەر ئەرکو پێویستیە سەرەکیەکانی خویان ، وە هەم سەری گەلانی ولاتەکەی خویشیان قال بکەنو پێیان ←

خزێنێتە ناو شەڕی لابەلاو دروستکراوە وە تا لە ڕێگەی ڕاستی خەباتی شۆڕش گێڕانە دوایان بخەن.

**جا لەم کاتەدا کە حکومەتی کۆنەپەرستی ئێران جارێکی کە بە ئاشکرا کەوتوتەوە دروست کردنی گێروگرفتی لابەلاو استفزازاتی دوژمنانە ئەبێ گەلی عیراق چۆن سەر بەرچی ئەو کردەوانە بداتەوە ؟**

لە هەموو شت گرنگتر ئەوەیە کە کردەوەی دوژمنانەی کاربەدەستانی کۆنەپەرستی ئێران بە هەلەمان نەیا ، چونکە نە ناکۆکی گەلی عیراق وە نە ناکۆکی گەلی کورد لەگەل گەلانی چەوساوەی ئێراندا نییە ، بەلکو بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ئەمەوە قازانجو دەستکەوتی گەلانی عیراقو ئێران بە شێوەیەکی لە جیا بوونەوە نەهاتوو بە یەکەوە بەستراوەتەوە گەلانی ئێران لە ژێر دەستەلاتی ڕەشی ڕژێمو داموا دەزگاکەی دا دووچاری چەوساندنەوە و ئازاردانی چینە کۆنە پەرستەکانی دەرەبەگو سەرمایەدارانی گەورە وە هەروەها هی ئیمپریالیزمیش بوون ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە گەلانی غەیرە فارسی تووشی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیش *بوون . هەژاریو برسیتیو نەخۆشیو نەخوێندەواریو ستەم لێکراوی ، دیلی و بێبەرینی ئازادی دیموکراتیو هیچ جۆرە سەربەستییەکە سادەو بچوك ئەمانە هەمووی موریکن بە رژێمی ئیستای ئێرانەوە . جا لەبەر ئەوە سال نییە خەلکی ئێران بە تایبەتی کوردەکانیان لەبەر هەژاریو برسیتی وە لەبەر چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو چینایەتی ، وە لەبەر نەبوونی ئازادیو سەربەستی .. بە هەزارانیان ڕێگەی ولاتانی بیگانە ئەگرنە بەر بە شوێن پارووییەك نانی تالی خوێناویدا !

خەباتی شۆڕش گێرانەی کۆمەلانی خەلکی عیراق لە پێناوی دامەزراندنی کۆمەلێکی ئاسوودەی دوور لە چەوساندنەوە و نفوزی ئیمپریالیزم لە تەنیا ڕێیەکدا لەگەل خەباتی شۆڕشگێرانەی کۆمەلانی خەلکی ئێران دا ، لەگەل بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەکانی ئێرانا یەکانگیر ئەبێ .


هەژارانی ئێران ، ڕەشو ڕووتو برسیو چینە ڕەنجدەرەکانیان دۆستی **هاوپەیمانی تەبیعی خەباتی شۆڕش گێرانەمان و دوژمنی سەرسەخت و خوێنە خۆری ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیو سەهیونیەتن .. لەبەر ئەوە تەنیا ڕێگەی بەر پەرچ دانەوەی استفزازاتی شەر فرشانەی حکومەتی کۆنە پەرستی ئێران هەر ڕێگەی گرێدانی خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی عیراقە بە خەباتی گەلانی ئێرانەوە ، ڕێگەی یەکخستنی جولانەوەکانی عەرەبو کوردو فارسو گەلانی تری عیراقو ئێران و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە ، بۆ هەل تەکاندنی یەکجارەکی بایەکانی نفوزی ئیمپریالیزمو ڕژێمە نۆکەرەکانی لەناوچەکەدا .**

**هەر تەنیا لەم ڕێگەیەوە ئەتوانین بەر پەرچی دەولەتی کۆنەپەرستی ئێران بدەینەوە ، وە جگە لەمەی ئەك هەر هیچ ڕێگەیەکی تر نییە ، بەلکو لە کاتی بە هەلە چوونماندا لە هەلبژاردنی**

**ڕێگەی چارە کردنی ئەم مەسەلە گرنگە کە لە هەمووشتێك زیاتر پەیوەندی بە عیلاقاتی هاوخەباتی گەلانی هەر دوو ولاتەکەوە هەیە بەزیان ئەگەڕێتەوە بۆ سەر جولانەوەی شۆڕشگێرانەی گەلانی سەرجەم ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، وە بەمەش لە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانی نوکەری بەولاوە هیچ لایەکی کە قازانج ناکا .**

●

# سروودی ئینتەر ناسیونال



( یەکی لە شاعیرەکنی کورد ئـەم سرووده‌ی لە مانگی نیسانی ســالی ١٩٦٩ دا بە شیعر کردوه بـــــە کوردی ، وا بە بۆنـــەی ڕۆژی ١ی ئایار جەژنی کریکارانی جیهانـــەوه پیشکەش بە گەلی کوردی مـەزن وە چینی کریکاری ئەکەین بە دیاری .

هەلسن لە خەو ، زور لی کراوی ئەم جیهانە !!
ئەی ئەوانەی سال دوانزەی مانگ برسیتانە
مافی ئیوه ، وەکوو پشکوی دەم بورکانە
بە هوی هەولو کوششەوه سەر ئەکەوی
سفرەو خوانی ڕازاو بەزور دەس ئەکەوی
هەلسن لە خەو ، ئەی لەشکری بەش خوراوان !
بیشیل ئەبی شتی پوچو بوشو تاوان
سەر هەل ئەدا بە کومەکی گشت لایە
ئەوەی خوزگەو خەوی خوشو هیوایە
توش سا ئەی گەل ! گوی‌ڕاگرە بی وچان
بو بانگەکەی دواشورشی میللەتان

★ ★

مافی مروف سەرئەکەوی ، نی‌یە هیزی
لەژور سەرمان بیتو ئیمە بپاریزی
نە قەیسەرو نەکەس ئیتر گەورەمانە
کە ڕزگاری لە خوین مژین هیـــــوامانە
ئەرکی پیروز لەسەر شانی هیوامانە
ئەلین : گوایە بوشە مافی هەژاران
بوشە ئەرکی گرانو سەروسامان
ناومان ئەبەن : کە بی نرخو نوکەرین
لەمە زیاتر سەرشوری هەلناگرین
توش سائەی گەل ! گوی ڕاگرە بی‌وچان
بو بانگەکەی دوا شورشی میللەتان

★ ★

ئەی ڕەنجدەران ! لە شارو دی ، لە کوی بین
ئیمە لە گشت پارتیکی‌تر بە هیز ترین
باتەمەل و بی‌کارەکان ڕابمالیـــــن
تاکەی بە خوین هەر نیچیری قەلو دالین ؟
وەك پیویستە با هی ئیمەبی جیهان
با خوراکی بەردەمی ئەوان بی گیان
تا ئەو کاتەی کە ئەیانکەین سەرنگوون
ڕوژی ئیمە هەلدی بە بی ئاوا بوون
توش سائەی‌گەل ! گوی ڕاگرەبی وچان
بو بانگەکەی دوا شورشی میللەتان

★ ★

## سەلماندنی مافە نەتەوایەتی یەکانی گەلی کورد :

### ❋ کەرستەی ئاژاوە و پشیوی لە ناو ئەبا ...

### ❋ وە ئارام و ئاسایشیکی پتەو لە کوردستاندا جیگیر ئەکا .

لەوەتەی دەولەتی عیراق پیك هاتووە لە بیستەکانی ئەم سەدەیەوە تا ئیستا عیراق هیشتا ئارام و ئاسایشیکی هەمیشەیی بە خویەوە نەدیوە ، وە بە تایبەتی کوردستان یەکی بووە لەو ناوچانەی کە ئاشتی تیا جیگیر نەبووە و ناوچەیەکی پر گەردەلوول و ئاژاوەو پشیوی بووە ، تەنانەت ئەگەر بە موقت پاش دامرکاندنەوەی یەکی لە جولانەوەکانی بە زەبری ئاگرو قورقوشم بو ماوەیەك ئارام و ئاسایشی تی گەرابیتەوە ، ئەوەندەی نەخاباندوە سەر لە نوی لەلایەکی ترەوە سەرەتای جولانەوەیەکی خویناوی تر دەرکەوتووە .

بو لیکدانەوەی ئەم دەرکەوتە سیاسی یە گەلی لە کار بە دەستانی حکومەتانی پیشوو وە دوژمنانی کوردو هەندی لە نووسەرو رەوشەن بیرەکانی بیگانە ، گەلی هوی ئەوتویان دەس نیشان کردوە کە دوورن لە راستی یەوە وە ئەگەر شتیك بسەلمینی تەنیا نەزانی و نەفامی ئەوانە ئەسەلمینی لە لیکدانەوەو هەلسەنگاندنی جولانەوەی سیاسی و بزوتنەوەی نیشتمانی و نەتەوایەتی گەلاندا :

★ هەندیك تاوانی ئەوەیان ئەدایە پال جولانەوەکانی کورد ، کە گویا کورد وەکوو گەلیکی دواکەوتوو رقی لە پیشکەوتنە .. پی ی ناخوشە ئیدارەی دەولەت و قوتابخانەو پولیس و دادگا . بچیتە ناوچەکانیانەوە بە تایبەتی کە کاریکی زور ئەکەنە سەر کەم کردنەوەی دەسەلاتی دەرەبەگ ئاغاو سەروك عەشیرەتەکانی کورد ، لەبەر ئەوە دژی اصلاحات و کردەوەی دەولەت رائەپەرن تانەیەلن دەسەلاتی ناوەندی دەولەت بچیتە ولاتەکەیانەوە .

★ هەندیکی تر ئەیان وت کە ئیمپریالیزم بو سەر پی دانەواندنی حکومەت و لاواز کردنی لەشکری عیراق و ماوە نەدان بە عیراق کە لە کایەی ئابوری و کومەلایەتی و سیاسی دا پیش بکەوی ، هەر کاتیك بیەوی هانی هەندی لە کوردەکان ئەدا کە هەلسن بە جولانەوەیەك دژی حکومەت وە یاخود هەرکاتیك بیەوی یەکی لە شەرتەکانی خوی بە سەر عیراق دا بسەپینی و عیراق ملی بو کەچ نەکا کوردی لی هان بدا کە سەرئیشە و ئاژاوەی بو بنیتەوە تابە ناچاری مل بو ئیمپریالیزم شور بکاو شەرتەکانی قبول بکا گویا ئەویش ئاموژگاری کوردەکان بکات کە خویان مات کەن و ئیتر دەس بەرداری ئاژاوە نانەوەبن !..

وە گەلی لیکدانەوەی چەوت و نا دروستی تری لەم بابەتە . جولانەوەکانی کورد، وەکوو هەموو نەتەوەیەکی تری ئەم سەرزەمینە ، رەنگە هەندی جار بە دوور نەبووبی لە دەستی بیگانە ، یا رنگە هەندی جار کەسانی کونەپەرست و دوژمن بە پیشکەوتن و دەسەلاتی ناوەندی دەولەت شوینی سەرکردایەتی یان گرتبی ، بەلام هەرگیز ئەمە نابیتە بەلگەی ئەوەی کە جولانەوەکانی کورد ، هەموو خەبات خوبەخت کردنی ، هەموو رابوردوی پر شانازی و سەروەری ، هەمووی بە فیتی ئیمپریالیزم و بیگانە بووبی ، هەر کاتیك ئەوان فرمانیان دابیت کورد دەستی پی کردبی و هەرکاتیکیش و بشتیان کوژاندبیتەوە ، یا هەمووی هەر کونەپەرستانە و عەشایەری بووبی .

لیکدانەوەی میژووی گەلان و هەلسەنگاندنی **جولانەوەکانی بە پی ی باری ( سەرنجیکی) وەها بەلگەی ئەوەیە کە هەر دیوی دەرەوەی جولانەوەکە بەدی ئەکەن وە یاخود وەکوو دوژمنیك هەر لایەنە خراپەکانی ئەخەنە روو بەرزی ئەکەنەوە .**

**جولانەوەی کوردایەتی ، نەدەستکردی چەند پیاویکی سەرچلی سەروك عەشیرەتە ، وە نە دەستکردی چەند سەرکردەو رابەریکی ژیرو هەلکەوتووە ،وە نەدەستکردی ئیمپریالیزم و کونە پەرستی یە ... جولانەوەی کوردایەتی جولانەوەیەکی میژوویی یە ، ریشەیەکی مادی هەیە لە** ناوکومەلانی خەلکی کوردستاندا ، دەستکردی چینە چەوساوەو زور لی کراوەکانی . کومەلی کوردە کە بە ئاگری چەوساندنەوەی چینایەتی و ئازاردانی نەتەوایەتی برژاون .

رەنگە لە هەندی قوناغی میژوویی دا یەکیك یا چەند سەرکردە بەکەوینە پیشەوە کە مەرجی سەر کردایەتی یەکی شورش گیرو خاوینیان تیانەبی ، وە تا ماوەیەکی دریژیش جولانەوەکە لە ژیر رابەری و سەرکردایەتی خویاندا گل بدەنەوە بەلام لە توانای هیچ سەرکردەیەکانی ە ئەگەر بلیمەت و هەلکەوتووی سەردەمی خویشی بیت ، نەخوازەلا ئەگەر بودەلەو هیچ و پوچیش بیت ، جولانەوەیەکی وا دروست بکات بە هەزارەها خەلك تیا بە شداری بکەن و بە سەدان کەس بە دلسوزی گیانی خویانی تیا بەخت بکەن و ماوەیەکی دریژ شوینەواری لەناو کومەلانی خەلکی دا بمینی .

گەلی جار ئیمپریالیزم و کاربە دەستەکانی حکومەتانی پیشووی عیراق و

دەولەتەکانی تر کە روو بە رووی گەردەلولیکی فراوان بوون لە کوردستاندا یەکەر پەنجەیان دریژ کردوە بو هەندی کەس و تاوانی هەلگیرساندنی جولانەوەکەیان داوەتە پال چەند کەسیکی دیاریکراو ، بی ئەوەی لە هو و راستەقینەکانی هەلگیرسانی جولانەوەکەو پەرەسەندنی بکولنەوە وە بە قولی بچنە ناو کومەلی کوردو گیروگرفتە نەتەوایەتی و کومەلایەتییەکانی هەل بسەنگینن .. جا بویە هەمیشە پەنایان بردوتە بەر رایی کردنی ئەو سەرکردانە سایان لە ریگەی کرین و لە خشتە بردن و هەل خەلەتاندن تەفرەدانیانەوە ، وە یاخود لە ریگەی کوشتن و لە ناوبردنیانەوە ، ئیمپریالیزم و نوکەرەکانی گەلی جار لەم تەقەللایەیاندا سەرکەوتووبوون جا ئیتر یا کولیان بەو سەرکردەیە داوە یا بە پارەوە تەماعو پایە کریویانە یا لە خشتەیان بردوە ، یان نەوتاندوویانە .. بەلام جولانەوەی کوردایەتی ئەگەر بەدانیشتنەوە یاوازهینان یا فەوتانی ئەو چەند کەسە بو ماوەیەک کپ و خاموش بووبی ئەوەندەی نە خایاندوە جاریکی کە سەری هەلداوەتەوە بە گورو توندو تیژییەکی زیاترەوە .

بیگومان ئیمپریالیزم و نوکەرەکانی وە نووسەرو بیرکەرەوە کونەپەرستەکان ناتوانن پەی بەو راستییە بەرن کە گەلان هیزی دروست کەری میژوون ، وە گەلان هیزی بزوینەری میژوو پالەوانی راستەقینەن جا لە بەر ئەوە هیچ جولانەوەیەکی نیشتمانی یا کومەلایەتی بە چارە کردنیکی موقت و لابەلا کوتایی نایەت .

جولانەوەی کوردایەتی وەکوو جولانەوە یەکی میژووکرد نە بە خیانەت کردنی چەندکەس و تاقمو کومەلیک کوتایی دیت و نە بە ناوبردنیان ئەبریتەوە ، چونکە جولانەوەیەکە لە ئەنجامی گورانی کومەلایەتی و ئابووری و سیاسی کومەلی کوردا هاتوتە کایەوە .

نەتەوەی کورد ، وەک یەکی لە نەتەوە زورلیکراوەکانی سەدەی بیستەم کە ئیمپریالیزم و کونەپەرستی بیبەشیان کردوە لە مافەکانی وە ریگەی بەدی هینانی ئامانجەکانی لیگرتووە ، تا مافەزەوتکراوەکانی نەستینیتەوە وە ئامانجە نەتەوەیی و کومەلایەتییەکانی نەهینیتەدی دەس بەرداری خەبات نابی ، وە تا ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی بەسەرەوە بی زەمینەی دەستپیکردنی خەباتی چەکدار وە کەرستەی هەلگیرسانی ئاژاوەو پشیوی تیا ئامادەیە چونکە زروفی مەوزوعی گەلی کورد ، بیبەش کردنی لەمافەکانی ، لە مافی بریاردانی سەربەستانەی چارە نووسی سیاسی و نەتەوایەتی و کومەلایەتی ، بوونی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی ، زورو ستەمکاری و ئازاردان ، هەژاری و رووت و رەجالی و برسیتی . ئەمانەو گەلی هوی تر زروفیکی لەبارن بوئەوەی کە کومەلانی خەلکی کوردستان لەگەل هەموو راپەرینیک هاوکاری بکەن دژی چەوسینەرەوەکانیان ، وە دەستبدەنە چەک ، بی ئەوەی گویبدەنە سروشتی جولانەوەکەو چونایەتی سەرکردایەتییەکەی ..

**گەلی کورد لە سایەی شەروشورە وە زور کەرەت بەشیکی گەورەی نیشتمانەکەی ویران بووە ، لەسەرئەوە گەلیکی شەرخوازی وانییە کە هەر حەزی لەپشیوی و ئاژاوەبی .. جا لەبەر ئەوە تەنیا ریگەی جیگیربوونی ئارام و ئاسایشیکی هەمیشەیی و عادل ، هەر تەنیا ریگەی سەلماندنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردو خوش کردنی گوزەرانی چینە چەوساوەکانی کومەلی کوردە ... بە تایبەتی ئەوکاتە ئیتر کەس ناتوانی دروشمە سیاسییەکانی گەل بدزی و بازرگانی پیوە بکا وە تەنانەت ئەگەر جولانەوەیەکی نامعلوم یا گومانلیکراو سەبارەت بەوەی کە هیچ مبرریکی هەلگیرساندنی لە کایەدانابی ، کومەلانی خەلک نەک هەر بەدەنگیەوە ناچن و ئەدموری ناناڵین بەلکو ئەوساکە خویان دای ئەمرکیننەوە و کپی ئەکەن ..**

**— ریژمن —**

بەیاننامەی ـ لقی سلیمانی

## پارتی دیموکراتی کوردستان

## بە بونەی جەژنی یەکی ئایارەوە

یەکی ئایاری هەموو سالیك کریکاران لە سەرانەری گیتی‌دا لەهەموو کارگەو کارخانەیەك دا ، لەهەموو ئەو وولاتەدا کە لە ژیر چەپوکی ئیحتکاراتی سەرمایەداری گیتی دان،یادی ئەم جەژنە ئەکەنەو ، جەژنی رایەرینە شورشگیری‌یەکەی چینی کریکارانی ئەمەریکا دژی سەرمایەدارە خوین مژەکانیان ، ئەم یادە ئەمرەی کە نموونەی گیانی بەربەرەکانی کردنو سەر شورنەکردنە بو چەوسانەوەو پی شیل کردنی مافە چینایەتی یەکانی کریکار ، پیشرەوی هەرە شورشگیری چینە جیاجیاکانی کومەل .

لە یەکی ئایاری سالی ١٨٨٦ دا بوو کە لە شاری شیکاغو نە ئەمەریکا کریکاران بە رابەری یەکیتی کریکارە پیشەیی‌یەکانو نەقابەکانی کارکردن وە بە پشت گیری کردنی رایتەی ئنترناسیونالی رەنجدەران هەلسان بە خوینشان دانیك لە پیناوی باشترکردنی بازی ئیش‌کردنیان دا و سنوور دانانی ماوەی ئیش‌کردن و کردنی‌ی بە هەشت سەعات . ئەم خوینشان‌دانانە بەوپەری درندایەتی‌یەوە لە لایەن کاربەدەستانی سەرمایەداری ئەمەریکاوە وەلام درایەوە وە لە ریی پیلانیکی نالەبارەوە پولیسی شیکاغو لە روژی چواری ئایارا ریی بو خوش‌بوو کە گوللەبارانی خوینشان دەرەکان بکات لە ساحەی ( های مارکیت ) کوبووونەوەو گوی‌یان لە ووتاری کریکاریك ئەگرت . کە لە نجامی ئەمەدا چوار کریکار کوژراو پتر لە سەد کەسی تر برینداربوو . سەرەرای ئەمە کەوتنە گرتنی کریکارەکان وە لەم هیرشی گرتنەدا هەشت سەرکردەی بزوتنەوەی کریکارانەی ئەمەریکا بەرکەوت کە دادگای شیکاغو بە نارەوا حوکمی مردنی چواریانی دا کە ئوگەست سپینز ، ئەلبرت بارسونز ، ئەدولف فیشر ، جورج ئەنجل ، بوون وە ئەم حوکمەش لە روژی ١١ی تشرینی دووەمی سالی ١٨٨٧ دا جی‌بەجی کرا . بەم جورە چوار قارەمانی بزوتنەوەی کریکاری ئەمەریکا لە سەر کورسی کارەبا گیانیان سپارد وە گری خەباتی شورشگیرانەی بو ملیون لە کریکاریان لە گیتی دا خوش کرد کە هەتا هەتایە بلیسەدارتر ئەبیت وە هەرگیز کوژانەوەی بو نایەت. پاش دوانزە سال لە رودانی ئەم تاوانەی رژیمی سەرمایەداری ئەمەریکا : مدیری پولیسی شیکاغو دانی بەوەدا نا کە بە پیی ریکخستنی پیلانیك بەو کارە هەلساون ، نوبە دووبارە موحاکەمە کرانەوە و بی تاوانیان ئاشکرا کرا کە بەمە پتر بایەخی یاد کردنەوەی ئەم شەهیدانە کەوتە روو کە لە سەرەتادا چینی کریکارانی ئەمەریکاو فرنسا یادی ئەو رایەرینەی ئایاری ١٨٨٦ یان کردە جەژنی خەباتو پەیمانی شورشگیرانە تازە کردنەوە ، پاشان ئینترناسیونالی دووەم بە سەرپەرشتی ( ئینگلز)بریاری ئەوەی دا کە یەکی ئایار ببیتە جەژنی هەموو

کریکارانی گیتی .

بی‌گومان گرنگی‌و بایەخی جەژنی کریکاران هەر تەنیا پەیوەند نیە بە کریکارانی ولاتیك یا چەند ولاتیکی دیاری کراوەوە ، بەلکو ناوەروکی ئەم بزوتنەوە دلیرانەی چینی کریکاری هەموو سنوریك ئەبریت وە لە هەموو کومەلیکی سەر زەوی‌دا جی‌ی خوی ئەکاتەوە وە بە پی‌ی باری سیاسی‌و کومەلایەتی هەر ولاتیك گرنگی‌و بایەخی خوی دیاری ئەکا .

ئیمرو کە کومەلانی خەلکی کوردستان وە لە پیش هەمویانەوە کریکارانی کوردستان بە رابەری پارتیە پیشرەوەکەیان — پارتی دیموکراتی کوردستان — ئاهەنگی جەژنی کریکاران ئەگیرن ، زور چاك بەندو دەرسەکان ئەم جەژنەش تی گەیشتون وە ئەرکەکانی سەرشانی خویان ئەزانن بە تایبەتی لەم روژانەدا کە گەورەترین پیلانیکی ئیمپریالیستی — سەهیونی — کونەپەرستی لە هەر چوار لاوە مرری لە عیراقی جوارەدەی تەموز خوش کردوە و ئەیەویت بیکەرینێتەوە دوخی دوابراوی شایەتی‌و هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە شورشی چواردەی تەموز دەستی خستوین بسریتەوە کە یەکی ئایار ، جەژنی کریکاران ، یەکیکیانە

ئیمرو کریکارانی کوردستان وەك چینیکی هوشیارو زرنگ ، وەك چینیکی پیشرەو لە کومەلی کوردستان دا ، بە باشی ئەم پیلانەی دوژمن ئەبینن . پیلانەکانی حوکمی کونەپەرستی تاران و جموجولو ئاوانە بی شومارەکانی بارزانی وە هەرەشەو پەلاماردانەکانی سەهیونیەت بو سەر خاکی عەرەب ئەوەندە روون‌و ئاشکران کە توانای شاردنەوەیان نی‌یەو ناتوانت هەروا بە سەر کومەلانی خەلکی رەنجدەری کوردستان‌و پارتی‌یە پیشرەوەکەیاو هیزە پیشکەوتوەکانی عیراقدا تی پەرینریت .

هەر لەم کاتەش‌دا کە ئاهەنگی یەکی ئایار ئەگیرین‌و ئەو هەموو مەترسی‌یانەش هەست پی‌ئەکەین کە کەوتونە سەر هەردوو بزوتنەوە رزگاری خوازی‌یەکەی کوردو عەرەب ، کریکارانی کوردستان روژ لە دوای روژ هوشیاری چینایەتی خویان بەرز ئەکەنەوە تا ئەو رادەیەی کە ئیستا چالاکی‌یەکی بی ئەندازە ئەنوینن بو هینانەکایەوەی ژیانیکی نەقابی کە بەکەم پلەی هەست پی‌کردنی بەرژەوەندی چینایەتی‌یە لە کریکارانەوە .

ئەنجامە باشەکانی خو ریکخستن لە نەقابەکان‌دا لە لایەن کریکارانی کوردستانەوە ئەبیتەهوی ئەوەی کە لەسەر مستەوای سیاسی‌و ئایدیولوجی لە کوردایەتی‌دا خوی بنوینی لە گەشە پی کردنیکی پیشکەواتوانەتر لە ناوەروکی کوردایەتی‌دا و لە بەرەو پیشەوە بردنیا شان بە شانی بزوتنەوە شروشگیرەکانی گەلانی گیتی

پارتی‌مان — پارتی دیموکراتی کوردستان — کە تاکە پیشرەوی چینی کریکارو جوتیارو شورشگیرەکانی گەرم ترین کوردستانە گەرم ترین پیروزبایی پیشکەش بە کریکارانی کوردستان ئەکات، هیوای سەرکەوتنیان بو ئەخوازیت لەو خەباتە شورشگیری‌یەیان دا کە لە ریزی پیشەوەی کاروانی کوردایەتی دا ئەیکەن بە رابەری پیشرەوەکەیان و بو بەهینانی هەموو ئامانجە نەتەوایەتی‌و چینایەتی یەکانیان بو دامەزراندنی عیراقیکی دیموکراتی شورشگیر کە لە ژیر سایەی دا کورد هەموو مافەکانی شاد بیت‌و چینە رەنجدەرەکان باری ئابوری‌و سیاسی‌و کومەلایەتیان بە جوریکی وا چاك بکری کە بگونجی لەگەل رادەی ووزەو توانای دروستکارانەیان دا .

هەروەها بەم بونەوە پیروزەوە پیروزبایی‌یەکی گەرم پیشکەش بە کریکارانی عەرەب‌و هەموو کریکارانی تری گیتی ئەکات . وە پشتگیری خوی دەر ئەبریت بو خەباتی شورشگیری هەموو کریکاران‌و گەلانی گیتی لە پیناوی گورر کردنی سەرمایەداری ، سەرچاوەی هەموو کویرەوەری‌و چەوسانەوەو ئازاردانیك وە لە پیناوی دروست کردنی گیتی‌یەکدا کە چەوسانەوەی چینایەتی‌و ئازاردانی نەتەوایەتی تیا بنەبرر بیبت.

١ — ئایار — ١٩٦٩

لقی سلیمانی

پارتی دیموکراتی کوردستان

* لیدوان

# بایەخ دان بە پیشخستنی ئابوری کوردستان ، یەکیکە لە پیویستیەکانی سرینەوەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی .

**سروشت سامانیکی بی ئەندازەی داوە بە کوردستان، هەر لە کانی نەوتو گوگردو ئەسپیستو چیمەنتووە تا سامانی کشتوکال و ئاژەڵو ناوچەی هاوینە هەوار ... لەگەل ئەو هەموو توانایەدا کە بو گورینی روخساری ئابوری کوردستان هەیە ، لە رووی صناعیو زراعیەوە ، بەلام تا ئیستا جگە لە چەند کارگەیەکی حکومەتی وەکوو جگەرە و چیمەنتوو توتن وە چەند کارگەیەکی بیگانە وەکوو نەوت .. وە چەند کارگەیەکی پچووکی ئەهلی پیشەسازیەکی ئەوتو کە پیی بوتری پیشەسازی ج سووکو چ سەنگین لە کوردستاندا نیە ..**

لە سەردەمی حوکمی بنەماڵەی هاشمیدا کە عیراق لە ژیر نفووزی ئیمپریالیزمدا بوو ، ئیمپریالیزم و نوکەرەکانی نەیان ئەهیشت عیراق لە کایەی ئابوری صناعیدا گەشە بکاو بگوری بو ئەوەی هەر لە داوی ئابووری سەرمایەداری جیهاندا بە دیلی بمینیتەوەو بە جوریکی وا پیوەی گری بدری کە عیراق هەر کانی کەرستەی خاوی صناعیو زراعی هەرزان بەهای کارگەکانی ولاتە سەرمایەدارەکان و بازارەکەیشی شوینی ساغ کردنەوەی کەلو پەلی بەرهەم هینراوی زیادەی ئەوان بی . لە بەرئەوە لە عیراقدا پیشەسازیەکی حکومەتی یا ئەهلی ئەوتو مولەتی گەشانەوە خەملینی ئەدرا کە بەربەرەکانی کەلو پەلی ولاتە سەرمایەدارەکانی پی بکری .

بەنیسبەت کوردستانەوە حال لەمە گەلی بەدتر بوو ، چوونکە کوردستان سەربارێ ئەوەی وەکوو بەشیك لە عیراق لە لایەن ئیمپریالیزمەوە ئەروتینرایەوە ، چینی سەرمایەدارو دەرەبەگی نەتەوەی کاربەدەستیشی ئەیویست کوردستان هەر پشت ماڵەی خوی بت ، وە ئەگەر مولەتی سەناعەتو پیشە سازیەکیش بدری لە عیراقدا با لە ناوچەکانی خویان بیتو کوردستان بو ئەویش با هەر کانی سەرچاوەی خامو بازاری ساغ کردنەوەی کەلو پەلی زیادە بیت ... ئەمە جگە لەوەی کە سەناعەتو پیشەسازی وە بەگەر خستنو بەکار هینانی سەرمایە پیویستی بە ئاشتیو ئیستیقرارو هیمنی هەیە ، کە بە دریژایی سالانی رابوردو تا رادەیەکی زور ئەمە لە کوردستاندا نەبووە بە تەواوی .

ئەوەی کە سەیرو عەنتیکەیە ئەوەیە لە ژیر بالی شورشی ١٤ تەمموزیشا کوردستان لەم رووە هەر بەشبراو بوو ، ئەگەر سەرنجیکی پلانە پینج سالیەکان بدەین ، بەشی کوردستان لەو پروژانەدا کە دانراوە لە چاو دابەش کردنی پروژەکاندا بەسەر ناوچەکانی تری عیراقدا کەم و بی بایەخە .

چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کورد ، ئەگەرچی بە زوری لایەنە سیاسیەکەی بەدی کراوە ، بەلام راستیەکەی ناوەروکیکی ئابوریشی بووە ، کە لە بیبەش کردنی کوردستاندا لە پروژەی پیشەسازی خوی ئەنوینی .

جا بو ئەوەی کە ئەم گومانو دوودلیە نەمینی ؛ وە بو ئەوەی هەم ئابوری عیراق و هەم دانیشتوانی کوردستانیش کەلك لەو سەرچاوە سروشتیانەی کە لە شاخو دەشتەکانی کوردستانا هەیە وەربگرن ، پیویستە کاربەدەستان ئەم رووەوە چی پیویستە بیکەن، وە هەنگاوی کاریگەرو جیگرتوو بنین لە کایەی گوراندنی ئابوری ماندا .

**سرینەوەی شوینەواری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی ، وا پیویست ئەکا کە حکومەت لە کایەی ئابوریدا بایەخیکی تایبەتی بدا بە کوردستان تا چەند سالی لە کیس چوو بژیردریت ، وە ئەو زەرەر و زیانەی لە کورد کەوتورە تولەی بو بکریتەوە ، وە گەلی کورد بە کردەوە هەست بکا کە بە چاوی یەکسانی لەگەل عەرەبدا سەیری ئەکریت .**

**ــ ئازاد ــ**

# رەوشەنبیرو کۆمەڵ

دکتور م.گەیلانی

لەم وتارەدا رووی قسەلەو تاقمە رەوشەنبیرانە نی‌یە کە بەهوی زروفی‌لەبارو باشەوە لەریزی کەسانێکان کە گوزەرانێکی‌خوشیان هەیە ، بەرژێنیکیان لە نیوان خویان و کومەلانی‌خەلکیدا دروست کردوە و لە چوار دیوارەکەی خویاندائەژین ، وە هەول ئەدەن تا بویان بکریت مال و نانی‌خویان زیاتر بکەن و هاوبەش بن لە تالان کردنی گەل‌داشان بەشانی دەرەبەگ و سەرمایەداران .

ئەم وتارە بو زوربەی‌رەوشەن بیرانی کورد نووسراوە . ئەو رەوشەن‌بیرانەی کە لە دەریای پر شەپولی کومەلی ئیستاداشان و بال ئەکوتن و بو ریی رزگاری ئەگەرین . ئەوانەی کە ئارەزوو ناکەن بە ریزی دەستەی‌چەوسینەرەوە کاندابن و هاوکاریان بن . پایەی کومەلایەتی‌یان بە جوریکی وا نی‌یە کە خویان دەستکەوتیان لە چەوساندنەوەی خەلکا بیت . بە پیچەوانەوە شوینی ئەمانە وا پی‌ویست ئەکا کە لەپال‌دەستکەوتی کومەلانی خەلکدا بوەستن و شان بەشانی گەل هەنگاو بنین ، جا هەندەیکیان ئاگاداری ئەم‌مەسەلەیەن و لە . خەباتی کومەلایەتی‌دا بەشداری ئەکەن ، بەلام هەندیکی کەیان هیشتا سەرگەردانن وسەریان سورماوە لە گیرمەوکیشەی ناکوکی‌یەکان

**پایەی کومەلایەتی‌رەوشەن بیران :**

رەوشەن بیران چینکی کومەلایەتی پیك ناهینن ، بەلکو تویژیکی کومەلایەتین‌هەر نەفەرەی پەیوەندی چینایەتی جیاوازی هەیە ،ئەو زروفە مادی‌یەی دەوری داون هەر یەکەیان بەم چین یا بەو چینەی ترەوە ئەبەستیتەوە . هەروەها لەچەرخی گەورەی کومەلدا کاری تایبەتی خویان هەیە ،رووی لە یەك چوویان ئەوەیە کە کاری ئەمانە ،کاری فیکری‌یە ، وە یاخود بە جوریکی بنەرەتی کاری فیکری‌یە. لە نەخشەکیشان، لە بەریوەبردن ، لەو ئیش و کارانەدا کارئەکەن کە بە شیوەیەکی بنەرەتی کاری‌فیکری‌یە وەکوو پزیشکی ، دەرس وتنەوە ، ئەندازیاری، لەبەر ئەوە لە تویژ ( قشر ) ەجوراو جورەکانی رەوشەن بیران خویاندا جیاوازی ئیجگار زورە *. ماموستایەکی هەژار کە

★ خویند کاران تویژیکی‌کومەلایەتین بەتەواوی‌زروفی تایبەتی خویان هەیە. لە پەیوندی بەرهەم هینانی‌کومەلا بەشداری ناکەن .راستیەکەی خویندکاران سەرمایەی تەمەنی خویان ئەخەنە کارەوە بو ئەوەی لەدوا روژا بە هەمان رادە بتوانن سوودی لی وەربگرن. تا ئەو سەردەمەی کە لە پەیوەندی بەرهەم هینانا بەشداری ناکەن چەند خاسیەتیکی وایان هەیە کەهەلویستیان لە مەسەلە کومەلایەتی‌یەکان ئاراستە ئەکا . خویندکاران بە هوی ئاشنایەتی‌یانەوە لە گەل سبستەمە عیلمی‌یەکاندا خوو بە جوری بیرکردنەوەی‌منطقی یەوە ئەگرن ، لە گەرانیاندا بە دوای عیللەت و هوی دەرکەوتووەکاندا . هەربەم هویەوە زوو نزیك ئەبنەوە لە دوزینەوەی هوی‌راستەقینەی دەرکەوتووەکومەلایەتی‌یەکان ، وە ئەگەر زروفی مەنشەئی کومەلایەتی و زروفی گوزەرانی خویان وەی ئەوکومەلەی تیا ئەژین مناسب بیت کەلکەلەی‌خەبات کردن شان بەشانی‌چینە زور لی کراوەکان و لەگەل ئەواندا پەیدا ئەکەن .

دەستکەوتی پاشە روژیان‌لەو کومەلانەدا کە بەجی‌ماون‌نەزانراو و نا مەعلومە وە ئیشیك کە بەرامبەر بی بەو سالانەی ژیان کە لە دەستیان‌داوە و بە پایەی عیلمی‌یان جاوەروانیان ناکا ، ئەمانە لەو هو بنەرەتی‌یانەن کە پال بە خویندکارانەوە ئەنین لە ریزی خەباتکارانی‌کومەلایەتی‌دا جی‌ی خویان‌بگرن .. تاد

لە فلانە گوندا کارئەکا تا کاربەدەستیکی سادەی دائیرە وە تا ئەندازیاریکی قەتەراتچی کە هەزاران دینار دەرامەتی هەیە .

رەوشەن‌بیر سەبارەت بە( خاصیەتە قشری یەکانی ) خوی ئەتوانی هەلویستی ئایدیولوژی خوی نگری وە خوی لە رووی چینایەتی یەوە بگوری . پەیداکردنی جیهان بینی لە بریاردانی پەیوەستی چینایەتی رەوشەن بیرا مەسەلەیەکی بنچینەیی یە

## رەوشەن بیران خزمەتی کی ئەکەن ؟

لە کومەلی چیندارا رەوشەن بیران لە ماوەی جەنگی چینایەتی ودیکتاتوری چینایەتی دا ، لە خزمەت کردنی ئەم چین یائەو چینەدا ئەبن . رەوشەن بیرانی کومەلی سوسیالیستی کە کاربەدەستان و خزمەت کارانی کومەلایەتی ئەوکومەلەن لە خزمەتی دیکتاتوری پرولیتاریادان . لە ماوەی خەباتی چینایەتی دا کە لەکومەلی سوسیالیستی یشا هەیە بە یەکی لە دوو چینی ناکوکەوە ئەبەسترینەوە . لەوانەیە لەو کاتەدا کە لە خزمەتی دەولەتی پرولیتاریادان یارمەتی بورژوازی بدەن وبو سەرەونگون کردنی ئەو دەولەتە بە جوریکی راستەوخو یا ناراستەوخو چالاکی بنوینن . یارەنگە بو چەسپاندنی دیکتاتوری پرولیتاریا وەکوو تیکوشەرانی چابوك و ئازا کاربکەن و فیداکاری بنوینن .بو نموونە لە شورشی فەرهەنگی چین دا ئەتوانین بە چاکی لەبابەتی هەردوو نموونەکە بەدی بکەین . تاقمی لە رەوشەن بیران لە خزمەتی بورژوازی یا بوون کە ئەیانەویست لەلایان ئەدا لە ریگەی روژنامە ، چالاکی هونەری ،سیستەمی فیرکردن و هی ترەوە ریگە بو سەرەونگون کردنی دیکتاتوری پرولیتاریا خوش بکەن لە لایەکی ترەوە هەزاران رەوشەن بیری شورش گیر لە تەك جوتیارانی هەژارو پرولیتاریادا لە ریزی پاسەوانی سوورا یەکیان گرت ، راستەو خو لە خەباتی مردن و ژیانی چینایەتی دا هاوبەشی یان کردو لە پیناوی جیگیر کردن و چەسپاندنی دیکتاتوری پرولیتاریادا فیداکاری یان نواند .

هەروەها لە کومەلی سەرمایەداریشا بەو جورە رەوشەن بیران لە خزمەتی سەرمایەداری دا ئەبن ، کومەلی سەرمایەداری کە خاوەنی ریکخستنیکی پیشکەوتووە گەلی ریگەی دوزیوەتەوە تا رەوشەن بیران راستەوخو یاناراستەوخو بخاتە خزمەتی رژیمی کاربەدەستەوە .

**لە کومەلی سەرمایەداری دا رەوشەن بیران بەم چەشنانەی خوارەوە خزمەتی ئەکەن :**

**١ ـ پیشەسازی گەورەی سەرمایەداری ( وەکوو ئوتوموبیل سازی ، چەك دروست کردن ، نەوت ، پولا ، کیماوی و هی تر )رەوشەن بیران بو خزمەت کردنی خوی رائەکیشی .کاری فیکری رەوشەن بیران لە خزمەتی بەرهەم هینانی سەرمایەداری دایە ، لیرەدا رەوشەن بیران وەکووهویەکی گرنگی بەربەرەکانی ( مناڤسە ) دەوریکی گەورەگەورە ئەبینن لە جەنگی نیوان سەرمایە داران دا .**

**٢ ـ دەزگای دەولەتی سەرمایەداری ژمارەیەکی زور لە رەوشەن بیران هەل ئەلووشی . ئەو پسپورانەی خویندنی زانستگایان تەواو کردوە لە گەرانەن و پشکوتنی دەزگای دەولەتی سەرمایەداری دا دەوریکی گرنگ یاری ئەکەن وە بەم جورە یارمەتی بورژوازی کان بەدەست ئەدەن لە دەست گرتنیا بەسەر کومەل دا . هەروەها حکومەتانی سەرمایەداری پیشکەوتوو وە حکومەتانی نیوە ـکولونی ( نیمچە موستعمەرە) کە لە زروفی کولونیالیزمی نوی دا دەست ئەدەنە اصلاحات بو پتەوکردنی پایەکانی دەستەلات و زەبرو زەنگیان لەم رووە ئەمرو لە بوونی رەوشەن بیران گەورەترین کەلك وەر ئەگرن.**

**پارتی یە ریفورمیستەکان کە لەم کومەلانەدا دینە کایەوە وە لە کاتی تەنگ و چە لەمەی گەردەلوولا دژی شورش رەفتار ئەکەن بە شیوەیەکی بنەرەتی سوود لە رەوشەن بیران ئەبنین .**

**٣ ـ ئەو رەوشەن بیرانەی کە خاوەنی ئیش و کاری ئازادن ( وەکوو پزیشک ) ،ئەندازیار و نووسەرەکان ) ئەخزینرینە دەزگای گەورەی سەرمایەداری یەوە .**

کومپانیا گەورەکانی ( بیمەی ضمانی اجتماعی ) پزیشکەکان هەل ئەلووشی ،پزیشکە ئازادەکانیش چارەی بیمارو نەخوشەکان بەگویرەی بریارەکانی ئەو کومپانیانە ئەکەن . زوربەی بیناکانی و لاتانی سەرمایەداری بە هوی کومپانی یە گەورەکانی بیناکاری یەوە ئەکریت کە ئەندازیارەکان ئەخاتە خزمەتی خویەوە . روژنامە و دەزگاکانی پروپاگاندەی سەرمایەداری ، نووسەران وروژنامە نووسەکان ئەکا بە خزمەتکاری خوی . بەم شیوەیە رەوشەن بیران هەرچەند بیر لەوە بکەنەوە کە ئازادن بە گەلی شیوەی جوراو جور خزینراونەتە ناو چەرخەکانی ماشینی سەرمایەداری یەوە وە وەکوو مورەیەك ئەرکەکانی خوی لە سوراندنی ئەو ماکینەیەدا بەجی ئەهینی . سەرخانی کومەلی سەرمایەداری بە ئاشکرا بە هوی رەوشەن

بیرانی ئەو کومەلەوە ئەناسری و « بەرهەمی سەرخانی » ( ئەگەر بتوانین ئەم وشەیە بەکار بینین هەر بەهوی ئەوانەوە ئەنجام ئەدری .

لەو کومەلانەدا کە لە قوناغی گەشانەوەدان واتە کومەلەکانی نیمچەدەرەبەگی کە ئەمرو بە جوریکی دیاری کراو کەوتوونەتە قارەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئامریکای لاتینەوە ، وەزع بەجوری سەرەوە نی‌یە . لەم کومەلانەدا ، کە دوورن لە قوناغی سەرمایەداری پیشکەوتووی ولاتانی ئیمپریالیستی و دەستەلاتی ریکخستنی بورژوازی بەسەرەوە نی‌یە بە تایبەتی کە سەرخانی کومەل بەشیوەیەکی بنەرەتی سەرخانیکی دەرەبەگی‌یە لەگەل هەندی رووکەشی سەرخانی کاپیتالیستی تیکەلاو کراوە ، بی‌گومان لەم کومەلانەدا ئەو تەونەجالجالوکە گەورەیەی لە کومەلی سەرمایەداری دا ،کومەل لە خویەوە ئەپیچی و بە جوریکی سیستەماتیکانەی خانە خزمەتی خویەوە و جودی نی‌یە ، وە هەروەها کونترولی احتکاری کە لە کومەلی سەرمایەداری دادەستی بەسەر بەرهەم دا گرتووە و « بەرهەمی سەرخان » یش هەر بەو جورە لە ژیر کونترولی احتکارە گەورەکاندایە ، گوران و گەشەکردنی لاسەنگ و ناریکوپیک سەرخانەکەیشی وەکوو خوی لی ئەکا .

لەم کومەلانەدا ، کە ئەمرو ظروفی تازەی میژوویی هاویشتوونتی‌یە ناو گیژاوی گەلی ناکوکی جوراو جوری واوە کە بەندن بە ادواری مختلفی تاریخی‌یەوە ، هەندی چینی کومەلایەتی لەفەوتان و لەناو چووندان لە لایەکی کەوە هەندی چینی نوی لەگەشانەوە و بەهیزتر بووندان . کومەلەکان ئیتر بەچەشنیکی پچر پچرولە یەل جیا ناگورین وگەشە ناکەن بەلکو سیستەمی جیهانی سەرمایە لەلایەك وەپەیدابوونی ئوردوگای سوسیالیستی لەلایەکی ترەوە کە بزوتنەوە شورشگیرەکانی پیکەوە بەستووە ،جیهانی خستوتە سەردەمیکی تازەی هەلگیرسانی شورشەوە کە تا تەنانەت لە حالەتی کومەلە نیمچە دەرەبەگی‌یەکانیشا شورشەکانیان بوتە بەشیك لە شورشەکانی جیهانی پرولیتیری و ئەبی لە قانونەدی شورشی پەی‌دەربەی پەیرەوی بکەن . لە کومەلانیکی وەها دا لایەنەکانی گوران وگەشەکردن پیشاندەری ئەو ناکوکی‌یە جیاوازانەیە کە لە ظروفی میژوویی تازەوە پەیدابوون . لە کەناری پەیوەندی دەرەبەگی‌دا ، لە کەناری عادات و رسوم و فەرهەنگی کونەپەرستانەدا ، پەیوەندی سەرمایەداری و ئایدیولوژی پرولیتاریاشی

هەیە کە بە جوریکی دیاروئاشکرا لە گورانی کومەل دەوریکی گرنگ ئەگیری . بەم جورە لە کومەلانیکی وەهادا کە تووی چەند چینیکی تازە رژاوە و لە دەروونی رژیمی ئیستادا گەشە ئەکەن،خەباتی شورشگیرانەی کومەلانی خەلك و هەلویستی چینایەتی سەرکردایەتی یەکەی ،دەوریکی بریار دەرئەگیرن لە پیشکەوتنی خیرای کومەلا وە بە واتەیەکی تر لە سەرکەوتنی شورش‌دا .ناکوکی‌یەکانی ئەو کومەلانەی لەم بابەتەن لە تواناادا نی‌یە لە ریگەی گورانی تدریجی و هیمنانەوە( سلمی ) چارەسەر بکریت ، بەلکو تەنیا لە نەبەردی شورشی توندو تیژو خوناوی‌دا کە لە هەمان کاتدریژ خایەنیشە چارە سەر ئەکریت . سەرکرادیەتی شورش لەم کومەلانەدا ، ئەبی خوی بە پیشکەوتوواتەترین ئایدیولوژی چەکدار بکا و ئەبی لە هەلویستی پیشکەوتووانە ترین چینەوەواتە لە هی پرولیتاریاوە بروانیتە شورش .رەوشەن بیرانی ئەم کومەلە ئەبی لە دوو ریگە یەکیکیان هەلبژیرن ، یا ئەبی خزمەتی ئەو رژیمە بکەن کەهەیە وەیاخود خەبات بکەن بو دامەزراندن و جیگیر کردنی رژیمیکی پیشکەو توو تر . ریگەی سی‌یەم لە بەردەمدانی‌یە .

رەوشەن بیران لەم کومەلانەدا بە زوری لە چینەکانی ناوەنجی و بالان ،واتە لە رووی مەنشەئی چینایەتی یەوە رادەی صەدی ئەوانەی کە پەیوەندی‌یان هەبی بە جوتیاران و کریکارانەوە کەمن .

رەوشەن‌بیرانی ئەم کومەلانە هەر بەو رادەیەی کە جوش وکول و شیوەگرتنی چینەکانی تیا زورە ، ناکوکی‌یەکانی ناو ئەوانیش فراوان وبەردەوام لە گورانایە ، بە خیرایی بەسەردوو قطبا دابەش ئەبن . ژمارەیەکی کەمیان ئەتوانن بە هوی ظروفی لەباری خیزانەکانیان وهی‌ترەوەزوبەزو ببنە بەشیك لە چینی کاربەدەست و بەشدار بن لە تالان کردن ودامرکاندنەوەی کومەلانی خەلك دا . بیجگە لەمانەی سەرەوە هەندی پیشەهەیە وەکوو پزیشکی کە بەهوی دریژی سەردەمی خویندنەوە خاوەنی دەرامەتیکی باشن و بەز وی‌رد بەرووی هەل بژاردنی یەکی لەم دوبریارە ئەبن کە خەلك تالان بکا یا خوی تەرخان بکا بو خزمەت‌کردنیان .

بەلام بەزوری رەوشەن‌بیران لە ظروفیکا ئەژین کە بەرامبەر بە کارەکانیان نی‌بە،وە لە لایەکی تریشەوە بوواری پشکوتن و بەرەوپیش بردنی رشتەی زانستی خویان نی‌یە تا لە کتایەی شارەزایی خویاندا یارمەتی

بەرهەم هینان وپێشکوتنی پیشەسازی ولات بدەن . بەشیکی گەورەی ئەم رەوشەن بیرانە وەکو : ماموستایان و موچە خورانی پایین و ناوەنجی ، زروفی ژیانیان بەدەوئەچەوسێنرێنەوە ، ژمارەیەکی زوریشیان سەبارەت بەوەی کە لەم کومەلانەدا بەرهەم هینان گەشەی نەکردوە «جیگەیەك» بو ئەوان نی یە ئیشی تیابکەن بی کارن وە یاخود بە کاریکەوە خەریکن بەتەواوەتی دوورە لە رشتەی تخصص و شارەزایی ئەوانەوە . لەم زروفەدایە کە بەشی هەرە زوری رەشەن بیرانی کومەلی نیمچە دەرەبەگی ـ نیمچە کولونی بە جوریکی مەوزوعی ریگەی خزمەتی گەل ئەگرن وشورش لەگەل دەستکەوتی ئەوان دا جوتە . بەلام لەهەمان کاتا سەبارەت بەوەی کە ئەمانە بە شیوەیەکی مەوزوعی هەلویستی وردە بورژوازی یان هەیە ، چونکە لە کاری فیزیکی یەوە بە دوورن هەندی تەباریان تی یە وەکو تیاری ذاتی ( سەبجیکتیفزم ) ، میسالی یەت و فەردی یەت دووچاری رارایی یان ئەکا لە کاروباری شورش دا وە ناتوانن بە پەلە خویان لەم تیارانە رزگار بکەن . ئەبێ لە ماوەیەکی دریژا سەر لەنوی خویان لە ناوناخی کومەلانی خەلکدا واتە لەوناو جوتیارانی هەژارو کریکاراندا ، دروست بکەنەوە . وە رەگوریشەی بیروراو تەباراتی نا دروست فری بدەن وبنە خەباتکەرانی پیشرەو .

رەوشەن بیران لە کومەلا بەرامبەر بە شورش مەسئولی یەتیکی گەورەیان لەئەستودایە . ئەوانن کە ئەتوانن تیوری شورش گیرانە بەرنە ناو کومەلانی خەلکەوە . وە کومەلانی خەلکیش بەهوی خو چەکدار کردنیانە بەم تیوری یانە کە ئەتوانن ریگەی خویان بە راستی و دروستی بگرن و خویان ئازاد بکەن .

رەوشەن بیران لە توانایاندا نی یە تیوری پیشرەوی شورش ببەنە ناو کومەلانی خەلکەوە مەگەر خویان بگورن و هەلویستی برولیتاریا بگرن . جا بو ئەوەی کە کومەل بگورن ئەبی خویان لە رووی ئایدیولوژی یەوە بگورن ، گورینی ئایدیولوژی رەوشەن بیران هەر وا کاریکی ئاسان نی یە . ئەبی هەرچی کە لە کومەلی بەجی ماو و لە رەوشتە کانی رەوشەن بیری ( وردە بورژوازی ) لەواندا ماوەتەوە بیسرنەوە و تووری بدەنەلاوە . لە ماوەی ئەم کارەدا ئەبی هوشیاری خویان بەرز بکەنەوە و بە خویندنەوەی سیستەماتیك تیوری پیشرەو بە دەست بینن و لە ئەنجامدا لە ماوەی خەبات کردنا تیوری لەگەل کردەوەدا بسازینن . راستی یەکەی نوقتەی کەمال رەوشەن بیران بە شورشی شورش گیریکی پیشەیی بەلام لە واقیعەوە دوورە ئەگەر بمانەوی هەموو رەوشەن بین بە شورشگیرانی پیشەیی . جا لەم ماوە بەدا ( طیفیکی ) فراوان هەیە لە بەینی رەوشەن بیریکا کە خزمەت

بە چەوسینەرەوەکان و حکومەتەکەیان ئەکا تا رەوشەن بیری کە بووە بە شورش گیریکی پیشەیی ، رەنگەکانی ئەم طیفە پلە جیاوازەکانی تەکاموڵی رەوشەن بیرە کە پیشان ئەدا .

بەشی لەم طیفە رەوشەن بیری هوشیار بیکی ئەهینی . ئەو رەوشەن بیرەی کە ئاگاداری پەیوەستی کاری عیلمی و کومەلایەتی یە ، ئاگاداری پەیوەستی فەردو کومەلە و تی ئەکوشی بە پی ی توانای خوی وەکو یەکیك رەفتاربکا کە بەرامبەر کومەل و گەل ئەرکی لە ئەستودایە .

**روشەن بیریك کە خاوەنی هوشیاری سیاسی یە ..**

**یەکەم ـ لە خەباتی کومەلایەتی دا بەشداری ئەکا . یا لە ریگەی هاوبەشی کردنیەوە لە ریکخراوی سیاسی ، سەندیکا ویەکیتی یە پیشەیی یەکان ، یا لە ریگەی هاوبەشی کردن و تیکەلاو بون بە ژیانی کومەلەوە . رەوشەن بیری خەباتکەر ئیتر حالەتی فەردی رابوردوی خوی لە دەس ئەدا و لە ژیانی ناو چوار دیوارەکەی مال دیتە دەری ، رەوشەن بیری نا هوشیار کە ئارەزووی فەردی هەیە خوی ئەخزینیتە ناو چوار دیواری مال و خیزانەکەیەوە دنیایەکی وا بو خوی ساز ئەکا دیوارە بەرزەکانی جیای ئەکاتەوە لە دنیای دەرەوە . هەموو چالاکی یەکی لە پیناوی ئەم دنیا پچکولەیەی خویایەتی . بەم جورە کومەل بەگشتی فەراموش ئەکاو خویەرستی جیی ئەو ئەگریتەوە . سەر چاوەی خزمەت کردنی رەوشەن بیر بە بورژوازی لەم نوقتەبەوەیە . کیرموەیەکە رەوشەن بیر نەك هەر تەنیا ئەبیتە ئالەتی دەستی حکومەتی چەوسینەرەوەکان بەلکو خویشی تا ئەتوانی دەس ئەداتە چەوسانندنەوەو تالان کردن . زور پزیشك هەن کەخەریکن بازرگانی بە گیانی خەلکەوە ئەکەن ، فەیلەسوفانیك هەن کە هەموو هیزی خویان ئەفروشن بە دەزگای دامرکینەوەی گەل . لە کاتیکا کە رەوشەن بیری هوشیار لە ناو گەلا ولەناو گەلا ئەژی وە هاوبەشی خەم وشادی یانە . زانست و توانای خوی ئەخاتە خزمەتی کومەلانی خەلك وە بەم جورەلە لایەکەوە لە بەرەوپیش بردنی عیلم و تەکنولوجی یا کومەك بە ئاسودەیی گەل ئەکا ولەلایەکی ترەوە خزمەت ئەکا .**

**لەم رێیەوە یە کە تی ئەکوشی ریگەیە بدوزیتەوە کە لە رشتەی تخصصی خو بەقازانجی کومەلانی خەلك بە جاکترین شیوە مسوگەر بکا .**

**دووەم ـ بەم جورە رەوشەن بیر ناروانە خزمەتی سەرمایەداران بەلکو جیکەکاری خوی بە جوری هەل ئەبژیری کە پیچەوانەی دەستکەوتی گەل نەبی . لە ئەنجامدا رەوشەن بیری وەها لە پلەی یەکەمدا خزمەتی کومەلانی رەنجدەر ئەکا . وەشوینی ئیشەکەی بە جوریکی**

وا هەل ئەبژیری کە تا بـوی‌بکری زیاتر خزمـــەتـی کومەلانی رەنجدەر بکا . لـەپایتەخت وە بە گشـــتی لە شار دیتە دەرەوە ، ئەچتیەشاروچکە وگوندەکان ، بـەم جورە ئاستی گوزەرانی خوی‌دینیتە خوارەوە وە نزیـك ئەبیتەوە لە ئاستی گوزەرانی‌بەشی زوری کومەلانی خەلك ( جوتیاران ) وە تا دبــت‌تەرازووی پی‌ویستـــی یەکانیشی دیتە خـــوارەوە ›پی‌ویستی بە پارەو پول کەم ئەبیتەوە لە ئەنجاما بــــەپارەیەکی کەمتر باشتر ئیش ئەکا . بەو شیوەیە جوتیاری‌هەژاری کورد ئەباتی ئەوەی‌لە گوندەکەی خویەوە ریگـــەی‌دوور ودریژی بەغدا بکوتی ، بو ئـــەوەی بچیتـــە لای‌پزیشکیکی زیرەك و شارەزا ئەچیتە نزیك ترین شـــاریا گوندی گەورەتری نزیـــك خویان .

سی‌یەم — رەوشەن بیری‌هوشیار خـــوی بە دوای دەردی کومەلانی خەلکی‌یـــانەروا لەباتی ئەوەی کە بـــە تەنیا لە بەر کەلکی خوی ، بالەبەر دنیاکەی خوی واتـــە پارە وپول خزمەتیان بکـــا . فیزیکزانی بـــە ناوبانگ ئەلبیرت ئەنیشتاین ئـــەلی :« ژیان هەرچەندە کورت وپر مەترسیش بی ، ئینسان تەنیالە ریگەی خزمەت کردنـــی کومەلەوە ئەتوانیت مەعناکەی‌بدوزیتەوە » .

رەوشەن بیری هوشیار نەك‌هەر تەنیا ئەرواتە نـــــاو خەلکەوە ، بەلکو ژیانی خوی‌لەگەل ئەوانا یەك ئەخا وبـــو ژاســودەیی یان تی ئەکوشی وەهاوبەشی خەباتی کاریگـــەری کومەلایەتی ئەکا لە ریزی گەلا وە شان بە شانی ئەو دەست ئەداتە کاری شورش گیرانەولە مـــــاوەی خـــەباتی کومەلایەتی‌دا هەلویستـــی‌شورش‌گیرانەی خـــــوی ئەچەســپینی‌و روژ بـــەروز زیاتر لەگەل گەلدا جوشـــن ئەخوا .

خزمەت کردنی کومەلانـــی‌خەلك ، رویشتن لەگەلیاندا، هەنگاو نان لەگەلیاندا لـــەخەباتی کومەلایەتی‌دا بـــو گورینی کومەل ئەمانەن کـــەنرخی راستەقینەی ژیـــانی رەوشەن بیری شورش گیـــریك ئەهینن .

رەوشەن‌بیر بە مەعنـــای‌راستی خوی ئەوکاتە ئەبیتە شورش‌گیر کە لەگـــــەل کومەلانی خەلکا ببیتە یـــەك ، بچیتە ناو جوتیـــــاران‌وکریکارانەوە ، وەکوو ئـــەوان بژی وە قازانجی خوی لەگەل‌سودو قازانجی ئەوانا یـــەك بخات . ئەرکی سەرشانـــی‌رەوشەن بیرانی نیشـــتمان پەروەری کورد جگە لەمـــــەهیچی تر نی‌یە . لە زروفیکا کە نیشتمانی کورد وەکـــو بەشـــی لە روژهـــەلاتی ناوەراست کە لە شەپولـــی‌خـــــەبـــاتـــی دژی ئیمپریالیستی‌دایە ونەتەوەی‌کورد لە ریگەی شورشـــی دریژ خایان وپر پیچ‌ وخـــەم‌کە لە دوایی‌دا بەرزگاربون لە ئیمپریالیزم ، لە دەرەبەگی‌و کونەپەرستی کوتـــایی دیت ، هەنگلو ئەنی . ئەبی ئـــــەم‌ئەرکە لە هەموو شتیکی کـــە زیاتر لەبەر چاوی رەوشـــەن‌بیرانی کوردا بی . ئەوانەی کە هوشیارانە ئەم ئەرکـــەفـــەراموش ئەکـــــەن و سـەرگەرمی رازاندنەوەی دنیاپچکولەو ئزمە فەردی‌یە کەی خویانن جگە لە هاوبەشـــی‌تالان کردنی گەل هیچی کـــە نین وە ئەوانەی لە دوو ریانی‌دەستکەوتی شەخـــــی و دەستکەوتی گەلا هیشتا لـــەبریارداندا دوودلو داران ، ئەتوانن بە هەنگاوی فراوان‌خویان بگـــەیەننە کـــاروانی خەباتی کومەلانی خـــەلك‌وبەشی خویان بەرامبـــــەر نەتەوە کەیان و هەموو گەلانی‌زور لی کراوی جیهان بەجی بینن .

## ئادەمزاد وئاژەل

هەندی کەس هەن لەم جیهانەدا،هەر بو ئەوە ئەژین بخون‌و بنوون‌و رابویرن ئەوەی گوی بدەنە هیـــچ‌شتیکی ترو مشوورێ هیچی‌کـــە بخون ؟ دنیا ئاو ببیـــات ، ولات‌ئاگری تی بەر بی ؟ گەلا بـــە تـــر بوبی؟ بە هەنگەوە نایەن‌و بـــەلایانەوە گرنگ نی‌یە ..

ئەمانە وەکوو ئاژەل ئەژیـــن وەوەکوو ئاژەلیش ئەمرن . گوزەرانی ئاژەل جونە ، ئەمانەش ژیانی خویانیان بیر کردتەوە بەو جورە بەسەر ئەبەن . بەلام راستی یەکـــەی‌ئاژەل گەلی جار لەمانە بە کەلـــك ترە ، ئاژەل هیچ ئەبی شـــیروماست و دوی هەیە ، خوری هەیە، گوشتی ئەخوری ، بەلام ئەو جـــورە‌ئادەمزادانە هەر لەبەر ئـــەوەی ئادەمزادن نە گوشتیان ئەخوری وەنە شیرو ماستیشیان هـــەیە .. تەنانەت پەینیشیان نی‌یە مروڤایەتی‌بو کشتو کال کــــەلکی لـــی وەبگری !

ئاژەل لەو جورە ئادەمزادانـــەگەلی بە کەلك ترن !

## اعـــــلان

التسلسل
١٢٤٧
المحلـــة
دركزين
سيجرى تسجيل ـ فضلـةالطريق ذات تسلسل ١٢٤٧ الواقعة في محلة دركزيـــــن مجدداً باسم وزارة الماليـــة للجمهورية العراقية باعتبارهاملكا صرفا فعلى من يدعـــى خلاف ذلك مراجعتنا خـــلال‌ثلاثين يوما من تاريـــخ اول نشره مستصحبا مستنداته .

سعيد شفيق
مدير طابو لواء السليمانية

# هەڵبژاردە لە وتەکانی سەرۆک ماوتسی تونگ

چینەکان لە ناو خویانا کەخەبات ئەکەن هەندیکیـــان سەرئەکەون وە هەنـــدیکی تریان سەرەنگری ئەبـــن . ئەمە میژووە ، میـــژووی شارستانیتی لە هـــەزاران سالەوە لیکدانەوەی میژووبە پیی ئەم باری ســـەرنجە ماتیریالیزمی میژوویی یە ، وەلیکدانەوەی باری ســـەرنجیکی جیاواز لەمە ئایدیالیزمـــی میژوویی یە .

« خەباتی فری بدەن و خوتان ئامادە بکەن بو خەبات » ( ١٤ ئابی ١٩٤٩) «نووسراوە هەڵبژیردراوەکان بەرگی چوارەم .

لە کومەلیکی فرە چیـن داهەر کەسـەی وەکوو ئەندامی یەکی لەو چینانە ئـەژی ، وەهەموو جورە بیرکردنەوەیەك بەبی جیاوازی موری چینیکی دیاری کراوی پیوەیە .

«لە بابەت پراتیکەوە» ( تەممووزی ١٩٣٧ ) نوسراوە هەڵبژیردراوەکان، بەرگی یەکەم .

گورانەکانی ناو کومەل لـەبنچینەدا ئەگەریتەوە بـــو گورانی ناکوکی یەکانی نـاوخودی خوی ، کە ئەویشـــ ناکوکی یەکانی نیوان هیـزەبەرهەم هینـــەرەکان و پەیوەندی بەرهەمهینان ، وەناکوکی نیوان چینەکـان ، وە ناکوکی نیوان کونو نوی یە .گورانی ئەم ناکوکی یانەیە کە پال بە کومەلەوە ئەنیـــست بەرەو پیشەوە و ئەبیتـــە هاندەری زال بوون بەســـەرکومەلی کوندا تا کومەلیکـی نوی شوینە کەی بگریتەوە

« لەبابەت ناکوکی یەوە » (ئاب ١٩٣٧ ) ن . هـ پ ٤

جوتیاران گەلی جار ناچاربوون دژی فەرمانداری چینی خاوەن زەوی رابـــەرن ،سەبارەت بەو ستەمکاری یە ئابووری یە سەختەو ئـــەوچەوساندنەوە سیاسی یە نـا قولایەی لەسەر دەستـــی چینی خاوەن زەوی یەکانـدا دووچاری بوو بـــوون ...هەر خەباتی چینـــایەتی و جەنگەکانی جوتیاران بووە لەکومەلی دەرەبەگی چیندا کە هیزی بزوینـــەری راستەقینەی میژوو بووە .

« شورشی چین وپارتی کومونستی چین » ( کانونی یەکـەمی ١٩٣٩ ، ن . هـ ، ب ٢

ـخباتی نەتەوایەتی لـــەدوایـــن شی کردنـــەوەدا مەسـەلەی خەباتی چینایەتی یە . ئەوانەی قولەرەشەکانی ولاتە یەکگرتووەکان ئەچـەوسیننەوە کەسی کە نین جگـە لە تاقمی کاربەدەستە کونـەپەرستەکان ئەم تاقمەشـــ ن هەرگیز ناتوانن نوینـــەری کریکاران و جوتیـــاران و رەوشەن بیرانی شورشگیر و کەسـانی بیر روناکی تر بن کە بـەشی هــــەرە زوری سپی یەکان پیك دینن .

« بەیاننامەیەك لەبابەت پشتیوانی کردنی خەباتی رەوای قولەرەشەکان دژی جیـــاوازی رەگەزایـــەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکایی » ( ١٨ ئابی ١٩٦٣ )

ریکخستنی گەل بە ئیمـــەسپیردراوە ، ریکخستنـــی گەل بو رمانلنی کونـــەپەرستانی چین وا لـــە ئەستوی ئیمەدایە جا هەرچی کونە پەرستە ئەگـــەر تی ی نەسرەوینی لە خویەوە ناگلی ،هەر وەکوو چون لە گـــسك دانا ئەگەر تەپوتوز بـــەگسکەکەی نەی مالی لە خویەوە لاناچی .

« باری ئیمەو سیاسەتمان پاش سەرکەوتنمان لە جەنگی بەرگریدا دژی ژاپون » ( ١٣ ئـابی ١٩٤٥) ن . هـ ، ب٤

# با خومان بناسین

دوژمن هەر لە خویەوە لە ناوناچێت . کونەپەرستانی چین یا هێزەدەست درێژی کەرەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکایی لەچیندا بە ئارەزووی خویان لە شانوی مێژوو ناکشێنەدواوە .

« با شورش بە ئەنجام بگەیەنین » (٣٠ کانونی یەکەمی ١٩٤٨) ن . هـ ٤ ب)

شورش نە میوانداری ونووسینی وتارو نیگارکێشانەو چنینی نەخشی سەر جل و بەرگە ، نە بەو سووکی و ئاسانی و خوشی و نەرم و نولی یەیە ، وە نە بەو ناسکی و لەدەب و هیمنی و دلنەرمی یەیە . شورش راپەرین و کارێکی توندو تیژە چینێك پەنای ئەباتە بەر بو خاپوور کردنی چینێکی کە

« راپورتێك لە بابەت لێکولینەوەی جولانەوەی جوتیارانی خونانەوە » ( مارتی ١٩٢٧) ن . هـ ، ب ١

چیانکایشێك لە تەقەللادایە بو دەرهێنانی هەرچی دەستەلاتێك لە دەس گەلدایە هەر چەندە کەمیش بێت وە بو فراندنی هەموو بەرێك ئەگەرچی بچوکیش بێت کەواتە ئیمە سیاسەتمان چی یە ؟ سیاسەتی ئیمەش ئەوەیە کە لە جیگەی هەر زللەیەك زللەیەکی لێبدەینەوە لە پیناوی هەموو بستە خاکیکا بجەنگین . ئیمەش بە پیی رەفتاری ئەوئەجولینەوە . ئەو چون هەمیشە تەلاش ئەکا کە جەنگ بەسەر گەلدا بسەپێنی وە بە دەستی راستی شیرێکی هەلکیشاوە و بەدەستی چەپی شیرێکی تر . ئیمەش هەر وەکوو ئەو دەست ئەدەینە شیر ... چانکایشێك ئیستا کە شیرەکەی لە هەسان ئەدا ئیمەش ئەبی شیرەکمان لە هەسان بدەین .

« باری ئیمەو سیاسەتمان پاش سەرکەوتنمان لە جەنگی بەرگری دژی ژاپون » ( ١٣ ئابی ١٩٤٥) ، ن . هـ ، ب ٤

برای کریکار .. لە ووتاری پێشوماندا فەرمان و پێویستیەکانی سەر شانی خومان زانی و لە وەشی دواین کە ئەبی لە چ کاتێکدا وەکو پێویست بە کاریان بێنین بو سوودی چینایەتی خومان و لە پیناوی بەرژەوەندی کومەلانی خەلکدا ..

جا ئیستا ئەمانەوی لەو هویە گرنگە بکولینەوە کە نەزانینی ئەبیتە هوی کەوتنی زیانێکی زور لە خومان بە تایبەتی و دەسکەوت و داخوازیەکانی خەلکی بە گشتی .

ئەو هویەش ئەوەیە کە ئیمە نەزانین بە چاکی چون خەباتی نەقابیمان لە خەباتی سیاسی جیا بکەینەوە ..

لیرەدا پیویست بەوە ئەکات پێشەکی بزانین خەباتی نەقابی مانای چی ؟ بو ئەوەی پاشان بە ئاسانی لە خەباتی سیاسی بگەین و بزانین جیاوازی دەست نیشان بکەین ..

خەباتی نەقابی وەك شتێکی مێژوویی لەوە پیکهاتوە « کە کریکاران لە ریکخراوە پیشەیەکانیانا کوئەبنەوە بو بەدی هینانی دەسکەوتی تایبەتی خویان .. ئەو دەسکەوتەش بە هوی چینی خاوەن هوی بەرهەمەوە دەست گیریان ئەبی ..

واتە خەباتیکە ، ئامانجی کوکردنەوەی کریکارانە لە بەرەیەکی یەکگرتودا دژی بەرەی یەکگرتوی سەرمایەداری وە بو خو راست کردنەوەی پارسەنگیان . وە دوا ئامانجیشی تەنها بو خوش کردنی گوزەرانی کریکارانە لە ژیر سیبەری ئەو رژیمە سەرمایەداریەی کە هەیە » . بەلام خەباتی سیاسی – چینی کریکار – ئامانجیکی دور و فراوانتری هەیە .. « خەباتیکە بوتیکدانی رژیمی دەسەلاتدار و گورینی بە رژیمیکی پیشکەوتوانە تر – کە لەم زورفی ئیستای عیراقی ئیمەدا خوی لە گورینی رژیمی بورجوازیدا ئەبینی بەرەو رژیمیکی دیموکراسیانەی نوی – کە

چینی کرێکار بە یارمەتی جوتیاران و چینە چەوساوەکانی تری کومەلانی خەلکی جلەوی مەسئولیەت ئەگرنە ئەستو ، کە پیویستە گەشە زیاتر بەم رژیمە تازەیە بدەن تا ئەیگەیەنن بە پلەیەکی سوشیالیستی .

واتە خەباتکە لە پیناوی دەسکەوت و بەرژەوەندی گشتی هەموو کومەلانی خەلکدا نەك هەر بە تەنها بەرژەوەندی چینیکی تایبەتی بەم جورە ئەبینین لەگەل ئەوەشدا کە خەباتیکی نیشتمان و سیاسییە خەباتیکی پیشەییشە ..

جابو ئەوەی بە باشی ئەو خەباتە ئاراستە بکری و دوور بخریتەوە لە هەلە و لادان و توشی هەلدیری پر مەترسی نەبی لە بنچینەدا پیویست بە بوونی پارتیکی سیاسی خاوەن بیر و رایەکی پیشکەوتوانەیە کە باوەری بە گورینی رژیمی کونەپەرستانە و گەشە پیکردنی رژیمە پیشکەوتوەکانی تر هەیە بو یەکخستنەوەی ریزەکانی کومەلانی خەلکی لە سەر بنچینەیەکی نوی کە ئەویش بە کومەلیکی سوشیالیستی دیتە کایەوە . ئەمە بە پیچەوانەی خەباتی نەقابیەوەیە کە ئەمیان هیچ کاتیك پیویستی بە بوونی ئەو پارتە شورشگیرە پیشکەوتوە نیە و ناکات .

لیرەدا رەنگە وا بەبیری هەندی کەسایی کە بلین جیاوازی نیوان خەباتی نەقابی و خەباتی سیاسی ئەگونجی لە گەل جیاوازی خەباتی کریکاران بە شیوەیەکی تیکرای پیش شورش یان پاش شورش ، کە ئەمەش هەلەیەکی گەورەیە ، چونکە ئەو خەباتە بوی هەیە لە پیش روودانی شورشدا نەقابی بی و سیاسیش . جیاوازە سەرەکیەکە لەوەدایە کە خەباتی نەقابی ئامانجی تەنها بەدی هینانی دەسکەوتی معاشی و پیشەییە لە کاتیکدا کە خەباتی سیاسی جگە لەم ئامانجانەش گورینی رژیمی بە لاوە شتیکی سەرەکیە .

هەردوو خەباتەکە پیش روودانی شورش مەبەستیان بەدی هینانی دەسکەوتی ئابوریە بو کریکاران بەلام لە خەباتی سیاسیدا بە دی هینانی ئەم دەسکەوتانە ئەبەستی بە ئامانجی سیاسیەوە لە کاتیکدا کە خەباتی نەقابی تەنها بو بەدی هینانی ئەو دەسکەوتانەیە .

خو ئەگەر هات و خەباتی کریکاران شیوەیەکی رووتی خەباتی نەقابی بگری ئەوا ئەو کاتە هەموو جورە زەفت و هەرەشە و نیمچە حەلیك پەسەند ئەکات تەنها بو ئەوەی ئەو دەسکەوتە ئابوریانە بە دەست بینی ئینر بی ئەوەی بیر لە گورینی رژیمی سەرمایەداری بکاتەوە ..

بەلام خەباتی سیاسی سوورە لە سەر هیرش بردنە سەر رژیمی سەرمایەداری و خستنە رووی ناکوکیەکانی و بەلاکالاکردنەوەی چەوساندنەوە کە رژیمی ناوبراو لە سەر بنچینەی دامەزرینراوە و هاتوتە کایەوە وە ئامادەکردنی هەلیکی باش و جەویکی گونجاو بو کاری سیاسی .. ئەمەش بە هوی ئەو دروشمانەوە کە لە کاتی خوپیشاندانەکاندا بەرزیان ئەکاتەوە ..

بو نمونە : لە کاتی خوپیشاندانەکانیا لە پیناوی زیاد کردنی روژانەی کریکاراندا ، مەبەست تەنها زیاد کردنی ئەو روژانەیە نیە ، بەلکو ئامانجی سەرەکی لەو خوپیشاندانەدا ریسواکردنی ئەو رژیمە لاواز کردنیتی .. لەگەل خستنە رووی دەسەلات و هیزی بەسەر حوکمدا وە ئاشکرای ئەکات کە چون ئەو دەسەلاتە تەنها بو بەرژەوەندی تایبەتی خویەتی ..

لە بەر ئەو هویانەی کە باسمان کرد ئەبینین کریکاران بەزوری خویان ئە کوتنە کوری خەباتی سیاسەوە ، بە دامەزراندنی پارتی شورشگیر و پیشکەوتو یان بە چوونە ریزی ئەو پارتیە شورشگیرانەی کە هەن و بە نوینەری راستی خویانی ئەزانن و چالاکانە رابەری خەباتی سیاسیان ئەکات بەرەو کومەلیکی دوور لە چینایەتی و چەوساندنەوە .

« سەردەشت »

# مافەکانی مرۆڤ

« بەشی دووەم »

( لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕاوە)

کەسانەی کە هیچ وولاتیکیان نی‌یە بونەتە گیروگرفتیکی گەورە کە ئەمە شتیکی نائاسایی‌یە لە یاسای دەولەتی‌یەکاندا چونکە ئەو کەسەی کە هیچ وولاتیکی نی‌یە بی‌بەشە لەپاراستن لەلایەن هەموو وولاتانەوەو زور جار هیچ مافیکی نابیت تەنانەت لەو وولاتەشدا کە تیا ئەژی .

بەندی پانزەیەم ئەلیت کە هەموو کەسیک مافی نەتەوایەتی هەیەو ئەو کەسانەی کەنەتەوەی خویان هەیە ناتوانریت بەزور لی‌یان بسەنریتەوە هەروەها ناتوانریت ری لەو مافەیان بەستریتەوە کە لەکاتیکدا ویستی‌یان نەوەکەیان بگورن . لە بەندی شانزەیەمدا خیزان دانراوە بە دەزگایەکی سروشتی‌و بنچینەیی لەکومەلدا ، هەروەها مافی ئەوەی هەیە کە بپاریزریت لەلایەن کومەلو دەولەتەوە . پیاوو ژن بەبی هیچ جیاوازی‌یەکی رەگەزو نەتەوایەتی‌و ئاین مافی ئەوەیان هەیە کە یەکتر بهینن‌و خیزان دروست بکەن .. ژن ومیرد مافی یەکسانی‌یان هەیە لە هینانی یەکتراو لە پیکەوە ژیان‌و جیا بوونەوەدا . وەژن هینان‌و شوو کردن ئەبیت نەسەربەستی‌و قایل بوونی تەواوی تیابیت لەهەردوولاوە .

مافی خاوندارتی تایبەتی کەباسیکە زور مشتومری لەسەر ئەکریت لەبەندی حەڤدەیەمدا بەروونی دەری ئەخات — هەر چەندە کەزور بەشیوەیەکی گشتی یە ، کە هەموو کەسیک مافی خوی هەیە بو خاوەندارتی بە شیوەیەکی تایبەتی وەیان بە شیوەیەکی یەکگرتوو لەگەل خەلکی تردا . کەس نابیت بەزور مولکی تایبەتی خوی لی بسەنریت . بەندی هەژدەیەم روونی ئەکاتەوە کە هەموو کەسیک مافی ئازادی بیروباوەرو بڕواو ئاینی هەیە وە لە شیوەی ئەم یەندەدا پیروزی‌و نهینی تەواوی ئەم مافانە دەرخراوە

هیچ زورداریک ناتوانیت مولکی روحی هیچ کەسیک داگیر بکات . هەروەها ئەم بەندە پتر لەمە ئەلیت کە مافی ئازادی هەیە بو هەر یەکیک کە ئاینی خوی بگوریت وەمافی ئەوەی هەیە کە بەئاشکرا — فیربوون‌و پاراستنی‌ئاگاداری ئەو ئاینە بکات‌و پەیرەوی بکات .

بەندی نوزدەیەم دەری ئەخات کە هەموو کەسیک مافی دەربرینی بیری خوی هەیە ، ئەم بەندە مانای رادەی ئەم مافە دەرئەخات‌و ئەلیت کە ئەم مافە بریتی‌یە لەسەربەستی هەلگرتنی بیروباوەر بی‌ئەوەی کەس لووتی تی‌بژەنیت . هەروەك مافی وەرگرتنی معلومات‌و بیروباوەر هەیە لەهەرشتیك بەهەر شیوەیەك بیت بی‌ئەوەی لەسنوور قەدەغەی بکریت . ئەنجومەنی گشتی روونی کردوتەوە کە ببیت بەسەنگی محەك بو هەموو سەربەستی‌یەك کە پیروزی کردووە .

بەندی بیستەم ئەلیت کە هەموو مروڤیك مافی سەربەستی پیکەوە نانی کومەل‌و یەکیەتی ئاشتی‌و کومەلی مەدەنی هەیە . ئەم بەندە زیاتر شت روون ئەکاتەوەو ئەلیت کە نابیت کەس دەربهینریت لە ناو یەکیەتی‌یەك یاکومەلەیەکدا . وەمانای یەکیتی ئەوە ئەگریتەوە کەبەشی ئاینی یان پارتی سیاسی یان ریکخراویکی پیشەیی بیت .

بەندی بیست‌و یەکەم ئەلیت کە خواستی گەل بنچینەی دەسەلاتی حکومەتە، هەموو کەسیك مافی ئەوەی هەیە کە حکومەتی خوی هەلبژیریت هەروەها ئەم بەندە کردوویەتی بەمەرج کە بەسەربەستی‌و نهینی وهەر ماوەیەك هەلبژاردن بکریت .

هەموو مروڤیك مافی ئەوەی هەیە کەبەشداری لە حکومەتی وولاتەکەی بکات‌و بپاریزریت‌و مافی هەبیت بەیەکسانی بتوانیت بەشداری بکات لەخزمەت مەدەنی وولاتەکەیدا .

ماوەیتی
..



# هەوالی کریکاران

## کریکارانی کارگەکانی سلیمانی یادی جەژنی کریکارانی جیهان ئەکەنەوە


کریکارانی سلیمانی پیش (١)ی ئایار بە ماوەیەك خەریکی خو کوکردنەوە بوون بو ئەوەی بە جوانترین شیوە بچن بە پیر ئەم جەژنەپیروزەوە کە نیشانەی هاوخەباتی و یەکیتی تیکوشانی هەموو رەنجدەرانی جیهانە .

کریکارانی سلیمانی ، بە رابەری پارتی پیشرەو ، هەرچەندە ئاهەنگیکی جوانیان گیرا لە ساحەی سانەوی سلیمانی دا ، بەلام بەر لە روژی یەکی ئایار هەموو شەقامو ساحەکانی شاریان بە دروشمی شورشگیرانە رازاندبووەوە ، وە بەر لە روژی ١ ی ئایار بە روژیك لە هەموو ئەو شوینانەدا کە شوینی کوبونەوە و ئیشکردنی کریکارانە ئەکەوتنە ریکخستنی ئاهەنگو کوبوونەوە لە ناو کارگەکاندا .

خو کوکردنەوەی کریکارانی سلیمانی بو ئاهەنگ گیران بە بونەی جەژنی کریکارانی جیهانەوە ، ریکەوتی خەباتی تەقەللای کریکارانی سلیمانی ئەکا بو دامەزراندنی ریکخستنی نەقابی لە سلیمانی دا کە چەندین سالە لیی بی بەشن .

وا بو نموونە ئاهەنگەکانی کریکارانی جگەرەو توتنو چیمەنتوتان بو ئەگیرینەوە .

★





ئاهەنگەکەی کارگـــــەی چیمەنتوی سەرچنار

✶ سەعـات ١٠ ی رۆژی ٣٠-٤ لە ساحەی کارگـەی چیمەنتوی سەرچنارا هەموو کریکارانی کارگەکە بە بەرگی کریکارانەوە کۆبوونەوە بـو یادکردنەوەی جەژنی ١ی ئایار

✶ هەڤال عثمان مصطفی بە ناوی لیژنەی گیرانـــی ئاهەنگەکەوە وتاریکـــی پیشکەش کرد ، وە میژووی ١ ی ئایاری گیرایەوە و باسی خەباتی کریکارانی جیهانـــی کردو بەستیەوە بە خەباتـی شورش گیرانەی ئـــەم قوناغەی کریکارانی کوردەوە.

هەڤال عوسمان لــــە وتارەکەی دا باری ئیستـای کوردستانی شی کـــردەوە و داوای لە کریکاران کرد کـە خەباتی خویان یەکخـەن و زیاتر پتەوتری کـەن دژی ئیمپریالیزم و سەهیونیەت و کونەپەرستانی کـــوردو عەرەب ... وە باســـی پیویستی بوونی ریکخستنی نەقابی کرد

✶ بە ناوی ئیـــدارەی کارگەوە کاک چالاک تالەبانـی وتاریکی خویندەوە کە تیـای دا پیروزبایی لە کریکاران کرد بە بونەی جەژنی ١ی ئایارەوە

✶ ئینجا کاک عـەبدوالا جولا سەروکی ئەندازیـاری فنی وتاریکی دا دەربـــارەی پیویستی هاوکاری نیـوان ئیدارەو کریکارە وە .

✶ ئاهەنگەکە بــــــە بەشینەوەی شیرینی کوتایی هات ، وە لە دواییدا جاریکی کە کریکارەکان چوونەوە سەر ئشەکانیان .

## ئاهەنگی کریکارانی کارگەی جگەرەی سلیمانی



★ هەر لەو کاتەدا کە کریکارانی چیمەنتو ئاهەنگیان ئەگیرا لە لایەکی ترەوە لە کارگەی دروست کردنی جگەرەدا بەزم و خوشیی ئاهەنگ بوو . وە هەروەها کریکارانی کارگەی پوختە کردنی توتن بەشداری ئاهەنگەکەی کریکارانی جگەرە بوون .

★ هەڤال امین مام احمد کوبونەوەکەی بە دەقیقەیەك ماتەمی بو گیانی شەهیدانی چینی کریکار ، کردەوە . وە پاشان هەر لە لایەن هەڤال ئەمینەوە وتاری بەخیرهاتن پیشکەش کرا .

★ هەڤال شیخ بەکر بەم بونەیەوە هەلبەستیکی خویندەوە ، کە هەستی کریکاریکی کوردی دەربری بەرامبەر بەم روژ پیروزە .

★ ئینجا هەڤال شیخ حەسەن عەودالانی وتاری کریکارە شورشگیرە پیشکەوتووەکانی کارگەی خویندەوە ، کە تیایا داوای خەبات کردنیکی بی وچانی کرد لە کریکارەکان لە پیناوی بە دەس هینانی مافە چینایەتی یەکانیاندا و لە پیناوی فرە کردنی بەرهەمدا ، وە بو بەرەوپیش بردنی ولات و دامەزراندنی پیشەسازی سەنگین ، کە بەردی بناغەی پیشکەوتن و هەنگاو نانە لە کایەکانی ئابوری و کومەلایەتی و سیاسی دا .

وە هەروەها باسی پیویستی بوون و ریکخستنی نەقابی کرد .

★ خوشکە نەسرین محی الدین وتاری ئافرەتە کریکارەکانی کارگەی خویندەوە ، کە تیا باسی دەرسەکانی ئەم روژەی کرد بە تیبینی کریکارانی کوردستانەوە کە گرنگ ترینیان هەستی چینایەتی کریکارانی کوردستان و هاوبەشی کردنیانە لە خەباتی شورشگیرانەی کریکاراندا .

★ ئینجا هەڤال فاتیح بەرزنجی وتاری کریکارانی کارگەی پوختە کردنی توتنی خویندەوە .

★ سەرەرای ئەمانە ، لە ئاهەنگەکەدا گەلی سروودی شورشگیرانەو شیعری شورشگیرانە خویندرایەوە بەم بونەیەوە لەوانە شیعریکی کاك جەمال شارباژیری کە لە بالی ئەو برادەریکی تر خویندیەوە .

★ دوای تەواوبوونی کوبوونەوەکە هەر کریکارە گەرایەوە سەر ئیشەکەی خوی .



# فەرهەنگی فەلسەفی

## نە تـــەوە

لە لاپەرە ٢٠٤ ی ـ فەرهەنگی فەلسەفی ـ یەوە وەرگیراوە کـــە سالی ١٩٦٧ بە ئینگلیزی لە موسکو چاپ کراوە

وەرگیرانی : دلیر

نەلەوە پیك هاتووە لـــە کومەلیکی میژوویی کە پیش هەموو شتیك بە عەواملی ماددی ژیان جیا ئەکریتەوە و ئەناسـریت وەك ، زەوی ، ژیانی ئابوری ، زمـــان ، جونایەتی پیکهاتنی دەرو،ن، لەگەل مومەیزاتی نەتەوایەتی دیاری کراو کە لە سەقافەی تایبەتی ئەو نەتەوەیە وە هەل قولیون .

نەتەوە فراوانترینـــن شیوەی کومەلی مروڤایەتی، کە لە گەل قوناغی سەرمایـە داریدا هاتوتە کایەوە ،نەمانی دەوری ـ پارچە پارچە .. یی دەرەبەگایەتی، وە پتەو بوونی پەیوەندی لە نیوان ناوچەکانی وولاتیکا ، لە گەل گورانـــی بازاری ناوچەیی بو بـازاری فراوانی نەتەوەیی ، هـــوی خەملاندنی نەتەوە بـوون . بورجوازی هیزی پیشرەوی نەتەوەبوو کە کاری تایبەتـی خوی کردە سەر مەجالـــی ئـــابوری و سیاســـی و رووحی . .

لەگەل پیشکەوتنـــی نەتەوایەتی بورجوازیدا هوی نەمانی ئەم نەتەوایەتی یـــە بورجوازی یە ، لە ناوەروکی ئەو پیشکەوتنەدا تونـد و تیژ تر ئەبوو . ئەم هـــو دژوارانە لە نیوان چینەکانی

نەتەوەیەکدا پتر دەر ئەکەوت و ئاشکرا ئەبوون .

بورجوازی هەولـــــی داپوشینی ئەم ناکوکیەی ئەدا و ئەیویســـت دوژمنایەتی کردنی نەتەوایەتی راماليت .


بورجوازی بیری نەتەوایەتی و خوپەرستی نەتەوایەتـــی ئەپاریزیت ، ناکوکی و کینەی نیوان نەتەوەکان و شـــەری نەتەوایەتی بەهەمی سروشتی رژیمی سەرمایە داری یە ، بە پیچەوانەی ئەم نەتەوایەتی یە بورجوازی یە وە ، پرولیتاریا ئایدولوجی و سیاسەتـــی ئومەمیەتی پرولیتـــاری دائەریژیت و بەرەو پیشـــەوە ئەی بات، بە فەوتاندنی رژیمی سەرمایەداری ، مەسەلـەی نەتەوایەتی لە بنچینـــەوە ئەگوری بو نەتەوایەتی نوی ی سوشیالیستی ، بە پشتـــی چینی کارگەر و جوتیـــارە کارگەرەکان بناغەی چینایەتی بو پیك ئەهینن .

نەتەوایەتی سوشیالیستی ناکوکی چینایەتی تیادا نی یە ، باشماوەکانی بی براویی کون نامینیت وە دوستایەتی لـــە ناو خەلکیدا دیتەدی و پەرە ئەسینیت .

نە هیشتنی ئازادانـــی نەتەوایەتی ، دامەزراندنی یەکسانی لە ناو خـەلکیدا ، هاریکاری و چارەسەرکردنی دوا کەوتنی ئـــابوری و سەقـــافی یان ، لـــە پیویستی یەکانی گەشـــە کردنی نەتەوایەتـــی سوشیالیستی یە . لـــە یەکیتی سوڤیت دا ، لـــە کومەلی سوشیالیستیدا لـــە لایەکەوە نەتەوایەتی پیشـــر ئەکەویت و پەرە ئەسینیت ، لە لایەکی کەوە نەتەوەکـان لەیەك نزیك ئەبنەوە .

لە دوا روژا کاتی کـــە کومونیزم بـــە تـــەواوی سەرئەکەویت ، تیکرا لیـك نزیك بوونەوەی نەتەوەکـان وردە وردە جیـــاوازی و ئیمتیازاتی نەتەوایەتی نـــەهیلی ، بەمە شویەیەکـــی نوی ی کومەلایەتی دیتـــە کایە وە کە مروڤایەتـــی تیایدا ئەبن بەیەك خیزان وە کومـــەلی کومیـــونیسی بی گەیشتوو دیتە کایەوە .

بی گومان ئەمە ریگەیەکی زور دوور و دریژی میژوویی کومەلایەتی لەســـەرە ، وە ماوەیەکی زوری ئەویت پاش بەدی هینانی چوون یـەکی ی کومەلایەتی .




## جوتیاران له گێژاوی باری ئیستای کوردستاندا

یاسای ئیسلاحی کشتوکال به هه‌موو کەم و کووری و ناتەواوی‌یەکی‌یەوە، وە سەرەرای هەموو ئەو رەخنانەی لی ئەگیرا بەیەکی له دەستکەوتە گەورەکانی گەل ئەژمیردرا له شورشی ١٤ ی تەمموزدا.

شورشی ١٤ تەمموز هەر چەندە له سەرەتادا بە گەرمی کەوتە جی‌بەجی کردن و خستنە کاری یاساکەوە، بەلام بەهوی ئەوەوە کە هیشتا نفووزی دەستەلاتی چینە دەستەلاتدارەکانی سەردەمی پاشایەتی لەناو دام و دەزگای حوکما مابوو، وە سروشتی حوکم و پیکهاتنی لە رووی چینایەتی‌یەوە گورنیکی ئەوتوی بە سەرانەهات وە گەلی هوی‌تر، یاسای ئیسلاحی کشتوکال ئەو بەرهەمەی نەدا بە دەستەوە کە لی‌ی چاوەروان ئەکرا.

یاسای ئیسلاحی کشتوکال .. خصائص و ممیزاتی تایبەتی رژیمی دەرەبەگایەتی کومەلی کوردو وەزعی جوغرافی کوردستانی به چاکی رەچاو نەکردبوو، لەبەر ئەوە گەلی کەم و کورتی و ناتەواوی ئاشکراو دیاری تیابوو .. لەگەل ئەمانەشدا هەموو جوتیاران له کوردستاندا خەباتیکی سەختیان کرد بو جی‌بەجی کردنی یاساکە و هیچ نەبی بو کەلك وەرگرتن لەو دەستکەوتانەی یاسای ئیسلاحی زراعی پیشکەشی کردوون.

بەلام ئەوەندەی نەخایاند. دەرەبەگەکانی کوردستان سەریان هەلدایەوە، وەکوو ماریکی بریندار کەوتنەوە ئازاردان و سزادانی ئەو جوتیارانەی کە بەدەنگ یاسای ئیسلاحی زراعی‌یەوە چووبوون و خەباتیان کردبوو بو جی‌بەجی کردنی.

ئەوی راستی بی یاسای ئیسلاحی زراعی ئەو بەلنانەی دابووی بە جوتیاران وە ئەو هەقەی پی‌ی رەوا دی‌بوون، شتیکی وای بو نەکردن .. سەرباری ئەمانەش هەموی بە هوی هەلگیرسانی شورشی کوردەوە سالی ١٩٦١ حکومەتی شورش هەموو ئەو امتیازاتەی له ئلغا دەرەبەگەکانی کوردستانی سەندبووەوە جاریکی تر قاسم به زیادەوە پی‌ی بەخشینەوە، بە نیازی ئەوەی کە سوودیان لی وەربگرن بو بەربەست کردنی خەباتی شورشگیرانەی کومەلانی خەلکی کوردستان.

جا لەو کاتەوە تا ئیستا جوتیارانی کوردستان لە وەزعیکی ئالەبارو ناخوشدان بە تایبەتی لەو کاتەوە کە دام و دەزگای رەشی مەلا بەرزانی و چەتە چەکدارەکانی شورشەکەی کوردیان دزی و دەستیان گرت بەسەر هەندی ناوچەی کوردستاندا.

یاسای ئیسلاحی زراعی بەم بونەیەوە تا رادەیەکی زور لەکارخرا وە جگە لەمەش دەرەبەگەکان له هەموو لایەکەوە دەستەلاتی سیاسی و کومەلایەتی‌یان گرتەوە دەست. دەرەبەگەکان کەوتنەوە ئازاردانی جوتیاران وە مەلا بارزانیش بەنیازی ئەوەی کە گوبا رایان بکشی بەلای شورشی کوردا، لە زور ناوچەدا ئەو زەوی و زارانەی کە کاتی خوی نوری سەعید دابووی بە جوتیاران یا ئیسلاحی زراعی به سەریاندا دابەشی کردبوو ئەم لی‌ی زەوت کردنەوە و بەخشی‌یەوە بە ئاغاو دەرەبەگەکان، وە سەرەرای ئەمەش چەك و پارەو دەستەلات و ... تاد. هەموو شتیکی تری دانی.

جا جوتیاری کورد لەم وەزعەدا لە هەموو کەسیکی کە زیاتر زەرەرمەند بووە، خزمەتی گشتی بە تەواوەتی لە لادیکاندا نەما، بە دریژایی چەند سالیك نە قوتابخانە، نە خەستەخانە و داوو دەرمان، کە خوی لە کاتی خویشیا کەم و کورت بوون هەر بە جاری لە لادیکاندا نەمان. جوتیاریکی ناوچەیەکی شاخاوی کە

دەولەت نە ریگەو بانی بو دروست کردوە بەروبومی کشتوکالەکەی بگەیێنیتە بازاری شار ، وەنە کومەلی جوتیاری یان هەیە بە کەلکی بێ ، دەولەت نە قوتابخانەی بو منالەکانی کردوتەوە تا فیری خویندن بین ، وە نە خەستەخانەو داوودەرمانی بو دانا‌وە لە نەخوشی رزگاریان بکات ، وە نە دەستگیرویی ئەکات لە کشتوکالا بە پارەی قەرز ، یا بە ماکینە ، یا بە تو ... جوتیاریکی وا کە دەولەت نە رووی ئابوری‌یەوە هیچی بو نەکردوە ، وە تەنانەت ناتوانی مال‌و گیانیشی بپاریزی چون دلسوز ئەبی بەرامبەر بە دەستەلاتی دەولەت ؟ بی گومان جوتیاریکی کورد لە وەزعیکی وەهادا هیچ بە تەنگ ئەوەوە نایەت کە دەستەلاتی دەولەت بیی یا نەبی چونکە هیچی لی قازانج نەکردوە ئەگەر زەرەرو ئازاردانی لە دەس نەدی بی

جا ئیمە لە ژمارەکانی داهاتوومان‌دا بارەیەوە بە دریژی ئەدوین ،رەخنەکانمان لە قانونی ئیسلاحی زراعی . یاس کردنی خصائص و ممیزاتی تایبەتی رژیمی دەرەبەگایەتی کومەلی کوردو باری جوغرافی کوردستان ، چونیەتی چارەسەر کردنی مەسەلەی جوتیاران لە کوردستان دا ، وە ریگەی مالینەوەی پاشماوەی رژیمی دەرەبەگایەتی‌و بەدەس هینانی مافەکانی جوتیاران ، ئەمانە ئەخەینە مناقشەو بیلەبازی یەوە ، هیوادارین کە جوتیاران خویشیان بەشداری‌مان لەگەلا بکەن .

— وەرزیر —

لە ژمارەکانی داهاتوودا
چاوەروانی ئەمانە بن :

✶ پاییز ... شیعری دیلان
✶ ئەبی میژووی نەیەوایەتی‌مان چون بنوسینەوە ؟..
✶ بوچی چینی بورژوازی کورد ناتوانی سەرکردایەتی جولانەوەی کوردایەتی بکا ؟..
✶ کوردایەتی و چینایەتی
★ چونیەتی ئیشکردنمان لە لادیکانی کوردستاندا ..
✶ بانکی کشتوکال ئیستا لە خزمەتی کام چینی کومەلایەتی دایە ... وە چونەوای ئی دی بکەویتە خزمەتی هەژارانی لادی وە ..



# گفتوگوی رزگاری لەگەل ماموستا



## حیلمی شەریف لە بابەت باری ئیستای روژهەلاتی ناوەراستەوە

روژهەلاتی ناوەراست ئەمرو بوتە یەکیک لە ناوەندەکانی پیکدادانی خەباتی شورشگیرانەی گەلانی ناوچەکەو جموجولی ئیمپریالیزمو سەهیونیەتو کونەپەرستی ، وەنوینەری ئەم دوو هیزە هەردوکی ئەمرو لە کوردستاندا لە هەموو کاتیکی کە ئاشکراترو وە چاکتر بەدی ئەکریت ، بزوتنەوەی شورشگیرانەو پیشکەوتوی کومەلانی خەلکی کوردستان بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەک ، وە جولانەوە چەکداری یەکەی مەلا بەرزانی لە لایەکی کەوە . . .
جا بەم بونەیەوە (رزگاری) بە پیویستی زانی کە دیدەنی بکا لە ماموستای تیکوشەر هەڤال حیلمی عەلی شەریف خاوەنی ئیمتیازی ( النور ـ روناکی ) ❀ خەباتکەر بکا . وە لەم رووەوە بکەوێتە گفتوگو لە تەکیا . وا لە خوارەوە وەلامەکەی ماموستا حیلمیتان پیشکەش ئەکەین :ـ

سەبارەت بەوەی روژهەلاتی ناوەراست ناوچەیەکی دەولەمەندو پر بە کانی نەوت و گوگردو خیرو بیری سامانو کشتوکالی بەو جیگایەکی ستراتیژی گرنگیشە بو بزوتنەوەی ئازادی خوازانەی گەلانی ناوچەکەو هەموو گەلانی دونیا هەروەها بو ئیمپریالیستە چاو برسیەکان و نوکەرو هاوپەیمانەکانیشیان ئەمە لایەک وە لە لایەکی ترەوە چەند دەولەتیکی رزگار بووی لە رووی سیاسیەوە تیا هاتونە کایەوە کە راستەوخو کار ئەکەنە سەر بزوتنەوەی ئازادیو رزگاری هینەری گەلانی ئاسیاو ئەفەریقا جگە لەوە کە گەلانی ناوچەکە دەستیان داوەتە خەباتیکی شورشگیری کاریگەر لە پیناوی رزگاری سیاسیو ئابوری تەواو دا لە چنگ ئیمپریالیزمو داوو دەستگا کونەپەرستەکانی ئەم ناوچەیە .

سەرەرای ئەمانەی سەرەوە دوای شەری پینجی حوزەیران کە دەولەتی ئیسرائیل بە هاوکاری راستەوخوی ئەمەریکاو ئەلمانیای روژئاواو بەریتانیا پەلاماری دەولەتە عەرەبیەکانی دەوروپشتی دا بو لەناو بردنی رژیمە رزگار بوەکان لە ئیمپریالیزمو داگیرکردنی ناوچەیەکی تری عەرەب دوای ئەم شەرە ئیتر رابەرینیکی ئاگرین هاتە کایەوەو گیانیکی تازەی شورشگیرانەی کردە بەری مروڤی عەرەبی ئەم ناوچەیەو کومەلانی خەلکی زەحمەتکیشانی عەرەب راستەوخو کەوتنە خەباتیکی شورشگیرانەی خویناوی دژی ئیمپریالیزم وسەهیونیەتو جلەوی ئەم کارەیان گرتە دەست خویانو بزوتنەوەی رزگاری هینەری عەرەبیان رزگار کرد لە بازرگانی کردنی سەرکردە فریودەرەکانی کە بە درو مەسەلەی فەلەستینیان کردبو بە بنیشتە خوشەی ژیر دانیان بە روالەتو بو هەلخەلەتاندنی گەلانی عەرەبو دریژەدان بە حوکمە رزیوەو گەندەلەکانی خویان وە لە ئەنجامی ئەم رابەرینە پیروزە ، بزوتنەوەیەکی پیشمەرگانەی فراوان لەنیو گەلی فەلەستینی عەرەب دا پەیدا بو کە بووە بە هەوینی شورشیکی عەرەبی بو رزگار کردنی هەمو ولاتانی عەرەب نەک هەر لە ئیمپریالیزم و سەهیونیەتی بگرە لە هەمو رژیمو دامودەزگا کونەپەرستەکانی عەرەبیش .

جا لەبەر ئەم هویانەی سەرەوە وەکو ئەلین روژهەلاتی ناوەراست ناوچەی پیکدادانیکی تونیک و بە سامو خویناویە لە نیوان گەلانی ناوچەکەو ئیمپریالیزمو سەهیونیەتو کونەپەرستی دا . . وە لەم خەباتە سەختو ناسکەدا کە هەلسەنگاندنی هوشیاریەکی سیاسی ❀ تەواوی ئەویت هیچ نەبی لە شیوەی تیکەل بون . هاوکاری کردنو بەشدار بوندا ، پارتیمان وەکو پارتیەکی شورشگیری نوینەری قازانجی کومەلانی زەحمەتکیشی کوردستان کە ئیستاو هەمیشە خەباتی گەلی کوردی بە بەشیک لە خەباتی گشتی گەلانی دونیاو هاوغەمان و هاوبەشی خەباتی گەلانی روژهەلاتی ناوەراست زانیوە سەرکەوتنی خەباتی گەلانی عەرەب دژی ئیمپریالیزمو سەهیونیەتو کونەپەرستی بە سەرکەوتنی خوی و گەلی کورد ئەزانیت . بویە بە کولو دلو بەوپەری توانای خویەوە لەم ریگایەدا بەرەوپیش ئەروات و خەباتی کومەلانی خەلکی کوردستان تیژلەکاتو ئاگری ئەو خەباتە شورشگیریە خوشتر ئەکاتو توندو تول گری ئەدات لەگەل خەباتی شورشگیرانەی گەلانی عەرەبدا لە پیناوی بەدی هینانی ئەو ئامانجانەی لەسەرەوە باسمان کرد .

ئەوی راست بیت بەشی هەرە گرنگی پارتیمان لە هاوکاری کردنی خەباتی گەلانی روژهەلاتی ناوەراست دا وە بە تایبەتی هی عەرەب روو ئەکاتە ئەو گوشەیە کە ئەیەلین کونەپەرستی خوفروشی کورد مەلا بارزانی بە یارمەتی ئیمپریالیزمو بەیمانی سەنتوو سەهیونیەت و کونەپەرستانی ناوچەکە بە هی عەرەبیشەوە ئەیەلین لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی لە بزوتنەوەی رزگاری هینەری عەرەب بدات و هاوکاری کردنی لەگەل دوژمنانی گەلی کوردا لە کوردستانی ئیراندا بو لیدانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی پیشکەوتوانەی گەلی کورد بو ماوەیەکی زور بچیتەسەر .

جیگای شانازیەو خو هەلکیشانی تیا نیە کە بلیین پارتیمان کە تا رادەیەکی زور ئەمە فەرمانە پیروزەی خوی بردوتە سەر بەلام بو رسواکردنی پیلانە گلاوەکانی بارزانیو بەپوچەل کردنەوەی بزوتنەوە چەتە گەریە بەکری گیراوەکەیو راوەدونانی لە کوردستانی عیراقدا پیویستمان بە هاوکاری گەلانی عەرەب هەیە هەروەها حکومەتی ئیستای عیراق لە جیبەجی کردنی هەقی نەتەوایەتی گەلی کوردو رزگارکردنی جوتیارانی کوردستان لە دەرەبەگایەتی و پاشماوەی رەگوریشەی دەرەبەگایەتی . . ئەمانە جگە لەوەی هەقیکی تەبیعیو رەوای گەلەکەمانە تاقە چەکی کاریگەری دەستی مەلا بارزانیشە کە بە درو دەلەسەوە بو کورد فریودانو هەلخەلەتاندن خوی لە پەنایا شاردوتەوەو نیازە دوژمنانەکەی بەرامبەر کوردو عەرەب خستوتە ژیر سیبەری داوا کردنی هەقی نەتەوایەتی کوردەوە .

هەرچونیک بیت پارتیمان بو رزگار کردنی بزوتنەوەی کوردایەتی پیشکەوتوانە وە بو پاک کردنەوەی کوردستان لە دەسەلاتی نوینەری دەرەبەگایەتیو نوکەری ئیمپریالیزم ویگانەو بو بەجی هینانی بەشی خەباتی شورشگیرانەی خوی لە کاروانی خەباتی پیروزی گەلانی شورشگیری دونیادا پیویستە بەوپەری توانای خویەوە لی بکوشیت بو روشن کردنەوەی ریگای راستی خوی لە هەموو کونجیکی کوردستانا وە بو ئالاندنی جەماوەری کوردستان لە دەوری ئالای شەکاوەی خوی بو هاتنەدی دوا روژیکی وا کە کورد و ( عەرەب لە ) چەوساندنەوەی چینایەتی وە نەتەوایەتی بە تەواوی رزگاریان بیت وە تووی ئیمپریالیزمو چەوساندنەوە و ماکی لە رەگوریشە لە بن هەل بکەنریت .

لە دوا کاتا ئەلیم ئەو سەرکەوتنانەی دوایی پارتیمان لە سەرانسەری کوردستانا بەسەر چەتە بەکری گیراوەکانی مەلا بەرزانیدا وە بە پیرەوە هاتنی کومەلانی جوتیارانو زەحمەتکیشانی تری کوردستانو ئامادەیان بو خەباتو تەقەلادان لە ژیر ئالای پارتیمانا وەلامی پرسیارەکەتانە کە پارتیمان چە دەوریکی بەنرخ و بایەخدار ئەگیریت لەم مەیدانەدا جگە لەوەی کە هەمو درو و دەلەسەو بوختانەکانی هاوکارەکانی مەلا بارزانی لە دەرەوەی ولات بە درو ئەخاتەوە کە دەزگاکانی پروپاگەندەی ئیمپریالیزمو سەهیونیەتو هەل پەرستەکان بوی ئەرازیننەوە .




## لە باسی کادردا

نووسینی : دیمتروف
وەرگیرانی
کاکەمەم بوتانی

هەڤالان ..

باشترین و چاکترین بریارمان تەنها نووسینی سەر کاغەز ئەبیت ، ئەگەر ئەوەندە کەسمان نەبیت کە بتوانن ئەو بریارانە جیبەجی بکەن . بە داخەوە ئەبیت بلیم ، کە مەسەلەی کادر یەکیکە لەو مەسەلە گرنگانەی دووچاری بووین و لەم کونگرەدا چارەیەکی ئەوتومان نەکردووە . بە دریژایی حەوت روژ لە راپوری لیژنەی تەنفیزی کومەیتەی کومەنستی دووایین ، وە زور کەس لە وولات و دەولەتە جیا جیاکان قسەیان کرد . هەندیکی کەمیان نەبیت کە ئەوانیش سەرپیی لە ناو قسەکانیاندا لەم باسە دووان کە ئەوپەڕەوی گرنگییەکی زیندوی هەیە بو پارتیە کومەنستیەکان و جوولانەوەی کریکاری .. کەسی تر لە باسی کادر نەدووا .

پارتیەکان ئاگاداری کردەوەکانیان نابن ، ئەگەر هەست بەوە نەکەن کە تەنها کادرەکانن بریاری هەموو شتیک ئەدەن . وە نازانن لە ژیر تیشکی رووناکی ووتەکانی ستالین کادر پیبگەینن :- « وەکو جوتیار چاودیری دار میوەی باش ئەکات . » وە نازانن کە « پایە بە خەلکی ، نرخ بە کادرەکان بدەن ، وە هەروەها چاودیری ئەو شتانە نەکەن کە بو مەسەلەی هەموو لایەکان سوود بەخشە . »

مەسەلەی کادرەکان نابیت بخریتە پشتگوی ، بە تایبەتی کە هەمیشە لە کوری خەباتدا هەندی کادری بە نرخمان لە دەست ئەچیت .. چونکە ئیمە کومەلیکی زانیاری نین ، بەلکو ئیمە جوولانەوەی خەباتین : هەمیشە لە ریزی پیشەوەتی دەکوشین . وە چاکترین و پیشکەوتوترین و ووشیارترین کادرمان ئەوانەن کە لە ریزی پیشەوە ئەجەنگن ، کە دوژمن داویان بو دائەنیتەوە و دەست بە سەریان ئەکەن و بە توندی لە بەندیخانەیان ئەپەستن و لە ژیر زەبر و زونگی لیداندا ئەیان کوژن . بە تایبەتی لە دەولەتە فاشستیەکاندا . لەمەوە ، بومان دەرئەکەویت کە هەمیشە پیویستە کاردەکانمان پی بگەیشن و پیشیان بخەین وە هەروەها پیویستە ئەو کادرانەی هەمانە بیان پاریزین .

پیویستە مەسەلەی کادر بە گرنگی وەربگرین ، چونکە جولانەوەی بەرەی یەکگرتوو زور فرەوانە ، وە بە هوی ئیمەوە زور ئەبیت و گەشە ئەکات و هەزار .. هەزار خەباتکەرانی پرولیتاری نوی دوروست ئەبیت . جگە لەمە ، شورشگیرانی نویش روو ئەکەنە ریزەکانی پارتیەکانمان . نەک هەر کریکارانی شورشگیری پیگەیشتوو بەس ، بەلکو هەتا ئەو کەسانەش کە تاکو ئیستا لە جولانەوەی سیاسیدا بەشدار نەبوون . وە هەروەها .. زور جار کونە ئەندام و خەباتکەرانی پارتیە سوشیالیستیە دیموکراتیەکان دینە ریزەکانمانەوە .. ئەم کادرە تازانە چاودیریەکی تایبەتیان دەوی ، بە تایبەتی لە ناو ئەو پارتیە کومەنستیانەی کە بە نهینی ئیش ئەکەن ، چونکە ئەو کادرانەی بە تەواوەتی لە بیروباوەری سیاسیدا نەکولان .. زور جار ، لە کاتی ئیش کردن دا توشی تەنگوچەلەمەی سیاسی زور

ترسناك ئەبن ، وە ئەبیت بە تەنیا خویان چارەی بکەن .

مەسەلەی باشترین سیاسەت چیە دەربارەی کادر کە زیندو ترین و گرنگترین مەسەلەیە لە هەموو پارتیەکانماندا ؟ . . چونکە کادر بو ریکخراوانی لاوانی کومەنستیش بەنرخە ، وە هەروەها بو هەموو ریکخراویکی جەماهیری و جولانەوەی کریکارانی شورشگیریش پیویستە .

باشترین سیاسەت دەربارەی کادرەکان لە چیەوە دیت ؟

یەکەم : پیویستە ئەندامەکانی خومان بناسین .

پارتیەکانمان ، وەك بنچینەیەکی گشتی ، هەمیشە لە کاری کادرەکانمان ناکولنەوە . . وە چاودیری هەنگاوەکانیان ناکەن . لەم دووایەدا پارتیە کومەنستەکانی فەرەنساو پولەنداو روژهەلاتی دوور ، پارتی کومەنستی چین . . کەوتنە چاودیری کردنی کادرەکانیان و وورد بونەوە لە ئیش و کاریان ، وە لەم بارەیەوە هەندی سەکەوتنیان وە دەست کەوتووە . وە لە کاتی خویدا ، پیش ئەوەی پارتی کومەنستی ئەلمانیا بکەویتە دەوری نهینی ، کەوتە پشکنینی کاروباری کادرەکانی . لەم تاقی کردنەوانەدا کە پارتیە کومەنستەکان پیهەلسان ، دەرکەوت کە لەو کاتەوە بە پشکنینی کادرەکانیان هەلساون ، دەستیان کردووە بە پاك کردنەوەی ریزەکانیان لە خەلکی بیگانە پەرست و زیان بەخش و دوژمنی — ئایدولوجی و سیاسەتی پارتیەکانیان .

لام وایە ، بەسە ، ئەگەر بو نمونە — سیلور و باربیە — بینمەوە، کە پارتی کومونستی فەرەنسا ئەم دووەی خستە ژیر — تەلیسکوپی . بولشەفیتیەوە بوی دەرکەوت کە هەر دووکیان نوکەری دوژمنی چینایەتین ، لەبەر ئەمە لە ریزی ریکخستن دەرکران. وە چاودیری کردن و پشکنینی کادرەکانی مەجەر و پولەندا ، بووە هوی ئەوەی هەندی لانەی شەر پی فروشتنی دوژمن بلوزریتەوە کە زور بە دانایانە شاردرابونەوە

دووەم : پیویستە بە شیوەیەکی راست کادرەکان پیش بخرین .

ئەو پیشخستن و سەرخستنە ئەبیت هەر لە خووە نەکریت. بەلکو ئەبیت یەکیك بیت لە کارە زانراوە ریکەکانی ئەو پارتیە . ئەگەر پیشخستن لە سەر هەندی هوی پارتایەتی ناوخو بیت و بەس، وە سەرنج لەوە نەدریت کە ئەو کومونستە پەیوەندی چونە بە جەماهیرەوە ، پیشخستنیکی زور ناریك ئەبیت پیشختنی کادرەکان ئەبیت لەسەر ئەو بنچینەیە بیت کە ئایا ئەو تیکوشەرە ئەتوانی ئەم کارە بە ریکوپیکی بەریتە سەر ئایان وا باشترە کاریکی تری بدریتی ؟ وە هەروەها ئەم هەلبژاردنە ئەبیت لەسەر چەسپاندنی خوشەویستی کادرەکە خوی بیت لە دلی خەلکیدا .

پارتیەکانمان لەم بارەیەوە نمونەی باشیان خستە بەردەستمان، وە دەریان خست کە ئەو پیشختنەی لەم دوایەدا کردویانە سودیکی زوری هەبووە . بو نمونە ، لە مەکتەبی سەروکایەتی ئەم کونگرەدا ئافرەتیکی کومونستی ئیسپانی هەیە کە (دولورس) پی ئەلین ، پیش دوو سال لەمەوپیش لە شانەکانی خوارەوە تی دەکوشا ، وە لە یەکەم شەری چینایەتی بەرامبەر دوژمن ، دەری خست کە خەباتکەریکی باش و بەهیزو کولنەدەرە . لە پاشا لە سەکردایەتی پارتی هەلبژیردرا. وە لەم ماوەیەدا دەری خست کە ئەندامیکی زور چالاکو شایەنی ئەو هەلبژاردنە بووە . وە ئەتوانم لە هەندی وولاتی تریشدا ، گەلی نمونەی تری واتان بو بهینمەوە .

لەگەل ئەمەشدا ، زور جار ، هەروا بە شیوەیەکی بەرەلایی ئەندامان پیشخراون لەبەر ئەمە هەمیشە لە هەلبژاردنەکەیان سەرکەوتوو نەبوون . وە لە هەندی جار وا ریك کەوتووە ، هەندی کەس بەرزکراونەتەوەو پیشخراون ، وە جیگای سەرکردایەتیان داگیر کردووە ، کە چەنەبازو رسنە ریکخەر بوون و بەس .ئەمەش زیانی لە مەسەلەکەمان داوە.

سییەم : پیویستە ئیش و کار بە شیوەیەکی ریکوپیك بەسەر کادرەکاندا دابەش بکریت . وە بو ئەوەی سودبەخش بن ئەبیت خوورەوشتی باش لە هەموو تیکوشەریك بلروزینەوە و پیبگەینین ، چونکە کەسیك نییە بی کەموکوری بیت . لەبەر ئەمە ، ئەبیت ئیمە لەگەل خەلکی بەو جورە بجولینەوە کە هەیە ، وە بە پیی توانا ، کەمو کوریەکانی

راست بکەینەوە .

ئەزانین کە لە پارتیەکانماندا نمونەی وا هەیە کە بوخوی هاوار ئەکات وە بومان دەر ئەخات کە ئەم کومونستە لەو جیگایە دانەنراوە کە شایەنیەتی ، وە رەنگ بوو سودیکی زوری لی وەبگیرایا ئەگەر ئەو تیکوشەرە ئیشیکی وای پی بسپاردرایا کە زورتر لەگەل توانای ئەودا بگونجایا .

چوارەم : ئەبیت کادرەکان بە شیوەیەکی باش دابەش بکرین .

پیویستە لە پیش هەموو شتیك ئەو کەسانە لە پلە بنچینەکانی جولانەوە دابنین کە ئەندامی کولنەدەرن ، دوستی خەلکین ، هە لبژیراوی خەلکین . ئەو کەسانە دابنین کە دەست پیش‌کەری ئەکەن‌و جیگای بروان، وە پیویستە لە هەموو ناوچەیەکدا ژمارەیەکی تەواومان لەم خەباتکەرانە هەبیت .

لەدەولەتە سەرمایەدارەکاندا، ناتوانین بە ئاسانی کادر لە جیگایەکەوە بگوازینەوە بو جیگایەکی تر . جگە لەوەی ئەم گواستنەوە یەش توشی هەندی تەنگو چەلەمەی ترمان ئەکات ، وەك ، گرانی ژیان‌و زروفی خیزانی کادرەکە .. هتد . پیویستە ئەم کەندو کوسپانە بخرینە پیش‌چاو و بە ئاسایشانەو رازی بون چارە بکریت . بەلام بەداخەوە زور جار لای ئیمە بەم شیوەیە چارە ناکریت .

پینجەم :پیویستە هەمیشە یاریدەی کادرەکان بدریت . وە ئەم یاریدە دانەش بەری نیشاندان و چاودیریەکی برایانە ئەبیت . کەمو کوری کادرەکە دەربخریت و چارە سەر بکریت ، دەستی یارمەتی بو دریژبکریت . هەمیشە سەری لی بدریت‌و بە شیوەیەکی عەمەلی ئاگاداری بن .

شەشەم : ئەبیت چاودیری و پاریزگاری کادرەکان بکریت .

پیویستە بزانری کە چون لە کاتی خویدا کادرەکان ئەهینرینەوە دواوە و کادری نوی ئەبریتە جیگەی .

کاربەدەستەکانی سەرکردایەتی بەرزی پارتی ، بە تایبەتی پارتیە نهینیەکان ، ئەبیت بزانن چون پاریزگاری کادرەکانیان ئەکەن . وە سیاسەتی راستی پاراستنی کادر ، ئەوەیان ئەخاتە ئەستو کە ئیشوکارەکانیان بە توندی بگرن‌و بە شیوەیەکی ریکوپیك بەریوەی بەرن .

هەندی لە پارتیەکانمان ، وە زوربەی کومونستەکان لایان وایە کە ئەگەر هاتوو بە شیوەیەکی تری رووکەش دەس‌کاری ئەو پارتیانە بکری **کە بە ئاشکرا ئیش ئەکەن ، راستەوخو ئامادە ئەبیت بو ئەوەی بە نهینی ئیش بکات . وە ئەمەش بووە هوی ئەوەی کە زیانیکی زورمان لی بکەویت . چونکە لە سەرەتاوە** دەستمان بە ریکخستنەوەی پارتییەکەمان نەکرد ، هەتا وای لی هات لە کاتی نهینی‌دا وە لە ژیر زەبرو زەنگی کوتەکی دوژمن خومان بو کاری نهینی ئامادە کرد . بیر بکەنەوە بزان پارتی کومەنستی ئەلمانیا چەند زیانی دا تا توانی خوی ریك بخاتەوە بو بە نهینی ئیش‌کردن . وە ئەمەش ئەبیت ببیتە پەند بو ئەو پارتیانەی ئیستا بە ئاشکرا ئیش ئەکەن‌و مەترسی ئەوەیان هەیە سبەینی ئیش بە نهینی بکەن .

تەنها سیاسەتی راستی مەسەلەی کادرە ئەبیتە هوی ئەوەی پارتیەکانمان بتوانن هیزی کادرەکان پیش‌بخەن‌و بە کاری‌بهینن . وە بەمەش ئەتوانی باشترین‌و چالاك ترین خەلکی لەناو جولانەوەی گەورەی جەماهیری هەلینجی . ئەو جولانەوەی هەمیشە نوی ئەبیتەوە .

کەوابوو ، چون کادرەکانمان ئەپیوین ؟

یەکەم : قول ترین دلسوزی بو مەسەلەی چینی کریکارو وەفایی بو پارتیەکەی . ئەم وەفایەش لە شەرو بەندیخانەکان‌و دادگاکان دەر ئەکەویت . ئەو کاتەی کە راستەوخو ، روو بە رووی دوژمن ئەوەستی .

دووەم : بەهیزترین پەیوەندی بە کومەلانی خەلکەوە . ئەمەش مانای ژیانە لە پیناو بەرژەوەندی جەماهیردا ، مانای هەست کردنە بە لیدانی دلی جەماهیرو زانینی نەفسیەت‌و هیوای ئەو جەماهیرە خوی داوای پیشرەوی ئەمانی کردبیت ، وە سەرکردایەتی ئەمانا بە دی کردبیت .وە ئەم بروایەشیان پی نادریت ، هەتا جەماهیر بە چاوی خویان ئەو شتانە نەبینن کە پیویستە لەو سەرکردانەدا هەبیت . وە ئەمەش بە کولنەدان‌و گیان فیدا کردنی ریگای خەبات ئەبیت .

سییەم : توواناى مروڤ بو دوزینەوەی ریگای خوی بە تەنیا لە هەموو کاتیکدا .

وە نابیت لە سزای بریارە هەلەکانیشی بترسیت . چونکە ئەوەی لە مەسئولیەت بترسي سەرکردایەتی پی ناکریت . وە ئەوەی گیانی دەست پیشکەری تیدا نەبیت بو سەرکزدەیی دەست نادات . ئەوەی بلیت وو بەس ئەو کارە ئەکەم کە داوام لی ئەکەن . بولشەفی نی یە .

سەرکردەی بولشەفی راست ، ئەو کەسەیە کە لە کاتی کەوتنا ورە بەر نادات ، وە لەکاتی سەرکەوتنا لووتی بەرز نابیت ئەو کەسەیە کە بە بڕواو هیزیکی نەگورە بریارەکانی ژوورەوە جی‌بەجی ئەکات .

لە کاتیکدا کادرەکان خویان ، راستەوخو بەرامبەر چارەسەرکردنی هەندی تەنگوچەلەمەی خەباتی ماددیەتیان ئەوەستن ، وە هەست بە قورسی ئەو کارە ئەکەن کە کەوتوتە ئەستویان زورترو تونتر بەرەو پیشەوە ئەرون ، وە کارەکانیان بە باشترین شیوە سەر ئەخەن .

چوارەم : چاندنی گیانی – زەبتی – پارتایەتی – دیسپلین – وتیژی خەباتی بولشەفی بەرامبەر دوژمن ، وە هەروەها چاو نەپوشین لە هەموو لادانیکی نارێك لە ریبازی بولشەفی .

ئەگەر بمانەوی بە شیوەیەکی راست کادر هەلبژیرین ، پیویستە لە سەرمان هەمیشە پیویستی ئەم مەرجانە دووپات بکەینەوە کە ئەبیت لە کادریکدا هەبیت ، بە تایبەتی لەم ماوەی دواوییەدا ، زور جار وا رووی داوە کە کومونستیکی نووسەرو ئەدیبو قسەزان – بەلام پیاوی ئیش نەبووە ، وە بو خەبات کردن دەستی نەداوە – بەسەر هەڤالیکی کولنەدەرو تیکوشەرو خاوەن گیانی دەست پیشکەرن – تەفزیل – کراوە ، لەبەر ئەوەی قسەی زلی نەزانیوەو نەخویندەوار بووە . سەرەرای ئەوەی ئەو هەڤالە پەیوەندیەکی بەهیزی بە کومەلانی خەلکیەوە بوە . وە ئەو نەخویندەوارە خەلکیکی زوری لە چوار دەوری خوی کوکردوتەوە .

ئایا ئەو هەڤالانە زور کەم نین کە بوونە سەرکردەیەکی جەماهیری دلسوزو سەرکردەیەکی راستی کریکاران ، لە بەر ئەوەی کە تەنها شتی تیئوری زانیوە ، ئەوانەی کە هەر بیریان کردوتەوەو ئیشیان نەکردووە وە خویان لە جەماهیر دور خستوتەوە ؟

کادرە سەرکردەکانمان ئەبیت بزانن کە چون ئەو کارانەی لە سەرشانیانە جی‌بەجی‌ی ئەکەن ، وەرقی بولشەفی‌و خوو رەوشتی شورشگیریەتی لە یەکا کو ئەکەنەوە . وە پیویستە بروایەکی ئەوتویان هەبیت کە بتوانن ئەمانە هەمووی لە کاتی خویدا بخەنە کارەوە .

وەکو زانراوە ، کادر : باشترین دەرس لە کوردی خەباتدا وەر ئەگری . سود لەو هیزە وەرئەگری کە بو لابردنی ئەو کوسپانەی بەکار ئەهینی کە دوو چاری ئەبیت وە ئەمەش بە هوی ئەو تاقی کردنەوانە ئەبیت کە لە کاتی زال بونو ژیر کەوتنا توشی دیت سەدەها نمونەی وامان هەیە ، هەزارەها پالەوانمان هەیە کە لە مان‌گرتن‌و خونیشان‌دان دا نەبەزانە ئەوەستی ، وە لە بەندیخانەکان‌و دادگاکاندا سەربەرز دەرئەچیت بەلام بە داخەوە ، هەندی جاری واش هەبووە کە ئەندامەکانمان ترساون‌و دایان کردوتەوە ، بەلکو جاری واش هەبووە بە یەکجاری روخاوەو کولی داوە .

زور جار ، لە کاتی بەخیوکردن‌و پیگەیاندنی کادردا ئەم دوو چەشنە لە بیرئەکەین ، وەئەو شتانەیان ناخەینە بەرچاو کە ئەبیت لە سەری برون وە ئەو شتە ناقولایانەی کە پیویستە بخرینە پشت گوی .

پیویستە لە ناوجەرگەی جەنگی چینایەتی خوورەوشتی کومونستەکان‌و کریکارە خەباتکەرەکان شی‌بکەینەوە ، لە کاتی پرسیارو وەلامی پولیس ، لە ناو بەندیخانەکان .. لە بارەگاکانی بەند کردن ، وە هەروەها لە مەحاکەمەکاندا .. کردەوەی باشي کادرەکان بدوزینەوە . وە ئەنجا ئەو کادرانە کو بکەینەوە و ریکیان بخەین ئەو نمونانەی شایەنی باس دەریان بخەین ، وە ئەوانەی کە روویان هەلیناوە ..بولشەفی نی‌یە ، کردەوەی پیتی بورژوازی یە .. بە چاویکی نزم سەیریان بکەین . لە محاکەمەکانی – لایبزگ – زور قسەی جوان دەربارەی کومونستەکان ئەگیرنەوە ، کە چاو نەترسیان بەرامبەر دادگای بورژوازی‌و فاشستی نیشان داوە . وە بو هەموو لایەکیان دەرخست کە کادرەکانمان زور باش

chalakmuhamad@gmail.com

ئەزانن ، مانای وەستانی بولشەفی بەرامبەر دادگای دوژمن چی ئەگەبنی .

بەلام ئەی نووینەرانی ئەم کونگرەیە ، چەند لە ئیرە ، هەموو شتیك دەربارەی موحاکەمەکردنی کریکارەکانی ئیستگەی شەمەنەفەری رزمانز ئەزانن ؟ دەربارەی موحاکەمە کردنی – فیبت شیلتر – ئەزانن کە ئەمانە فاشستەکان سەریان بری ؟.. وە هەروەها موحاکەمە کردنی هەڤالانی ئازای یابان – ئیتاکافا – و سەربازە شورشگیرەکانی بولگاریا ... وگەلی نمونەی تر ، کە جوانترین پالەوانیەتی پرولیتاریان نیشان دا . ئەبیت ئەم نمونە پر شانازیانە بو ئەوانە دەربخەین کە توشی سل کردنەوەی بورژوازیانە ئەبن . ئەوانەی کە روو هەل ئەهینن و شل ئەبن و خەریکن ورە بەر بدەن .. وە پیویستە سودی تەواو لەم نمونانە وەربگرین بو پیکەیاندنی کادرەکانی جولانەوەی کریکاری .

زوربەی سەرکردەکانی پارتیەکانمان هاواریانە لە بەر ئەوەی کە گوایا پیاوی ئەوتویان نی یە بو پروپاگاندە بلاوکردنەوەو کاری روژانەی – روژنامە – بە ریوەبەرن و لەناو – نەقابەکاندا – ئیشی بکەن ، لە ریزی لاوان و ئافرەتاندا هەلبسورین . وە هەمیشەلە هەمووکات و جیگایەکدا پیویستیان بە خەلکیەو هەرهاواری بی کەسی ئەکەن بو بەبەرچ دانەوەی ئەم هەموو هاتووهاوارە ، ئەتوانین ووتەکانی – لینین – دووپات بکەینەوە کە هەمیشە ووتەیە؟ ی نوبن . – راستە ، تاکە چەندکەسیك نی یە ، بەلام کومەلەها مروڤ هەن ، خەلکیکی زور هەیە ، چونکە لەناو چینی کریکار و هەمە چەشنەکانی تردا ، هەموو سالیك ژمارەیەکی زور لەوانە پەیدا ئەبن کە رقیان لە کردەوەکانی دوژمن هەلئەستی و ئامادەن روو بە رووی کردەوە ناریکەکانی بووەستن ، کەچی ئەوا ; ئەومیشکەی بتوانی کاری فرەوان ریك بخات . ئەشتوانی هەموو هیزیك بەکار بهینی بو سودی خوی چەند بی نرخیش بیت (1) .

پارتیەکانمان ئەبیت ئەم ووتانەی لەنین لە گوی بکرن ; وە لە ناو ریزەکانیاندا بلاوی بکەنەوە و بە کاری بهینن بو ئەوەی ببیتە ری نیشاندەری کاری روژانەیان . هەمیشە خەلکیکی زور لە ناو ریکخراوەکانماندا و لە هەمە جورە ریکخراوە جەماهیرە کریکارەکان و نووینەرانی بەرەی یەکگرتو هەیە ، هیچیان نەماوە تەنها دوزینەوەیان نەبیت ، ئەوبش لە کاتی مانگرتن و خونیشانداندا بەدەر ئەکەوبیت . پیویستە لە سەرمان بارێدەی ئەو چەشنە کەسانە بدەین ، بوچاك کردنی ئیش و خەباتیان و پیشکەوتنیان . ئەبیت بە چەشنیك ئامادەیان بکەین کە وایان لی بیت سود بەخش بن بو مەسەلەی کریکاران .

ئیمەی کومونست مروڤی ئیشوکارین ، تیکوشانی دژ بە پەلاماردانی سەرمایەداری و فاشستیەت و ترسانی شەری ئیمپریالیزمی ئەکەوێتە ئەستوی ئیمە . ئیمەین خەبات ئەکەین بو هەلگیرانەوەو لەناوبردنی رژیمی سەرمایەداری . ئەم هەموو کارە گرنگە عەمەلیانە .. بی کەموکورتی ، والە کادرە کومونستەکان ئەکات کەخویان بە تیئوری شورشگیری چەکدار بکەن . چونکە ئەم ریبازەیە ئەبیتە هیزی جیبەجی کردنی تیئوری پیشکەوتن و . وە ئەمیش ئاشکرا کردن و دوزینەوەو بروای ئیشە . بروایە بە زال بون و سەرکەوتنی مەسەلەکەمان . ستالین کە ماموستای گرنگی شورشگیریە ، ئەوەمان فیر ئەکات .

تیئوری شورشگیری تەواو دوژمنی هەموو خووبکی نالەبارو گالتەو گەپیکی ئەزوکە . لەنین زور جار ئەیووت و ئەیووتەوە کە – تیئوریەکەمان بروایەکی ووشك نی یە .. بەلکو ری نیشاندەری ئیشە . – وە هەر ئەم تیئوریەشە کە کاردەکانمان پیویستیان پی یەتی . وە ئەمەش ، وەك خواردن و ئاوو هەوا هەر ئەبیت ببیت .

ئەوەی لە دلەوە ئەیەویت کادرەکانمان لە شیوەی ووشکی کوژینەری بلاوکردنەوەو قوتابخانە زیان بەخشەکان رزگار بکات ، پیویستە بە ئاسنی سور هەلکەراو ئەم شیوە ئالەبارانە وردو خاش بکات ئەمیش ، بە خەباتی عەمەلی سود بەخش ئەبیت

---

(1) لەنین – چی بکەین ؟ – لاپەرە ١٢٧ – چاپی ئەرەبی – نووسەر –

کە شان بە شانی جەماهیر بەرباری ئەکات و سەرکردەی ئەکات . بە هێزێکی سارد نەبووەوە ، لە دوای بوەری و شوێنی ( مارکس – ئینگلز – لەنین – ستالین ) ی سود بەخش و بەهێز ئەرون ، کە هەموو شتێکی پێ ئەکرێت .

وا بزانم زور گرنگە ئەم بارەیەوە رووتان وەرگێرم بو کاری قوتابخانەکانی پارتیمان .. ئابێت ، بە هیچ جورێك ، قوتابخانەکانمان ئەو کەسانە فێر بکەن کە ئازان لاسایی کردنەوە . نەخێر . بەلکو ئەوانەی لەوێدا دەرئەچن ، پێویستە گرنگترین تێکوشەرانی عەمەلی و پێشرەوی مەسەلی چینی کرێکار بن . ئەوانەی لەم قوتابخانانە دەر ئەچن ، نەك هەر ئەو خەباتکەرانەن کە لە ریزی پێشەوە تێ دەکوشن و ئامادەن هەمیشە هەنگاوی سەرکەوتووانە بنێن و خویان بەخت بکەن ، بەلکو ، ئەو کادرانە گەلی دوور بین تر لە کرێکارانی ساکار ، وە لەوانیش شارەزا ترن لەو رێگایەی پێشکەوتنی کرێکارانی تێدایە . بویە پێویستە لە هەموو لقەکانی – ئومەمیەتی کومونستی – بە گرنگی تەماشای مەسەلەی رێکخستنی قوتابخانەی پارتیەکانمان بکەن ، تاکو قوتابخانەکانمان بتوانن خەبات و تێکوشان لە بیروبلوەری کومونستیدا بتوێننەوە .

وەکو بزانم ، ئیشوکاری بنچینەیی قوتابخانەی پارتیەکانمان ئەوەیە کە ئەندامانی پارتی ، ئەندامانی لاوانی کومونستی فێربکەن کە چون لە کاتی خویدا ، شێوەی مارکسی–لەنینی لە هەلویستی مادی ولاتێکدا بەکار ئەهێنن ، وە نەك دژی دوژمن – بە شێوەیەکی گشتی – بەلکو دژی دوژمنێکی دیاری دەستنیشان کراو لەبەر ئەمەیە کە ئەبێت (لینینیزم) فێر بین و بە زیندویی تەماشای بکەین ، وە بە شێوەیەکی شورشگێری سەیری بکەین ، نەك لاسایی بکەینەوە و پێی .. پیت وەری بگرین و جێبەجێی بکەین .

قوتابخانەی پارتیەکانمان بە دوو جور کادر ئامادە ئەکەن .

یەکەم : مێشکی کادرەکان بە تیئوری زانستی رووت پڕ ئەکەن ، وە خویان ماندو دەکەن تاکو کادرەکان زورترین شت لەو زانیاری زانستە ووشکە وەربگرن ، بەو پیاووەی کە گوایا ئەیانەوێ ئەو کادرانە میری نووسینی ئەدەبیات بکەن . بو ئەوەی کە بتوانن باس و خواس بنووسن و بریار بدەن . وە دیارەئەمەش ئەبێتە هوی ئەوەی کادرەکان خویان لە تەنگو چەلەمەی ولاتەکەیان ئەدەن ، وە گایان لە جولانەوەی کرێکاری نیشتمانەکەیان و مێژوو .

رابەرین نەمێنی . وە تەنها سەر پێی نەبێت خویان لە باسی خوورەوشتی پارتی کومونست و تاقی کردنەوەکانیان نەدەن . دیارە ئەو کادرەش بەو شێوە نارێکە پێ ئەگات و بەس .

دووەم : بە شێوەیەکی عەمەلی دەرسی تیئوری زانیاری بە کادرەکان دەدری بو بەهێز بونی نیافەی ( مارکسی – لەنینی ) یان ، فێر ئەکرێت کە چون بتوانی بە تەواوەتی مەسەلە بنچینەییەکانی خەباتی پرولیتاری ولاتەکەی شی بکاتەوە ، بهێنێت ، تاکو بتوانێت بە تەواوەتی وە بەو شێوەیەی پێی باشە ، ببێتە یەخەربکی کرێکاری سەرکەوتوو . وە ببێتە سەرکردەیەکی ئەوتو سەرکردایەتی جەماهیر بکات لە شەری دژ بە دوژمنی چینایەتی .

بە داخەوە ، هەموو ئەو کادرانەی لە قوتابخانەکانمان دەرچون و پێگەیشتن تواناو هێزی خویان دەربخەن . چونکە زوربەیان ووشەو رێگەو زانیاری پەروتك بە شێوەیەکی رووکەش فێربون لە کاتێکدا ، ئێمە پێویستیمان بە رێکخەری تەواو ، سەرکردەی راستی جەماهیر ، بولشەفی راست هەیە ئیمرو ئێمان دەوێت : ئەبێت بە هەر نرخێك هەبێت پەیدای بکەین .

ماویتی

## اعـــلان

تدعو مصلحة سمنت سرجنار الراغبين لاستئجـــار الكازينو الكائن فى دوراسكان سرجنار ـ السوق العصرى ـ لمدة سنتين حسب الشـروط التى يمكن الحصول عليها من شعبة الحسابات بالمصاحبـة مقابل دينار واحد غير قابل للرد . تقدم العطاءات الـى مجلس ادارة المصلحة قبـل نهاية الدوام الرسمى ليـوم السبت المصادف ١ـ٥ـ٩٦٩ مرفقة بتأمينات اولية قدرها ـ ٣٠ ـ ثلاثون دينار نقـدا او صك مصدق من المصرف . وسترفض العطاءات الغيـر مستوفية للشروط .

نورى رشيـد

المدير العام ورئيس مجلـس

الادارة

رزگارى ـ عدد ٣

## اعـــلان

الحاقا باعلاننا ١٢٩٢ فـى ١٥ـ٤ـ١٩٦٩

لعدم ظهور راغب لتعهـد نقل اللوازم المواد الطبية مـن والى رئاسة صحة اللواء خلال المدة المعينة بالاعلان المذكـور اعلاه اجلت المناقصة العلنيـة الى الساعة ١١ زوالية مـن يوم الاثنين الموافـــق ١٢ـ٥ـ١٩٦٩

على الراغبين الحضور لدى مجلس ادارة اللواء فى الموعد المعين مستصحبين معهـم التأمينات القانونية البالغـة ٢٥ دينارا .

العقيد كريم قرەنى

متصرف لواء السليمانية

رزگارى ـ عدد ٣

## اعـــلان

توجد مزايدة علنية لايجار دكاكين بلدية السليمانيـــة المبينة ارقامها ومواقعها ادناه وفق الشروط الخاصة بايجار املاك البلديات .

على الراغبين الحضـــور لدى رئاسة البلدية المذكورة خلال مدة اقصاها ١١ـ٥ـ٦٩ لقبول ضمائمهم مستصحبن معهم التأمينات القانونيـــة وستحال بعهدة راغبيها مـن قبل مجلس ادارة اللواء الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنيـــن الموافق ١٢ـ٥ـ١٩٦٩ .

العقيد كريم قـــرەنى
متصرف لواء السليمانية

| رقم الدكان | الموقـــع |
|---|---|
| ٣٤ | عصرى |
| ٢٠ | خلف البلدية القديمة |
| ٥ | سوق زيوه ر |
| ٦ | سوق زيوه ر |

رزگارى ـ عدد ٣

## مێژوی

# یەزیدیەکان و ئاینی یەزیدی

نوسینی: شاکر فتاح

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

لە ڕاستیشدا ( ئاینی زەردەشتی ) ، لە گەل ئەوەیشدا ، کە لە بنچینەدا بە ئاینی فەرمان ڕەوایی ( میدیا )و( فارس ) دانرابو ، بەلام تووشی گەلێك کارەساتی گرنگ هات ، کە بەهۆی ئەوەوە بە تەنیشت ئەویشەوە ئاینەکانی پێشووی کوردەواری ، وەك ( سوروشت پەرستی ) و ( دووخواپەرستی ) ، دووبارە هاتنەوە کایەوە . لە سەردەمی کوردە ساسانیەکاندا ( ئاینی مانی ) یش هاتە ناوەوە ئیتر لەناو گێژاوی کارەساتی سامناکی ڕۆژگاردا ئەمانە هەموو بە تەنشت یەکەوە لەناو کوردەواریی دا بلاو بونەوە . زوربەی ئاینی زەردەشتی یان لە بیرچوبووەوە . جا هەر لەبەر ئەمەیشە کە زوربەی نوسەرە بیگانەکان بە هەلەدا چوون و نەیانزانیوە کە ئاینی زەردەشتی جیایەو ئەو ئاینە کونانەیش جیاوازن . هەرچی ئاینی زەردەشتی یە لە کونترین ئاینی یەکیتیی خوایە . لە پایەدا وەك هەرسی ئاینە ئاسمانیەکانی تر ، واتا ئاینی ئیسلام و مەسیحی و موسایی وایە . جا قسەی یەزیدی یەکان ڕاستە کە ئەلێن ئیمە ئاینە کەمان لە بنچینەدا زەردەشتی یە . واتا خوا ئەپەرستین و دێو ناپەرستین . ئەوەندە هەبە بیریستە ئاینی یەزیدیی ئیستایان لە یەزنگ بدەن . تا هەرچی بیرو باوەڕی بیگانەی تیایە لێی بکەویتە خوارەوە . هەر تەنیا ئاینە پاکە روونە پیروزەکەی ( زەردەشتی )ی تیا بمینێتەوە کە ئاینیکی خوایی یە ئەوساکەیش کە

وایان لی کرد ، ئیتر کەس ناتوانی گلەیی یان لێ بکات . یاخود توانجیان تێ بگری . ئەگینا ئاینی یەزیدی ، لە شیوەی ئیستای دا کە هەیە لە زور رووەوە ، پیچەوانەی ئاینی زەردەشتی یە .

کەواتە ئاینی یەزیدیی ئیمرو ، بریتی یە لە یاشکەزبونەوە یەك لە ئیسلامەتی ، بو ئاینە کونەکەی باوو باپیریان کە بریتی یە لە زەردەشتی ، بیجگە لەوە لە ئاینەکانی تریشەوە گەلیك بیروباوەری تری تی کەوتوە ، وەك ئاینی ( مانی ) و ( بوراهمنایی ) و ( سوروشت پەرستی ) و ( ئیسلامی ) .

لەگەل ئەمانەیشدا هەمووی ، ( ئاینی یەزیدی ) ئاینکی سەربەخویە . لە شیوەی گشتی ی دا لەو ئاینانە ، لە هەموویان جیاوازە .

### شیخ حسن

ئەم پیاوە یەزیدی یەکان ( شیخ شمس ) شی پی ئەلین . لە نەوەی برازای ( شیخ عدی ) ی گەورەیە(1) لە سالی ( ٥٩١ ) ی کوچی دا لە دایك بوە . پاشان کە خویندنی تەواو کردوە وباوکی مردوە ، لە جی ی ئەو بوە بە شیخی ( دی رەوی عدوی ) . خاوەنی زیرەکی و بلیمەتی یەکی تەواو بوە . زیرنگ و مەندو زورزان بوە . زانا و ویژەوان وهونەرمەندبوە . خاوەنی گەلیك نوسراویش بوە کە دایناون لەسەر زاست و دەرویشکاریی شەش سالیك لە سەریەك چوەتە بەناوەو خەریکی دانانی نوسراویك بوە ، کە ناوی ناوە ( الجلوە لاهل الخلوە ) هەرچی بیروباوەریکی خوی هەبوە تی ی فری داوە ، کە پیچەوانەی ئیسلامەتی یە بەلام ئەو

نوسراوە تائیستایش وونەو نەدوزراوە تەوە . جا ئاینـی یەزیدی ئەم پیاوە دایناوە ،کە لە زور رووەوە لــە ئیسلامەتی و زەردەشتـــی تەواو جیاوازە. بەلام دوستە کانی ( شیخ حسن ) لــەم ئاینەیان بەلاوە خوش بوە ; پەســـەندیان کـــردوە .بارەریان پی هیناوە . پایەی خویشیان ئەمەندە بلنـــدکردبوەوە ، لە زوور پایـەی مروئەوە دایاننابو . «دوایی کردیان بە یەکیـــك لە و حەوت خوایانەی کـــەئەیانپەرستن . ناویان نــا ( دەردائیل ) کە فریشتەیەك بو لەفریشتە کانیـــان ! (٢)

مێژوو نوسەکان ئەمەیان لەسەر ( شیخ حســـن ) بلاو کردوە تەنانەت یەکیکیـــان توانجی تی گرتوە ، گوتویەتی داوای خوایەتی ئەکات !.. ( شیخ حسن ) یش کە خوی بەو . جورە هاتوتە پیشـ چاو کە کومەلیکی زوری لەو دەرویشانە لی کوبوتەوە ،کەباوەری پی ئەهینن ،خوتوکەی پی کەوتوە بو کلاوبازیی !.. ویستویتی ئەو ئاواتی چەند سالەیەی کە لە دلیا بـــو ( بو دامەزراندنەوەی تەختی « اموی » دەست بکات بـــەهینانە دی ) .

ویستویتی هەلگەرانەوەیەکی گەورە بهینیتە گوری. وە لــە ئایین و باوەرو زرنگ کاری ( سیاست ) و هەموو شتیکا چونکە مەبەسی لە دانانـــی (ئاینی یەزیدی ) هەر بـــە دی هینانی ئەم ئاواتە بوە !.

بەلی ( شیخ حسن ) لـــە سەر یکەوە ئەیویســـــت هەلگەرانەوە . یەکی ئاینیی فراوان بەرپـــا بکـــات و ( شیعەیەتی ) لە بنەرەتەوە تیك و مەکـــان بـــدان . هەروەها ئەیویست فەرمان رەوایی بخاتە ژیـــر چنگـــی خویەوە . « لە خاکـــــی ( جزیرە ) ( اموی ) یەکانـــی باپیرانی خوی زینـــــدوو بکاتەوە و بەرە بەرە پەرەیش بە دەسەلاتی خوی بدات»(٣)

بەلام ( شیخ حسن ) ماوەی نەدا بە خوی تا تەواو ئامادە بی . ئارامی نـــەگرت . زوو بیازی خوی ئاشکرا کـــرد . ( بدر الدین لوءلوء ) یش کەخاکی ( موصل ) ی لە ژیـــر چنگا بو ، بە هاریکـــاری ی ( دەستەی شیعە ) کانەوە کە دوژمنیکی خوینینی ( اموی ) یەکان بون ، توانی ی ( شیخ حـــسن ) لە تەکیەکەی موصلیا بگری و پاشان لـــە ناو دژ (قەلا) ی موصل دا بیخنکینی و بزووتنەوەکەی لە بیشکەدا گور بکات . ئەو دەمە سالی ٦٤٤ ی کوچی بو . ( بـــدر الدین لوءلوء ) بەمەیش وازی نەهینا . گەلیك هەلمەتی بردە سەر کەس وکارو پـــــەی رەوانی ( شیخ حسن ) لــە ( لالش ) دا . لە دواهەولەتی دا کە لە ســـــالی ٦٥٢ ی کوچی دابو ، گەلیکی لـــی کوشتن و گەلیکیشی لی گرتن بەدیل . سەد کەســـــی لی کردن بە داردا و ســـەد کەسیشی . لی ســـەربرین . سەروکەکەیشیانی پارچـــە پارچە کرد و بەســـــەر دەرگاکانی موصلـــــەوە پارچەکانی هەلواســـین . گالیشی دا گوری ( شیـــخ عدی ) یان هـــــەلگیرایەوە وئیسکە کانیشـــــیان سوتاند !..

( بدر الـــدین لوءلوء ) ی ئەرمەنی رەگەز و ( شـیعە ) بازی نا ئیسلام ، کە هـــەر لە منـــالی یـــەوە خـــراپ پەروەردە کرابو ; بەم کەتنە گەورانەی کە هیچ درندەیەك ئەوەندە سووکی ی لە دەست نایەت بیکات ، دەرگـــای شەرو کوشـــتار و دوژمنایەتی یەکی حەوت ســـەد ســـالی ی لە نیـــوان یەزیدی یەکان و ئیسلامەکاندا کردوە . کە هاتا کوردەواری ئەمنین ئەو مەرگە ساتانەیان لە بیر ناچیتەوە !

کەس و کـــاری ( شـیخ حسن ) یش لە تاو گیـــانی خویان هەر یەکە بە لایەکـــی کوردستان و جیگایانی تردا بلاوبونەوە .

هەنـــدیکیـــان ئاینـــی یەزیدی یان بلاو کـــردەوە . هەندیکیشیان . هەر بـــەدوای کلاوی بـــابردووەوە بون .. لە ژیر پەردەی ئاینیدابو دەسەلاتداری ی خویـــان خەباتیان ئەکرد . بـــــەلام ئەمەیان بو کەتیـــان سەری نەگرت .

( شیخ حسن ) ئەمـــەندەری رەوەکەی خـــوی بـــە تەراویی دامەزراندبو ، ئەمەحەوت سەد سال پتری بـــە سەردا تیپەریوە ، بەم هەموو کارەســـاتە سامنـــاك و درندانە یشەوە کە بە ســـەر یەزیدی یەکاندا هـــاتوە ، هیچی بە سەر نەهاتوە !..

داخــــەکەم نوبـــــراوەراستەقینەکەی ( الجلـــوە لارباب الخلوە ) مان ناکەویتەبەر دەست . چونکـــە دوور نیە کە لە ناو ئەو هەمـــــوو شەرو کوشتار و تـــالا نـــەدا لەناو برابی . بی گومان پـــر بوە لە بیرو باوەری بەهیز و ئامانجی گەورە گـــەورە . ئەگینا ئەم جورە شورشەی لەناو ئەم کوردانەدا بو بەرپانەئەکرا . کی ئەلی نوسراوانی تریشی نەبوە و لەناو ئـــەو هەلمەت و پەلامارانەدا لەناو نەچوون ؟!..

بڕوانە لاپەڕە ٤٢

---

(١) باوکی ئەم . شیخ حســـن )ە ناوی ( شیخ عدی دووەم )ە ، کـە پێی ئەلین ( شیخ عدی ی کوردی ) . رەنگە ئەم بی کە یەزیدی یە روشن بیرەکانی ( شیخـــــان ) ئەلیـن : « یەزیدی بوە و زەردەشتی یش بوە ; و..کا خوشمان ئەوی « . ئــەك ( شیخ عدی ی یەکەم ) . رەنگە هەر ئەمیش بی کە ( رامیشوع ) ئـــەلی کوردە و زەردەشـی یش .

(٢) بیگانەکان بەلایانەوە وایـــە کە یەزیدی یەکان حەوت خوایـــان هەیە . بەلام لەراستی دا هـــەر خوایەکی تاك وتەنیـــا ئەناسن و حەوت فریشتە کە ئەوخوایـــە دروستی کردون وفەرمانداوریشە بە سەر یاندا .

(٣) ئەمە بە لای هەندی لـــە نوسەرانی عەرەبەوە وایە . بـەلام لە راستی دا ( شیخ حسن ) گیانیکی پاکی بە هیزو هەرەتی کوردایەتی ی بوە ; نەك (امـــوی) خـــوازیی . ئەمەیش لە ( مصحفا رەش ) دا کە بەشیکە لە نوسراوە ئاینی یەکـــەی ئەو بە ئاشکرا دیارە .

## ئەم جیهانە بیشەیە !

هەروا گویم هەل خستبوو بوو ورتە ورتی چەند کەسێکی لەوی لایەوە دانیشتبوون، راز و گلەیی‌ یان لە دەست دنیا و بەدی خەلکەکەی ئەکرد ، یەکێکیان کە تۆزێ بۆزێکی ورگن بوو ، بەوی تریانی وت :

« کورە تو بو بە دەردی خوتەوە دانانیشی؟ خوا دوو پاروو نانی داویتێ خەریکی بە برینی ئەدەی‌ئاو هیشتابونی شیری خاو لە دەست دی و پیپێنتم لە گابەردی ئەحلەمی هەل ئەنەنگوتووە .. لەم خەلکە ئەوەنیین پیاو بەئەنیکیانەوە بیت ، کابرا واتەنی : خوتی بوبدەی بە گوشت ئەلی بە دەردی خوا مرد » .

ئەوی تریان کە هەرزەکاریکی رەقەلە بوو ، دیار بوو رولەی پشتیکی جیاواز بوو لەو پشتەی کە قسە کەرە ورگنەکەی لیا پەروەردە بوو بوو ، بویە زوو بە نورەیی‌یەوە بە رووی هاوریکەی‌دا هەل شاخایەوە ، وتی :

« راستییەکەی هەرگیز من لەو باوەرەدا نەبووم کە بەم جورە بناقاقات چەقبیتە قور و لیتەی خوپەرستی و بە ئەنگەوە هاتنی دەستەوتی تایبەتی‌یەوە ، جا مرالەتیک کە هیندە هوشیار بووبێتەوە هەست بە وە بکا کی دوستت و کی دوژمنیەتی وە رولەکانی خوی بەو جورەی تو گەرەکتە هەل بسەنگینی چ پێویستییەکی بە هەولدانی من و تو هەیە ؟ ئەم ئاپنانەی هاتوونەتە بوون ، ئەم بیر و باوەر و ئایدیولوجیایانەی باهاتوون ، ئەو پیغەمبەرانەی ویستوویانە مروڤایەتی چاک کەن ، ئەو فەیلەسوف و تیکوشەرانەی گوڵی لاویتی خویان بە وەرانی داوە بو چی بووە ..؟ هەمووی بو مروف نەبووە؟ هەمووی بو پیشاندانی ریگەی راست و کاری چاک نەبووە ؟ هەر کاتێک گەلێک گەیشتە ئەو رادەیەی رولەکانی هەر کە هەست بە ئەرک و فرمان و پێویستییەکی بەم سەر ئیشەیەی من و تو نا سەرشانی بکا پێویستی مینی . بەلام گەلیکی هەر لیکەوتوو گەلیکی دیلی هەزار ، گەلیکی ئەقلی ئەخوینەوار ، گەلیکی گیرودەی داوی بەند و باو ... پێویستی بە هوشیار کردنەوە و راپەراندن و هەول و تەقەللا و لی برانی ئیمەمانان هەیە کە ئازاری ویژدان خەریکە بگاتە سەر ئیسکمان » .

هاوری ورگنەکەی ، زور بەوردی گوی‌ی بو ئەم قسانە شل کردبوو ، بەلام وا دیار بوو ئەو هەزاری بە پوولیکی قەلب نەئەکری ، بویە وتی :

« براله ، هەرچی‌یەك کە جەنابت ئەی فەرمووی راستا و بە جێیە .. ئەم فرمانەی تو باسی ئەکەی ، ئەرکی پیغەمبەریك یا فەیلەسوفیکە کە دەس بەرداری هەموو شتیك بێ ، وە ئەمەش لە ئیمە ماتن ناوەشیتەوە چونکە ئیمەمانان دەست بە کلاوەکەی خومانەوە ئەگرین با ئەی‌بات هەروەك باپیرانمان فەرموویانە : کەم بخو و کەم بنیشە ! » .

هەرزەکارە رەقەلەکە وەکوو هەستبریا بیگری بەرزە پی راپەری و بەسەریا ئەرانی :

« خوا حافیز ، من و تو لیرەدا لەم دوو ریانەوە لە یەکتری جیا ئەبینەوە ، چونکە ئیمە مانان وەك ئیوەمانان هەموو جورە ژیانیك بە ژیان نا ئەمیرین وەبا پیرانی ئیمەمانان بە پیچەوانەی باپیرانی ئیوەمانانە وە ووتویانە : کەم بژی و کەل بژی » .

❋ ❋ ❋

## خوزگە!

★ خوزگە شارەوانی سلیمانی هەموو گلوپەکانی بە تەل ئەپیچا بو ئەوەی منالی لاسار کە بە دار لاستیك نیشانەیان لی ئەگرتەوە نەیان توانی‌یایە بیشکینن .

★ خوزگە شارەوانی سلیمانی پاك و خاوینی شەقام و کولانەکانی شاری بە چاکی رانەگرت ، وەنەی ئەهیشت هەندی کولانو ساحە وەکوو سەرە نویکیان لی‌بی ، پری لە شتی پیسو بیتە هیلانەی میشو مەگەز .

★ خوزگە وەکیلەکانی مەسلەحەی موبایعات بە چاکی بە ئەرکی سەرشانی خویان هەل ئەستان لە دابەش کردنی ئەو شەکرو چایەی وەری ئەگرن بەپی‌ی ئەو ریو شوینانەی بویان دانراوە .

★ خوزگە ئەو دووکاندارانەی لە شاران و مووچەی شەکرو چای دانیشتوانی لادی کانیان بەدەستە ؟ هەر بەلادییەکانیان ئەفروشت وە لە شارا ساغیان نەئەکردەوە .

★ خوزگە بانکی کشتوکال وای لی ئەهات بە کردەوە ئەکەوتە خزمەتی هەژارانی لادیو جوتیارانی موحتاجەوە بو ئەوەی دادیان نەکەوتایەتە لای دەولەمەندە سوو خوردو سەلەم کەرو سەوزخورەکانی ناو شار ..

★ خوزگە هەندی لە گورانی بیژەکانی بەشی کوردی ئیستگەی رادیوی بەغدا وەکوو گورانی ئەلبەن شیعرو ئاوزای گورانی یەکەش خویان دایان نەنایە ، قەی ناکا ... با شیعری گورانی یەکەشی خویان دای بنینو بە دەنگی خویشیان بیلین بەلام خوزگە خویان ئاوازیان بو دانەنایە .

★ خوزگە ئەو شاعیرانەی کە شیعری وا هەلئەبەستن پیاوکە ئەی‌خوینیتەوە وا هەست ئەکا تنوك تنوك خویناو لە شیعرەکانیان ئەچوری ئەمەندە شورش گیرانەیە .. رەفتاری خویشیان هیچ نەبی چەند یەکی ئەو شیعرانە شورش گیرانە بوایە .

●



# مەلا ئاوارە

xx

● مەلا ئەحمەدی کوری مەلا محەممەد ئەمینی هەممەوەندە کە بە مەلا ئاوارە ناسراوە یەکی بو لە کادرە شورشگیر و هەلکەوتووەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ..

● مەلا ئاوارە تەمەنی ٣٤ سال بوو کە شەهیدکرا ، لە ئاوایی شەلماش لە ناوچەی سەردەشت لە دایک بوە .

● لە ئیران کە ئاشکرا بوو پەنای هینایە بەر کوردستانی عیراق وە چەند سالیك پیشمەرگە بوو ، تا مەلا بەرزانی تەنگی بەوو بە هەقالەکانی تری هەل چنی لە سەر ئەوەی چالاکی سیاسی‌یان ئەنواند وە ویستی بیان‌دا تەوە دەست دەولەتی کونەپەرستی ئیران .

● لە بەر ئەوە لە گەل هەقالەکانی تریا گەرایەوە ئیران وە دەستیان دایە خەباتی چەکدار دژی رژیمی دیکتاتوری شا ، مەلا ئاوارە بوو بە فەرماندەی پیشمەرگەکانی ناوچەی سەردەشت . لەم ماوەیەدا بە کردەوە بیرو باوەری شورش گیرانەی خوی سەلاند .

● مەلا ئاوارە لە باوەرەدا بوو کە گەلی کورد هەر تەنیا لە ریگەی خەباتی چەکدار ، شورشی دریژ خایەنەوە ، کە لە گوندە وە دەست پی بکا وە جوتیاران هیزی بنچینەیی لە شکری شورش بن و پارتی پیشرەو کە چەکدار بی بە تیوری زانستی وە لە ریگەی گریدانی خەباتی شورش گیرانەی کومەلانی خەلکی کوردستانەوە بە خەباتی شورش گیرانەی گەلانی تری ئیرانەوە .. ئەتوانیت ئامانجە پیروزەکانی بەدەس بینی و رزگاری ببی لە چەوساندنەوەی چینایەتی و ئازار دانی نەتەوایەتی .

● مەلا ئاوارە و هەقالەکانی لەو ماوەیەدا کە لەودیو بوو مەلا بەرزانی و چەتەکانی بە هەموو هیز و توانایەکی خویانەوە شان بە شانی ئەرتەش و ژاندارم و سازمانی ئەمنیەتی ئیران ..

# توتنەوانیاکی ناوچەی سەردەشت

## مەلا ئاوارە

توتنەوانێکـــی هـــەژارم
بێخـانـوو ، بـێ زەویو زارم
بێ پوولو باغو بـزنو مـــەڕ
دوورم لـە خێر ، نزیك لـە شەڕ
منـــدالم رووتو برســـی یە
ژیــانم پــر مـــەترسی یە
قـــــەرزارم ، دەردەدارم
شــەرمندەی خـەلکی دێو شارم
رووم نی یە بچمـــە نێو خـــەلك
بـێ بـەرگ و پێلاو بێ کـەلك
خـەلکی پـێی وایـە تەمبـەلم
بێ کەسبو کـاڕو چـەپەلم !٠
بـەلام چ بکـەم ، چارە ڕەشم
خەرمـانم زۆرەو بـێ بـەشم
هـەر کەگوتیان سـەری سالە
وادەی جـووتو کشتو کالە
خـومو خێزان گـەورەو بچووك
رادەپـەڕین وەکوو هـەلووك
هـەل دەبەزین ، لێرەو لـەوێ
بـەلکو کاریکمان دەس کـەوێ
یـــا قوڕەکـاریو خشت برین
یـــا جووتـەو زەوی هـەل درین

★ ★

وا بـــەهارە ، بـــە دەرکەوت گـول
جێگـــە خوش دەکری بـــو شتل
بـــە گـاسن ، پێمەرە بـە پـاچ
بـــە چنگ و نینوك و بـــە قـاچ

★ ★

ئـەوجا توو شتل پـــێ دەکـری
بە چیلکـەو چـال سەری دەگـری
دوو رۆژ جارێك ئـــاوی دەوێ
تـاشین دەبێو دەر دەکـــەوێ
بژاری چـــەن ناخوشـرو وردە !
پیشـــەی کورو کیژی کـوردە .
شـــەوو رۆژ خـــەو ناچێتە چاو
کـەنگێ بـــەرم دەکەوێ ئـاو ؟٠
زەوییـــەکەم بـــورە دیـر بکەم
نـــەوەك پێش بێن شـەتلەکـــەم
بـە شــیو برین و وەرد و خـــەت
کیـــلان دەگـاتە پێنج کـــەڕەت
دیـــراو هـــەلدان ، خـاکاو کـردن
کـــورۆکێ وە کـــووە کـردن
ناخوشـــە توتن چـــــەقانـدن
هەلترو شکـان ، پشت چەمـانـدن
لـــە ئاوداشتن سستی نـــەکەی
تـــا دەگوڕی ، وشکی نـەکەی
نـــوورەی پشـــکو بژار بـــرە
جـــەرگ بـرە ، بژار پـــرە ٠!
وا نیـــوکول کـــرا ئاو درا
لـــە دوورەوە بـــەرچاو کرا

★ ★

کـــلاو گـــەرگـەری وە دەرکەوت
ئـــەژنوم شکا ، نیوکـم کـەوت
رەبی کـــویر بی و چـــاوی نووسی
بـا زیادم لـەسەر نەنووســـی
دەردی بیـــرادم نـــەگـاتی
نـــە کـەسریم بێو نـەچم داتی

★ ★

---

کەوتبوە داوی چەکدارە
شۆڕش گێرەکانی ئەودیو •

● رۆژی ٩-٤-١٣٤٧ مەلا ئاوارە لەگـەل ٣ پێشمەرگەی ترا کە بـــە نیشیکی تایبەتی لە ئاوایـــی دیوالان بـــوون ، بـە فێل و لـە سەر پیلانی چەنـد خائینیکی نیشتمان فروش گیراون و لە دادگـــای جلدیان بریاری ئیعدامیـــان درا •

● مەلا ئاوارە سەعات ٨ی بەیانی رۆژی ١٠-٥-١٣٤٧ لە گەل مەلا کـــەچـــە و محەمەدی برباجی دا لـــە سەر دەشت ئیعدام کران •

● مەلا ئاوارە لە شیعرا شارەزایی یەکی باشی هەبوو بەتایبەتی شیعری شەعبـــی بە زمانی سادەی جوتیـاران و رەنجبەران ٠٠ وا بـــو نموونە ــ هـــــاوارێ توتنەوانیکی ناوچەی سـەر دەشت ــ تان پیشکەش ئەکەین •

توتن نووس : بو خاتری خودا
روحمی بکه به منی گەدا
مەی سوتینه رەنجی سالم
خاوەنی کوشیك مندالم
ئەو زەوییە ئی چل بووت نییە
مەی نووسە ، ڕەوای هەق نییە
ـ زنجیرەو چوونە پیتەوە
بی پوول چون کەم دەبیتەوە !ـ

ئاغا : توبیو پەروەدگار
روحمی بکه به منی هەژار
بروانە روخساری زەردم
گزەی دەروون ، ئاهی سەردم
ـ بیدەنگ به ئەی گیژی نەفام ،
من کاری خوم کردوە تەمام ...
تازە هەلی وەشینمەوە
بشەری نای کوژینمەوە
من کاربەدەستی دەولەتم
دوژمنی خاك و میللەتم ! ـ
زوری لی بارامەوە
بی پوول جوابی نەدامەوە
نووسی به چل پووتی تەواو
تەپقە به سەری دوا براو
به فیزەوە سواربوو رویی
بو من جیما رەنجەرویی
ئەوجا بارین دەرد و بەلا
بو توتنەوانی بی سەلا

به قەرزوتا ، به دەردی چاو
سیس بووم وەك توتنی بەر هەتاو
بی پوول و پارە ، بی خەرمان ،
بی دکتور و داوو دەرمان
کرم و سلەش ، کەلەو گەزوو
له تووتنی تاین بوون وەکوو
ئەویش وەك من سیس و داماو
چرچ و بی شەفاف و ژاکاو
نەخوشی و هەژاریم بران
کارم زورەو دەردم گران
جوچکە وەچە ، سەر پساندن
بن پەل تەرە داشکاندن
چارداخ و بەن پیوەکردن
وه بەر تاودان وشك کردن
تیلیس و شریت و حەمبالی
خەسار نەکەی ئیو مسقالی
ئەوا داگیراو دانرا
پەتەی بارکردنی درا
خوشی خوشی دلم شادە

خاوەنی قەرز ، بەس خوبادە
توتنەکەم زور جوان و رەندە
بون خوش و باش و پەسەندە
لەو رو و سبەی باری دەکەم
وارید به ناو شاری دەکەم
( دوخانیە ) چاکم لی دەگری
پوولیکی باشم پی دەبری
هەر قەرزیکی به سەرمەوە
دەی دەمەوە به گەرمەوە
جلکو پیلاو ، دەسرە و کلاو
برنج و رون بو چلاو پلاو
هەرچی پیویستە بو مالم
بو خوم و ژن ، بو مندالم
هەمووی دەکرم به هەرزانی
لەچاو سالان به مەرجانی
قەرزدار نیم ، نەفت کرم
چیدی نالیم بەرگ شرم

★ ★

حاجی قادر ، عەلی قەساب
چایی بینن له گەل کەباب
شەو له ئوتیل له سەر فەنەر
دەخوم ، دەنووم ، بەبی خەتەر
به روژ تا شەو بازار پیوان
به فیزەوە قەدەم لیدان
دەگەریم دووکان به دووکان
سەودا دەکەم جلکی بووکان
له دەرزی تاکو پەشمینە
هەرشتی جوان و رەنگینە
نرخ و قیمەتی دەپرسم
توتنم هەیە چاو نەترسم
منالیش تلی تلیانە ....
له مالی خوشی خوشیانە !
باب لەشار دەگەڕیتەوە
هەموو شتیکمان بو دینەوە
دە روژ بەم جورە رابوارد
به قەرز نان و چاییم خوارد
دل پر له ئاهەنگ و خوشم
ئەمرو توتنەکەم دەفروشم
ئاغای رەئیس وە دەر کەوت
نوخەی نورەم وەبەر کەوت
دەفە رده توتن ریز کراو
لەبەر شەوقی هەل نایە چاو
بو دیتن و چا و لی کردن
هەمووی پەرت و بلاو کردن

★ ★

سەرو بنی هەل تەکانن
نیوەیەکی لی وەرانن
منیش لە جێی خۆ هەستاوم
بە بێ زبان ڕاوەستاوم

لە ناکاو هاتە گوێم دەنگی
دای لە جەرگم وەك خەدەنگی
گوتی: لیبەن بەوا گوزار
ئەم ساڵ خراپ ترە لە پار

بە ڕوییکی ترش وتاڵەوە
گوتی نووبکەرە ماڵە
دەپوتت کەسری لە سەرە
بی هینەو بی بینە و بەرە

★ ★

کە گوێم گرت لەم دەنگو سەدا
ڕەق بووم لەوی وەك موقەبا
پاش تاوی تابسان، حەپەسان
بە دەنگیکی پڕ لە ترسان

هاتمە زمان، هاوارم کرد
لیم کو - وە بوون دڕشت و ورد
گوتم هەی داد و هەی هاوار
هەی لە ڕیگەی پە ڕوە ردگار

ئاغای ڕئیس قەرزدارم
نە خوشم، برسیم، هەژارم

★ ★

هیچ نەبی قەرزی ئەمساڵم
قووتی خیزان و منداڵم
بەم دەنی با ئەربابەکەم
هەقی چایی و کەبابەکەم

ڕازی بکەم بی دەمەوە
ڕیسم بیی، بوشار بیمەوە
یا بمگرن، یا بمکوژن
یا کەسریم لە سەر هەلگرن

بم بەخشن بە ڕیگەی خودا
خەرجم نییە بو دادگا

هەل دەلەرزیم، هەل دەجوقام
ئەڕانەی بە سەرما توقام
ئەی بی شەرمی پەردە دراو
ئەی چلمنی پیسی گلاو

بی دەنگ نەبی، بی‌ئابروو
تیت هەل دەدەم بە ئارەزوو

داکورینە: لیرە دەری کەن
ئەلا لیرە، شار بەدەری کەن

★ ★

بەم چەشنە دەریان پەڕاندم
بەرهەمی سالیان فڕاندم
بە دزی خاوەن قەرزو ئەرباب
بی پوولی قاوەچیو کەباب

ملم بو نا بە لارەوە
دەرکەوتم لەناو شارەوە
بە چاوی پڕ لە گریانەوە
بە دلیکی وەك بوریانەوە

هاتمەوە ناو خاوو خیزان
وەك بارانی گەلا ڕیزان
فرمیسکی ڕووتیو هەژاری
لە چاوی گشتمان دەباری

★ ★

دوژمن تاکەی بدەم باجت
دەك وەرگەری تەختو تاجت
ئەی وەرزیران ... ئەی جوتیران،
ئەی توتنەوانی ماڵ ویران

با بە یەك دل و یەك زمان
بە خەباتی شورش گیرمان
تا دووا بشوو هەول دەیین
شەق دەو ڕژیمە هەل بدەین

یەك گرتن هوی سەرکەوتنە
خەبات ڕیگەی دەس کەوتنە
ئەگەر یەك بین و یەکبگرین
لە گەل یەکدا بژین، بمرین

زال دەبین و سەر دەکەوین
بەرز دەبین و ئاوەوین

★ ★

هەول تەقەلای بی ووچان
بی‌ماندوو بوون، بی پشوودان

تاقە ڕیگەی ئازادییە
هینەری ڕوژی شادییە

★ ★

## پاشماوەی میژووی
### یەزیدی یەکان

بەم رەنگە ( ئاینـــــی یەزیدی ) لە ( شیخ حسن ) ەوە دەستی پیکرد . لـــەکوشتنـــی ئەویشـــەوە کاردساتی میژوویی ئـەم ئاینەدەستی پی کرد (٤) .

---

(٤) بە پێی قسەی لە خوا ترس ( ڤامبێنوع ) کە لە سالی (٨٦٥) ی کوچی دا نوســـراوەکەی خـوی نوسیوەتەوە ، ( دیری لالش ) بە دەست مەسیحی یەکانـــەوە بوە . گاورەکان مەرەکانی خویان دابـوە دەست ( مسافر ) ی باوکی ( شیخ عدی ) کە بەخیویان بکات . بـەلام دوای ئەو ؟ ( شیخ عـــدی ) ی کوری دیرەکەیش ومەرەکانی دیرە ی گرت و کوشتن ) !.. گاورەکان داگیرکرد . ســـەرداری مەزلەکان ، ( باتو ) یش لەســـەر لەمە ( شیخ عدی کوری مســافر ) ی گرت و کوشتی !..

لەو دەمەسالی (٦٢٠) ی کوچی بو .. هەرچی ( شیخ عـــدی ی یەکەم ) ە لە ســـالی (٥٥٥) ی کوچی دا مردووە . جــا بەپیی قسەی میژوو نووسی کورد ( محمد امین زکی ) وەنگە لەم ( شیخ عدی ) یەی کە کوژراوە ( شیخ عـــدی ی دووەم ) بی کە باوکی ( شیخ حسن ) ە ئەلا شیخ عدی یەکەم .

---

## اعـــــلان

توجد مزايدة علنيـــة لايجار الدكاكين العـــائدة للبلدية المبين ارقامها ومواقعها أدناه وفق الشروط الخاصـة بايجار املاك البلديات .

على الراغبين الحضـور لدى رئاسة بلدية السليمانية خلال مدة اقصاها انتهـاء الدوام الرسمي ليوم الاحـد الموافق ١١–٥–١٩٦٩ لقبول ضمائمهم مستصحبين معهم التأمينات القانونية وسيجري احالتها النهائية لدى مجلس ادارة اللواء الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنين المـــوافق ١٢–٥–١٩٦٩ .

العقيد
كريم قرەني
متصرف لواء السليمانية

| رقـم الدكـان | الموقـــع |
|---|---|
| ٤٥ | عصري – علافخانه – |
| ٣٢ | عصري – علافخانه – |
| ٣١ | عصري – علافخانه – |
| ٣ | سقاخانه |
| ٣٩ | عرصة سينما كوبزه |
| ٩ | البلدية القديمة |
| ١٩ | خلف البلدية القديمة |

## اعـــــلان

تعلن مصلحة ســـمنت سرجنار عن وجود مناقصـــة سرية لتجهيز ( ٥٠٠٠ ) طـن خمسة الاف طن من حجـر خام الحديد من منطقة اسناوة في قضاء بينجوين بموجـب الشروط الخاصة التي يمكـن الحصول عليها من مديريـة حسابات المصلحة لقاء مبلــغ –/٥ دنانير غير قابل الـرد فعلى الراغبين ممن تتوفر فيهم الشروط المطلوبة تقديـــم عطاءاتهم بظروف مختومـة معنونة الى مجلـــس ادارة المصلحة قبل نهايــة الدوام الرسمي ليوم السبت الموافق ١٠–٥–١٩٦٩ على ان ترفـق العطاءات بتأمينات قدرهـا (–/٢٥٠٠) الفان وخمسمائة دينار نقدا او صك مصدق او كفالة مصرفية بالاضافة الـى شهادة الانتماء الى غرفـــة التجارة وشهادة الاعفاء مـــن ضريبة الدخل – علمـــا ان المصلحة غير ملزمة بقبول اوطا الاسعار .

نوري رشـيد

المدير العام ورئيـس

مجلس الادارة

---

## اعـــلان

تعلن مصلحة ســـمنت سرجنار عن وجود مناقصـــة سرية لتجهيز ( ٦٠٠٠ ) ستة آلاف طن من حجر الجبس من منطقة دربندي بازيان بموجب الشروط الخاصة التي يمكـن الحصول عليها من مديريـــة حسابات المصلحة لقاء مبلـغ –/٣ دنانير غير قابـل للـرد فعلى الراغبين ممن تتوفر فيهم الشروط المطلوبة تقديـــــم عطاءاتهم بظروف مختومـــة معنونة الى مجلس ادارة المصلحة قبل نهاية الدوام الرسمي ليوم السبت الموافق ١٠–٥–١٩٦٩ على ان ترفق العطـــاءات اولية قدرها (–/٢٥٠) دينار نقدا او صك مصدق او كفالة مصرفية بالاضافة الى شهادة الانتماء الى غرفة التجـارة وشهادة الاعفاء من ضريبـــة الدخل .. علما ان المصلحة غير ملزمة بقبول اوطا الاسعار .

نوري رشـيد

المدير العام ورئيس

مجلس الادارة

## پێشنیار !

ئافرەتانی ولاتی ئیمە جگە لەوانەی کە مووچەخورن ، ئەوانی تریان بە درێژایی رۆژو مانگو سال لە چوار دیواری مال خزاون وە هیچ جیگەیەکی ئەوتو نیە بو بەسەربردنی کات رووی تی بکەن ، لە ولاتان ئافرەتو پیاو وەکوو یەك بو هەموو شوێنێك ئەچن بی ئەوەی هیچ شەرم وشورەیی‌یەکی تیا بی ، بەلام لە ولاتی ئیمەدا هەندیکیان هەر لە مالەوە کەوتوونو هەندیکی تریان خەریکی ( قبول ) و جورە میوانداری‌یەکی ناپەسندن .

ئیمە وا پیشنیار ئەکەین کە ئافرەتان بو ئەوەی شوێنیکیان هەبی تیا کوببنەوە وە بو ئەوەی لەم وەزعەی ئیستایان رزگار بین ، هەول بدەن لە هەر شارێ یانەیەك بو خویان پیك بینن ، لەو یانەیەدا شوێنی دانیشتنو کات بەسەربردن ، نامەخانەو هولی کوبونەوەو نواندنی چالاکی هونەری تیا بیت ...

جا نازانین ئافرەتان خویان لەم رووەوە ئەلین چی ..؟

★

## قارەمانی جەنگاوەر ، لای‌هنگ‌کونگ

روژیکیان لای‌هنگ‌کونگ لە گەل هەڤالە پیشمەرگەکانیا .. پاش هەلسان بە هیرش کردنیکی سەرکەوتووانە بو سەر دوژمن ، ئەگەرانەوە بو بنکەکەی خویان ، کتوپڕ تووشیان بوو بە تووشی کەتیبەیەکی هیزە بەکریگیراوەکانەوە هیزی دوژمن سەرەرای ئەوەی کە فروکەو توپ ئەی‌پاراستن ، چوار ئەوەندەی هیزی ئەمان ئەبوون . بەلام لای‌هنگ‌کونگو هەڤالەکانی لە قوربانی‌دان سلیان نەکردەوەو بریاری تەواوی هازینی دوژمنیان دا لە پیناوی بەرگری لی‌کردنی ناوچە رزگارکراوەکانیان .

هەر لە سەرەتاوە شەرەکە زور گەرم . پیشمەرگەکانی لەشکری رزگاری بەوپەری ئازایەتی‌یەوە ، بە سوود وەرگرتن لە دارودرەختو تەپولکەی خول لەو ناوەدا ، توانی‌یان خویان بپاریزنو لە رووی شالاوە یەك لە دوای یەکەکانی دوژمنا راوەستنو بیان شکینن .

لە کوتایی هاتنی شەرەکەدا داوا لە پەلەکەی لای‌هنگ‌کونگ کرا — کە خوی لە پشتی‌یەوە بوو — ریی کشانەوەیان بو خوش بکات بەلام لەپر گولەیەك بەر قاچی هنگ‌کونگ کەوتو بریندار بوو ، سەربازەکانی دوژمن وەك درندە هیرشیان بو هیناو هەولیان دا کە ناچاری خوبەدەستەوەدانی بکەن ، لەم کاتە ناسکەدا لای‌هنگ‌کونگ نارنجوکیکی دەستی بو فری‌دانو هاواری کرد « من پیشمەرگەیەکی لەشکری رزگاریم ، خو بەدەستەوە دان پیشەی ئیمە نی‌یە ، هیچ نازانم جگە لە خەبات کردنو سەرکەوتن نەبیت » . هەر لەم کاتەدا بوو نارنجوکەکە تەقی‌یەوە ، ئینجا بە رەشاشە بچووکەکەی دەستی کرد بە تەقە لی‌کردنیانو کومەلیکی تری لی‌کوشتن ، پاشان کە دوا گوللەی ئاگرێدا رەشاشەکەی تیك‌وپیك شکاند بو ئەوەی نەکەویتە دەست دوژمن ... لەگەل ئەوەشدا تاکە یەکیك لە سەربازە ترسنوکەکانی دوژمن نەیان ویرا توخنی لای‌هنگ‌کونگ بکەونو بەدیل بیگرن لە ترسی گیانی پر لە زاتو پالەوانیتی‌ی ، لە بەر ئەوە هەر لە دوورەوە دەستیان کرد بە گوللە باران کردنی .

بەم جورە هنگ‌کونگ بووە قوربانی‌و ژیانی خوی بەخشی لە پیناوی مەسەلەی رزگاری گەلدا بەلام گیانی بەرزی فیداکارانەی تا هەتایە ئەمینی‌و بزوینەری هەڤالە چەکدارەکانی ئەبیتو هانیان ئەدا بو ئازایەتی نواندنو بەرەو پیشەوە چووندا .

لە گوڤاری

(بناء الصین ) وە گیراوە

# حەقیقەتی پشتگیری کردنی بزوتنەوە بە

# کری گیراوەکەی بارزانی لە لایەن کومیتەی ناوەندی حیزبی شیوعی عیراقەوە .

لە بەر گرنگی ئەو سەر ووتارانەی کە روژنامەی ــ النور ــ تیکوشەر دەربارەی هەلویستی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عیراق ــ کومەلی لیژنەی مەرکەزی ــ نووسی بووی ەوە لەسەر داخوازی گەلیک لە خوینەوارانی گوفارەکەمان وەبو گەیاندنی بیروراکانی پارتی پارتی پیشرەوی خەلکی کوردستان بە کومەلانی خەلکیدا ئە خوارەوە هەندی لەو ووتارانەتان بەکوردی پیشکەش ئەکەین کە لە ژمارەکانی ۱۰۹۶۸ ی نیسانی ۱۹۶۹ ەوە وەرگیراون .

ــ رزگاری ــ

هەلویستە چەوتەکانی حیزبی شیوعی عیراق لە بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کوردو بزوتنەوە چەکداری یەکەی بارزانی ؛ وەلە پارتی دیموکراتی کوردستان و حوکمی ئیستای عیراق ، وە هەموو ئەو مەسەلانەی ئیمرو لەعیراقدا لەکوری باس کردندان و شیواوی و ئاژاوەیەکی تەواوی لە بیری زور کەسانی نیشتمان پەروەردا ناوەتەوە زوربەی زوری ئەو نیشتمان پەروەرانە ــ کە هەندیکیشیان شیوعین و لەریزەکانی حزبی شیوعی عیراقدا ئیش ئەکەن ــ زور بە چاکی بویان روون بووەتەوە کە بارزانی پەیوەندی یەکی گومان لی کراوی هەیە بە ئیمپریالیزم و پەیمانی سەنتووە . وەلەم بارەیەوە روژنامەی (النور) گەلیک بەلگەو ناونیشانی راستەقینەی داوەتە دەستیان . وە خویان دان بەوەدا ئەنین کە لە چونی یەتی بارزانی و نوکەرایەتی کردنی بو ئیمپریالیزم هیچ دوودلنین .. وەتەنها شتیک کە سەری لی تیکدابن ئەوەیە کە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عیراق تا ئیستاش بەردەوامە لە پشتگیری کردنی بارزانی و دانانی بزوتنەوەکەی بە شورشی کورد !! و خوشی بەقارەمانی شورش !! وە تومەتی خیانەت خستنە پال پارتی !! وە ناوبردنی پیشمەرگەکانی پارتی بە بەکری گیراوانی نوی !!

وەئەم نیشتمان پەروەرانە بەو جورە بیر ئەکەنەوە کە چون تاکە حیزبیکی مارکسی لینینی لە عیراقدا ئەو هەلویستە ئەگریت ، دیارە ئەبیت شتیک هەر راست بکات !! وەیا ئەگەر بەهەلەدا چووبیت ئەوا بەلای حیزبیکی مارکسی ــ لینینی یەوە ئیعتراف کردن بەهەلەو رەخنەو رەخنە لەخوگرتن شتیکی سروشتی یەو پیویستە وابیت . بەم جورە ئەم نیشتمان پەروەرانە لەباریکی فیکری ئیجگار ناخوشدا ئەژین . بویە روون کردنەوەی ئەم ریگە چەوتە تاریکە بەچرای بیروباوەری مارکسی ــ لینینی خوی کاریکی گەلیک پیروزە لە پیناوی هوشیار کردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە سیاسەتە چەپرەوی و راسترەوی یەکانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عیراق تووشی سەدان نووچدان و هەلەی گەورە گەورەی کردوون کە گەلیک جار بوونی حیزبەکەشی و بزوتنەوەی نیشتمانی لە عیراقدا بەگشتی خستوتە مەترسی یەوە .

زور دەمیکە پارتی هەلویستە چەوتەکانی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی هەست پی ئەکات بەلام لەبەر هەندی هوی تایبەتی لەوانە هیوا بوونی بەگەرانەوەی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بو ریگەی راست بە تەحدید کردنی سیاسەتی خوی لە بارزانی و بزوتنەوە چەکداری یە بەکری گیراوەکەی و بزوتنەوەی راستەقینەی نەتەوایەتی کورد لەبەر تیشکی بیروباوەری مارکسیزم ــ

لینینزم‌دا ، وەبو ماوە پیدانی کە بە تاقی کردنەوەی کردەوەیی خوی ئەوا راستی‌یانەی بو دەرکەویت ، لەبەر ئەمانە هەمووی ماوەیەك پارتی ئەم مەسەلەیەی خستە پشت گوی بەلام وا دیارە ئەو هیوایەمان هەروا بەخورایی رویشت‌و رابوردووی هەلویستە هەلبازی‌یە نامە بدەلی‌یەکانیانمان لە بیر چووبووەوە کە هەرگیز ئامادەنین لەهەلەی خویان پەشیمان بینەوەو دان بەهەلەکانیانا بنین تا نەچنە بەر دادگاو رانەگیرین لەبەردەم دەزگاکانی تەحقیق‌دا کە ماموستا عزیز الحاج بەراستی ئەمەی درکان‌و ووتی « وەك یەکیك وابووین کە سەری گەرم ئەبیت‌و مل ئەنیت تاسەری نەدا لەبەردو رای نەچلەکینی هوشی نایەتەوە بە رخوی » .

لیرەدا ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە کە هاوبەشی خەباتیکی نیشتمانی بکەین لەرزگار کردنی هەزاران هاونیشتمانی کە سەرکردایەتی‌یەکەی حیزبی شیوعی عیراق تووشی ئاژاوەی فیکری کردوون لەبابەت هەموو مەسەلە سیاسی‌یەکانی ئیمرووە روو بە رووی هەردوو گەلی کوردو عەرەب بوو وەك ، بزوتنەوە چەکداری‌یەکەی مەلا بارزانی .. بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کورد ، مەسەلەی فەلەستین ، بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی عەرەب ، بەرەی نیشتمانی پیشکەوتوو و گەلیکی‌تر لەمەسەلە گرنگەکانی ناوەوەو دەرەوە .

دەربارەی ئەو هەموو تومەتانەی حزبی شیوعی عیراق ( کومیتەی ناوەندی )وە تاقمی ( سەرکردایەتی مەرکەزی ) کە بە گەرم‌تر لەیەکەمیان ئەی دایە پال پارتی‌و کوردایەتی ، وە ئەو پیاهەلدانەی کە بەشان‌وبالی بارزانی‌و بزوتنەوەکەیانا هەل‌ئەدا تەنیا ماموستا عزیز الحاج سکرتیری ( سەرکردایەتی ناوەندی ) ئەکەینە شاهید کە لەهاتنیا بو سەر تەلەفزیون چی ووتووە لەو بارەیەوە .

ئیمەش لەلای خومانەوە بە هەموو جوریك روونمان کردوتەوە کە هیچ پەیوەندی یەك بارزانی‌و چەتە چەکدارەکانی بەبزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی کوردەوە نابەستیتەوە . وە ئەو هەموو تاوانانەی چەتەکانی بارزانی بەرامبەر گیان‌و مالی خەلکی کوردستان‌و دامەزراوە گشتی‌و تایبەتی‌یەکان ئەیکات کاریکی درندانەیەو زور دوورە لە بەرژەوەندی‌یە راستەقینەکانی گەلی کوردمانەوە . بویە ناونانی ئەم تاوانانە،کە بە فرمانی پەیمانی سەنتوی شەراوی ئەکریت ، بەپی‌ی پیلانیکی ئیمپریالیزمی ـ سەهیونی ـ کونەپەرستی ؛ بە شورشی کورد ! وە ناوبردنی بارزانی نوکەر بە سەرکردەی شورش ! دوژمنایەتی کردنیکی بی‌ئەندازەی بزوتنەوەی شورشگیرانەی کوردە .

ئینجا لیرەدا هەر ئەوەندە بەسە بو ئەوەی بینە سەر بیروباوەری مارکسیزم ـ لینینزم‌و بزانین رای چی‌یە لە بزوتنەوەی نیشتمانی‌و بەم پی‌یەش سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عیراق بخەینە بەردەم دادگای مارکسیزم‌ـلینینزم .

ماویتی

لی کولینەوەی ئەدەبی

# هەژاری موکریانی شایەری دەرباری بارزانی

★ هەژاری موکریانی نوینەری قوتابخانەی بیروباوەری کونەپەرستی یە لە ئەدەبی کوردا .

★ ئەیەوی دوژمنانی راستەقینەی کوردایەتی لەگەل‌ئەبکاوئاگری بوغزو کینە بەرامبەر بە گەلانی دوست وهاوخەبات خوش بکا .

★ بیروباوەری ئاگرەوی نەتەوایەتی‌و خوبەزل‌زانین بلاوئـەکاتەوە .

★ لەباتی دەرخستنی دەوری فارەماناەی کومەلانی خەلك ،دەوری سەرکردایەتـــــی عەشایەری‌و پیشەوای مەزن ( ! ) قەبەو گەورەئەکا .

پاشماوەی ژمارەی پیشوو

شەری کوردایەتی لە گەل کێ‌دایە؟ ئاخو عەرەب و تورك و فارس دوژمنی نەتەوەی کورد و داگیرکـــــەری کوردستانن یان نا ؟ وە ئەگەر وانی‌یە کێ کورد و کوردستانی دیـــــل ودابەش کردوە و مافەکـــانی زەوت کردوە ؟ وە ئاخو گەلی کورد لە کام‌ریگەوە سەرکەوتن بە دەست ئەهێنی لە ریگەی دوژمنایەتی کردنی عەرەب‌و فارس وتورکە وە وەیاخود لـــە ریگەی خەباتی پیکەوەی کـــورد ،گەلانی دراوسێ ـ ئاخو هێـــزی بزوینـــــەری میژووی کورد رەدروستکەری بزوتنەوەی کورد فلان سەرکردە یا فیـــارە ســــەروك‌عەشیرەتە ، وە یاخود کومەلانـــی، خەلکی زور لی‌کراو و چینـــــە چەوساوەکانی کوردە؟ وە ئەدەب لەم کیژاوەدا لەبی بلاوکەرەوەی کـــام‌بورە بیروباوەر بی ؟

بزوتنەوەی کوردایەتی ، هەروەکو هەموو جولانەوەیەکی تر ناوەروکیکی چینایەتی هەیە، بزوتنەوەی کومەلانی رەنجدەری تووردە ، هی چینـــــە چەوساوەکانیتی ، هی کریکـــار وجوتیار و رەوشەن بیری شورش‌گیرە؟ هەر بەم پی‌یە بزوتنەوەی کوردایەتی هیزی بەرەی دوژمنان دیاری ئەکا ، و لە شکرەکەی هەل ئەسەنگینی کەکێ‌یە و کێ نی‌یە ، وە لەشـــکری بنچینەیی خویشی ، دوســــت وهاوپەیمانەکانی ئەدوزیتەوە و دیاری لەکا ، جولانەوە و راپەریـــــنە شورش‌گیرەکانی گەلی کورد بـــە دریژایی قوناغەکانی رابورد و بویە سەرکەوتنیکی کاریگەریان بە دەست نەهیناوە ، سەرەرای ئەو هـــەموو رەنج و قوربانی و تەتەلایـــەی بی‌باکانە داویتی ؟چونکە نەی توانی‌یە دوستانی راستەقینە لە دوژمنانـــی راستەقینە بە تەواوەتی جیابکاتەوە تالە گەل دوستانی راستەقینـــە هەلبکری و خەباتی گـــــری‌بدا وەپەلاماری دوژمنانی راستەقینە بدات و لەناوی بەری . جـــا هەژاری موکریانی ئەمروش گەرەکیتی کورد بە هەمان کویرە ریگادا بیـــات وەهەمان بیروباوەری چەوت بـــلاو بکاتەوە لە ریزی کومەلانی خـــەلکی کوردستاندا ، تادوستان و دوژمنانی راستەقینەیان لی لیـــك بچی وجاریکی کە بزوتنەوەی کوردایەتی لە گومی خوین و فرمیسکا نوقـــم‌ببیتەوە بی ئەوەی هیچ ئەنجامیکی ئەوتوی دەستگیر بووبی .

● کوردیکم دەوی چابك و بتەوسەفەریك هەیە بوم بکا بە شـــەو
نەهیلی تورك و عەجەم بزانـــن داگیرکەرانی لە کوردستانـــن

لە هەلبەستی ( نامە بو وارشەو، بەغداد ، ١٩٥٥ . لـ١٨ هەمـــان سەرچاوە

● عەرەب ، تورك و فارس لـــە سەرخاکی تو
سی دزکن لە سەرسینەی چـــاکی‌تو

لە هەلبەستی ( سرود ، سوریا، ١٩٥٦ ) لـ٢٢ هەمان سەرچاوە

● لای تورکە بیوەی کـــەلاکم عەجەم بەربـــونە لولاکـــم
عارەبیش بەشی خوی دەوی قاپیك لیرە قەپیك لـــەوی

لە هەلبەستی ، من و بولبول ، سوریا ، ١٩٥٧ ) لـ٣١،٣٢ هەمانی سەرچاوە

- ● بلێ: کورد لە سەر دنیا مردووەدەمێکە قیامەت لە وان ڕابووە
بێ بەرگ و پێڵاو ، بێنان و بێدوون
تورک و عەجەم و عارەب دەبیان خون

لە هەڵبەستی ( ئەلقین بە کوردی ، سوریا ، ١٩٥٧ ) ل-٤١،
هەمان سەرچاوە

● کوردیش زور جوانن بەڵام ئەسیرین !
لە دەس داگیرکەر بە جوانی پیرن !
گیرودەی دەستی تورک و ئیرانن
لەنگەی داخوازی یاریدە دانن

لە هەڵبەستی ( وەرام بو کچێکی بەرلیەنی ، موسکو ، ١٩٥٩ )ل-٤٣،
هەمان سەرچاوە

کێن دوستە ڕاستەقینەکانی کورد وە کێن دوژمنە ڕاستەقینەکانی ؟ هەژار لە ژیر پەردەی هەندێ بڕوایەی پێشکەوتووانەدا لەبەوی بە هەڵەمان ببا و گومڕامان بکا ، لەژیر پەردەی ستایش کردنی شورەوی و لینین و سەر کەوتنەکانی یەکێتی سوڤیەتدا لەبەوی دوست و هاوپەیمانەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیمان لێبگوری ، دوستەکانمان لێ بکا بە دوژمن و دوژمنەکانمان لێبکا بەدوست وە جوڵانەوەکەمان بە کوێرە ڕێگای ئاگرەوی نەتەوایەتیدا بەرەو هەڵدێری شکان و لەناوچوون پێش بکا .

دوژمنەکانی کورد ، بریتییە لە ئیمپریالیزمی جیهانی ، لە چینە چەوسێنەرەوەکانی کورد – دەرەبەگ و سەرمایەداری خوفروشتوو مووچەخورە گەورەکان – کونەپەرستانی نەتەوەکانی دراوسێ و دوور ، چینە کاربەدەستەکانی نەتەوەی زاڵ ، ئەمانەن کە کورد و کوردستانیان بەم دەردە بردوە ، ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی ، هەژاری و ڕەش و ڕووتیان بەسەردا سەپاندووە ، لە سەروەت وسامانی نیشتمانی خوی و لە ڕەنجی ماندوو ووتی بازووی خویان بێبەش کردوە ، وە ڕێگەی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان گرتووە و مافەکانیان زەوت کردوە ..

بەڵام دوستەکانی کورد ، بریتییە لە چینە ڕەنجدەرەکانی کورد ، لە چینە زەحمەت کێشەکانی کە ، بەچینە زەحمەتکێش و چەوساوەکانی نەتەوەی کاربەدەستیشەوە ، گەلانی ئازادیخواز ، هێزە پێشکەوتوو شورش گێرەکانی جیهان .

جا هەژاری موکریانی بە هەموو هێزی خویەوە ئەیەوی وا لە کورد بگەیەنێ کە عەرەب وتورک وفارس نیشتمانەکەیان دابەش وداگیرکردوە وسەروەت و سامانی بە تاڵان ئەبەن ونایەڵن بگا بە ئامانجە پیروزەکانی ، هەر وەکوو عەرەب وفارس و تورک خویان لە نەعمەتی ئازادی و سەرفرازی و خوشی وئاسوودەیی دا بژین .

هەژاری موکریانی لە دیوانە تازەکەی دا کە گویا بە ناوی ( بو کوردستان )ە وە لە چاپخانەی عیتانی لە بیروت سالی ١٩٦٦ چاپ کردوە ، لە زوربەی هەڵبەستەکانیدا ئەم بیرە چەوتە دووبارە ئەکاتەوە وە بو ئەوەی زیاتر کار لە خوینەرەوەی شیعرەکانی بکات لە هەموو بونەیەک و لە هەموو بابەتێکدا ئەیلێت و ئەیلێتەوە ... جا با چەند نموونەیەکی تر وەربگرین لەدیوانەکەی چونکە کوردواتەنی : مشتی نموونەی خەرواریکە .

● بەڵام ! ئێوا یەکدوساڵە بێ جەژن و ژیانمان تاڵە
......    ......

عەرەب جەژنای خواردنمان بوو داواکاری مردنمان بوو
لەسەر خاکی کوردەواری ڕەش و پاپەتی دایاری

لە هەڵبەستی ( گاوەی سەزن ، کویسنجق ، ١٩٦٣ ) ل-٨٥،٨٦
هەمان سەرچاوە

هیزی دەست و ئەنگسی ئێو هەیبەت و زەبرو زەنگی ئێو
پایەتی لە ترسان مردن جەمعەدەمی لی پر کردن

لە هەمان شوینەوە

● لەسەر زاگروس بگرینی تورک و عەجەمان ببینی
خوبگرن . نورەمە نورە لە کوێتانە کارم زورە

لە هەڵبەستی ( پەلە هەوریک ، بەغدا ، ١٩٥٨ ) ل-٤٩ ، هەمان سەرچاوە

● نوزی ڕاوەستە . لیتر گوی هەڵخە ڕاخە کەولی عەجەم و خوی هەڵخە
نیشتمانم کە ڕوانیم : وا دیلە .. باغی وا خوش بەرەڵاو بێ چیلە
تورکی تور توور تەحا بو بەر پسی لیی دەگەوزن عەرەبی بێ دەرپێ
مشکە تورەن عەجەم و ڕیشە برن خیوی باغ برسیە ئەو تیرو مرن

لە هەڵبەستی ( بەرەو موکریان ، ل-١٠٥،١١٤ ) هەمان سەرچاوە

هەژاری موکریانی بەم جورە لەیەوی بیرورای کونەپەرستانەی شاخینیتە ڕیزی بزوتنەوەی کوردایەتی یەوە ، وە گەڕای بوغز و کینە بەرامبەر بە نەتەوەکانی دوست و هاو خەباتی کورد بچینی ئاگرکێشی و دوژمنایەتی بنەڕەتی نیوان گەلی کوردو ئیمپریالیزم و کونەپەرستی لە بیر کومەڵانی خەڵکدا بباتەوە وجەنگی نیوان نوردایەتی و دوژمنەکانی بە جەنگی نیوان کوردوعەرەب وتورک و فارس پیشان بدا ، ژەهری خوبەزل زانیی نەتەوایەتی وناکرەوی وگوشەگیری بڕژێ ..

جا لیرەدا با وچانی بدەین و ئەوبیروڕایانەی هەژار لە قالبی شیعرا ئەیدا بە گوێی کومەڵانی خەڵکی کوردستاندا بخەینە سەر دەزگای شیکردنەوە و لێدوان کە بوچی ئەبێ بە توندی بچین بە گژ ئەم جورە بیرو ڕایانەدا ، وە مەترسی بڵاوکردنەوەی ئەم بیروڕایانە چی یە بو سەر کوردو جوڵانەوەی شورشگێرانەی .

گەلی کورد ، ماوەیەکی دریژەدروچاری چەوساندنەوە و ئازاردانی نەتەوایەتی بووە ، گەلی چار لێی قەدەغە کراوە زمانی زگماکی خوی بەکار بێنێ ، نووسین و ڕوژنامەو کتیبی هەبێ ، شانازی بە ڕابوردوی پڕ شانازییەوە بکات گەشەبدا بە زمان و سەقافەت لیرەیەکەی ، ئازادی دیموکراتیەی هەبێ .. وە بگرە هەندێ جار وا بووە کەوتوتە ژیر گیروگرفتاری چەوساندنەوە و زور لێ کراوی یەک ئەوتووە کە هیچی کەم تر نەبووە لەجیاوازی ڕەگەزایەتی .. جا ئەم بارە هەڵبەتە لەناو کوردەکاردانەوەیەکی خراپی ئەبێ بەتایبەتی لە ناو ئەوانەدا کە ئاستی هوشیاری سیاسی یان نزمە ، کورد ڕاستەوخو کێ ئەبینی ڕێگەی بەکار هێنانی مافەکانی لێ گرتوە ؛ کێ نایەڵی بە زمانی خوی بخوێنی وبنوسی وبدوی ، کێ نایەڵی گەشە بدا بە سەقافەت ونەتەوەیەکەی... کێ ئاگر بەر ئەداتە خەرمان و کێلگە و شارو گوندەکانی ، کێ ڕولە ئازادیخوازەکانی ئەگری و ئەکوژی ... بێ گومان لە هەموولەمانەدا بەرادەی یەکەم ڕولەکانی نەتەوەی زاڵ وکاربەدەست ئەبینی لەبەر ئەوە بوغز و کینە بەرامبەر بەو نەتەوەیە پەیدا ئەکا ، وە لە نەتەوانە بە تێکڕایی بە مەسئول ئەزانێ کە حوکمیان بەناوەوە ئەکرێ لەو تاوان و خراپیانەدا کە بەرامبەر گەلە بچووک و دیلەکان ئەکرێت . لەمەدا ، چینە چەوسێنەرەوەکان بەرواڵەت چەندچین و تاقمیکی تریش ئەکەن بە هاوبەشی خویان ، کە نە ئەو چین وتاقمانە گەلە بچووک و دیلەکان ئەچەوسێنەوە وە نە گەلەک دەستکەوتێکی ئابووری و کومەڵایەتیشیان لە چەوساندنەوەی ئەو گەلانەدا هەیە . بەڵکو خویشیان لە لایەن ئەو چینە چەوسێنەرەوەکاربەدەستانەوە ئەچەوسێنرێنەوە ، ئازار ئەدرێن کە گەلانی کە ئەچەوسێنەوە ..

گەلانی عەرەب و فارس و تورک کە حوکمیان بە ناوەوە ئەگری بۆخۆیشیان وەکوو کورد هەمیشە لەژێر پەستاری ئازاردان و چەوساندنەوەدا بوون، چونکە خۆیان هەرگیز بەراستی لەسەر حوکم نەبوون و دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوە نەبووە .. هەموو نەتەوەیەک کە چەند چین و تاقمی کۆمەڵایەتی جیاوازی تیابێ، بێگومان چینێک یا هەندێ لەو چینە کۆمەڵایەتییانە حوکمیان بەدەستەوە ئەبێ و زەبرو زەنگی دیکتاتۆری چینایەتی خۆیان بەکار ئەهێنن بەرامبەر بە چینەکانی تری نەتەوەکەی خۆیان وە بەرامبەر بە گەلانەی تر کە دەستیان بەسەریاندا ئەڕوا . دەوڵەت لە کۆمەڵێکی چینداردا دەزگایەکی چینایەتییە ؛ دەزگای بەکار هێنانی دیکتاتۆری چینە کاربەدەستەکانە بۆ دامرکاندنەوەی چینەکانی تری کۆمەڵ ، جا لە کۆمەڵێکا کە دەرەبەگ و سەرمایەداری کاربەدەست بن تیایدا ئەو دەزگایانەی پێکەوەی ئەنێن بەڕێوەبەریوە بردن و دەست بەسەرا گرتنی کۆمەڵ بەشی زۆری لە هەژارانی گەل پێک ئەهێنن ؛ لەشکر و پۆلیس و دەزگای جاسوسی کە گوچانی دەستی دەوڵەتن بە زۆری لە جوتیاران و کرێکاران پێکدێ ؛ بەڵام ئەمانە لەبەر ئەوەی لە خزمەتی ئەو ڕژێمەدان لە چینەکانی خۆیان براون و کاروفەرمانی چینە دەسەڵاتدارەکان بەجێ ئەهێنن وەبە بەشێک لە دەزگای دامرکێنەرەوەی دیکتاتۆری چینە چەوسێنەرەوەکان دائەنرێن ، ئەمانەن دژی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەش ڕەفتار ئەکەن کە خۆیانی لێوە هەڵکەوتوون ؛ لەمانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی گەلدا ، لە کاتی شۆڕش و خەباتی سیاسی کۆمەڵانی خەڵکدا ئەمانە جێبەجێ کەری فەرمانەکانی دەوڵەت ئەبن ... لەبەر ئەبێ بەم پێیە لە سروشتی دەوڵەت بکۆڵینەوە ، مەسئولیەتی نەتەوەیەک دیاری بکا لە چەوساندنەوەی نەتەوەیەکی تردا .

لە ئێران و عیراق و تورکیا هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان وە لە هیچ قوناغ و سەردەمێکا گەلانی فارس و تورک و عەرەب بەراستی لەسەر حوکم نەبوون و دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوە نەبووە تا مەسئولی ئەو تاوان و خراپە و زۆر لێکراوی و ستەمەی دژی کورد کراوە ، بەڵکو ئەوەی کە لەسەر حوکم بووە هەمیشە نوێنەری چینە کۆمەڵایەتییە چەوسێنەرەوەکان ، هی دەرەبەگ و سەرمایەداری کۆمپرادۆر و موچەخۆری بیروکراتی هەموو نەتەوەکان بوون بە هی کوردیشەوە ، کە بە پێی پیلان و ئامۆژگاری و ڕێ و شوێن و یارمەتی ئیمپریالیزم جوولاونەتەوە .

چینە چەوسێنەرەوەکانی فارس و تورک و عەرەب کە حوکمیان بەدەست بوو ، چینە چەوسێنەرەوەکانی کوردیشی بەشدارییان کردوون ، وەکوو دەستەڵاتی ئیمپریالیزم هەڵسوڕاون ؛ هەر بە تەنیا گەلی کوردیان نەچەوساندۆتەوە و ئازار نەداوە ، بەڵکو زۆربەی ڕەگەکانی نەتەوەکانی خۆیشیان چەوساندۆتەوە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ، وەزعی گوزەرانی جوتیاران و کرێکاران و چەوساوەکانی عەرەب و فارس و تورک شتێکی وای جیا نییە لە هی چەوساوەکانی کورد ، هەروەکوو وەزعی دەرەبەگ و سەرمایەدار و موچەخۆرە گەورەکانی کوردیش شتێکی وای کەم نییە لە هی عەرەب و فارس و تورک لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نفوزی سیاسییەوە .

چینە چەوسێنەرەوەکانی نەتەوەی کاربەدەست ، هەروەکوو گەلانی ژێر دەستە و بچووکی بێگانە ئەچەوسێنێتەوە بەزەییشی نایەتەوە بە هەژارانی نەتەوەکەی خۆیدا ! بەڵام هەژاری موکریانی ، هەر وەکوو خۆی ئەم ڕاستییانە ئەشارێتەوە ئەیەوێ لە بیری خەڵکی کوردی بباتەوە وە ئەیەوێ ئەو مەسئولیەتە گەورەیەی ئەکەوێتە ئەستۆی ئیمپریالیزم و چینە چەوسێنەرەوەکانی نەتەوەی کاربەدەست و چینە کۆنەپەرستەکانی کۆمەڵی کورد ، بیهاوێتە ئەستۆی نەتەوەکانی فارس و تورک و عەرەبەوە بەمەش ئاگری بوغز و کینەو دوژمنایەتی نێوان کورد و ئەو نەتەوانە خۆش بکات .

چینە چەوساوەکانی فارس و عەرەب و تورک ، کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێری ئەو نەتەوانە بەهۆی دەرکەوتنی ئابووریانەوە ، وە بەهۆی چەوساندنەوەی چینایەتییەوە کە لە لایەن چینە زۆردارە کاربەدەستەکانی هاونەتەوەی خۆیانەوە ، وە بەهۆی ئەوەوە کە ئیمپریالیزم هەمیشە ویستوویەتی وئەیەوێ بیانچەوسێنێتەوە ؛ هاوپەیمان و هاوخەبات و دۆستی تەبیعی و ئاسایی بزوتنەوەی کوردایەتین . ئامانج و دەستکەوتی موشتەرەکی چینایەتی ، هاو دوژمنی بجولانەوەی کوردایەتی ؛ خەباتی کرێکاران و جوتیاران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێری کورد بۆ لەناو بردنی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی بە شێوەیەکی پتەوی لەبان نەهاتوو گرێئەدا بە خەباتی چینە چەوساوەکانی ئەو نەتەوە کاربەدەستەوە بۆ ڕوخاندنی حوکمی دیکتاتۆری چینە چەوسێنەرەوەکان و ڕامالین و پاکردنەوەی نفوزی ئیمپریالیزم و هێنانە سەرکاری حوکمی گەل .

لەبەر ئەوە ئاگرەوی نەتەوایەتی لە خەباتدا ، کە هەژاری موکریانی بوورەبەیەکی لە شایەرەکانی کوردایەتی لە بەشێکی گەورەی دۆست و هاوپەیمانە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتووەکانی دا لەبری ، وە بەمەش جگە لە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی خۆماڵی و چینە چەوسێنەرەوەکانی نەتەوەی کاربەدەست کەسی کەی پێ بەهێز نابێ ؛ بە پێچەوانەوە کە خەباتی شۆڕشگێڕ و پێکەوەی چینە چەوساوەکانی ئەو گەلانە بەتەنکرایی ڕێگەی سەرگەرکردنی یەکجارەکی و لەناو بردنی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتییە .

## هەژاری شایەر :

یەکێکی کە لە سیما تایبەتییەکانی شیعرەکانی هەژار، کە موری تایبەتی ئەبێ کۆنەپەرستییە ، شاردنەوەی دەوری قارەمانانەی کۆمەڵانی خەڵک وە ژێر لێوەوە کردنی خەبات، خۆبەخت کردنی گەلە ؛ هەس کرێکاران و جوتیاران و هەژاران و ڕەنجدەران کە هێزی بزوێنەری کۆمەڵی ئادەمزاد و پاڵەوانی ڕاستەقینە و دروستکەری مێژوون ؛ بە پێچەوانەی ئەمەوە هەژاری موکریانی لە بای ئەوەی دەوری پاڵەوانانەی قارەمانانی ڕاستەقینەی بزوتنەوەی کوردایەتی و شۆڕشە خوێناوییەکانی لە قاڵبی هۆنەرادەنجاو بیکا بە سەوێنی شیعرەکانی گرێی خۆی لە ئاستی ئەم ڕاستییە مێژووییەدا کەر ئەکا و بە دەستوری شایەرەکانی دەربار ئەکەوێتە ستایش کردن وپیا هەڵوتنی سەرکردایەتی عەشایەری نوشوستو هەموو خۆ بەخت کردن و ئازایەتی و قارەمانەتییەکی گەل ئەدزێ و ئەی نووسێ بە پێشەوای مەزنەوە (١) ؛ کورد هەر تەنیا خاوەنی ئەو پەرەبەسێتی چونکە دەرمانی دەردان و باب و براو کەسیتی ! مادام ئەو سەرداریتی پێویستی ئەوە بە پارێزی پیرەو هەبە وزگێری بکات ، وە ئەبەختەئازیبی عەمری ! پێویستی ئەوە تیوری زانستی ڕێ ڕوونکەرەوەی ڕێگەی خەبات هەبە ، ئەبە ڕەنج و فیداکاری کۆمەڵانی خەڵک !

● گەر بارزانی دیتە بیرتـــان
بارزانی تورك و عەجەم كــوژ
بارزانی شێـــری كوردستان
بارزانی دالدەی ئـــازادی
كونكە لەسەر خوین مژی كورد

زور ئاو هەل دەگری هەویرتان
بارزانی مەرگــە بو خوین مژ
گیان بەری گیان لەسەر دەستان
داسی هــەژگــەلی بیعادی
بژی بارزانی ، بــژی كــورد

لــە هەلبەستی ( پەلە هەوریك ، ١٩٥٨ ، بەغدا ) ل ــ ٥٠ هەمان سەرچاوە

● گەرانەوەی بارزانی یـــە

خیرە وخوشی وهەرزانی یـــە
لە هەلبەستی ( پالەوانیك ، ١٩٥٩ ، موسكو ل ٥٦ هەمـــان سەرچاوە

● كاوەی مەزنمان بـــارزانـــی
••••••
تا سەردارمان بارزانی یـــە
••••••
هەموو كورد چاوی لە تویـــە

كـــاوەی پیشـــو بە قـــوربانی
••••••
ترسیـــك لە ئارادا نی یـــە
••••••
هەر توی هەبـــی سەربەخویە
لە هەلبەستی ( كاوەی مەزن ، كویـــنجق ، ١٩٦٣) ل ٨٧،٨٨ هەمان سەرچـــاوە

● ئەگەر دنیا مژ وتەم وتاریكە..
ئەگەر شەوەو گرمەی هەوروبارانە
ئەگەر گیژەو گریوەیەو بورانە ..
بو شارەزاو ری شانەری لاوانی
••••••

ئەگەر ریگا كەندو گلوو باریكە
ئەگەر بەفرە وشلیوەیە ونوقانـــە
ئەگەر لە هەر جیدا چەتەو گورانە
بو پیشەوە پیشمان كەوە بارازنی
••••••

ئەگەر دوژمن پراوپری دنیا بی ..
••••••

شەپول بداتەوە .. وەكو دەریای
••••••

لە كوردستان تومان هەبی بەسماتـــر بو پیشەوە پیشمان كەوە بارزانـــی
با كوخو لادی وشارەكان خاپور كەن با گولەتوپ ئاشمان لە خوینا سوركەن
••••••

••••••
لە دوائەوەین باب و براو كەسمانی بو پیشەوە پیشمان كەوە بارزانـــی
لە هەلبەستی ( بوپیشـــەوە بارزانی ، كویـــنجق ، ١٩٦٣ ) هەمان سەرچاوە

● بارزانی هاوار جی هومیدانی
فیلبازی خوەئن لیمان بوونە كەو
بازی سەر چیا فرەی شابالیـــك
بابی هەتیوان موەستە هەســـتە
وە پیشمان كەوە با سەربەخوبین

لەو دەردی گران هەر تو دەرمانی
دەمان هاوینە داوی تەم و لـــەو
گوریك بەهەلەتیك ، خاین رامالیە
بو رزگار كردن ودەت بەدەستـــە
ویرانە مالین ئەگەر بی تویـــن
لە هەلبەستی ( وەلــــدی كوردستان ، جیـــا براندوستـــە، ١٩٦٢ ) هەمان سەرچاوە

راستییەكەی هەژاری موكریانی لەبەر ئەوەی هەر لەكونەوە لـە مالە ئاغا و بەگزادەو شیخدا شوینـــی خوی كردوتەوە و خوو رەوشتـــی دیواخانەكانی ئەوانی گرتووە ، ئـــەشعرا لەم رووەوە وەكوو شایەریان كە چون بو پاروی چەوری ســـەوسفرەی ناو دیواخان و بو پـــارەو پوولی شاباش بە خەلكا هـــەلیەلی بەو جورە لە قوناغیكی دیـــاریكراوا لە مەهاباد بە یەكیـــاریا هەل ئەدا .. لە قـــوناغیكی ترا لە عیراق ستایشی عەبدو لكەریـــم قاسمی ئەكرد ، ئیستاش بەیـــت بالورە بە بەرنو بالای مەلا مستەفای بارزانی دا هەل بەدا ..

ئەو شاعیرانەی كە بـــی بیروباوەرن و متمانەیان بـــە كومەلانی خەلك نی یە بــی گومـــان لیكەل بە گەل ناین وخویان ناخەنە ناو شەپولی خەباتی جیــــــەرەنجدەرەكانەوە ، تـــــەی رەفتاریان ئاسمانو ریسمانی بەینەكردارو هەلویستی روژانەیان لـــە رووداوەكانی دەوروپشتیانـــداپیچەوانەی تـــەكانیانە . بەلكـــە هەمیشە بو پەناو پەسیریك ئەگەرین یا بحەوینەوە ، جا ئەو كاتـــە كورد واتەنی : روەی گوی ئـــاگرداین كون لە جەرگیا نی یە ، ئەكەونـــە رستنی خەیالی زلو تـــەی تەلەوو ریزكردنی وشەی گـــەورەو بوش و ستایشی ئەم وئـــەو ... وەهەردەم ئامادەن بە زوویی سەبارەت بە چەند هویەك ئاقاو ئان بـــدەی پیشوویان بگورن .

هەژاری موكریانی نموونەیەكـــەلەم بابەتە كە هەر لە پال ئاگردانی زووری گەرمی كونیرا تـــەی تەلەوخەیالی زلی ئەتو ، بی ئـــەوەی روژی لە روژان تیكەل بـــــەجولانەوەی كومەلانی خەلك ، بەرپانی جوتیاران و كریكاران و هەژارانـــی رەنجدەر بووبی و بەشـــداری خەبات و خو بەخت كردنو خـــەمرشادیو ئازارو ئاواتە كانیان بكا .. هەژار بو مشتی پارەو دینار ، سوتەختی حەسانەوەو پشـــوودان هەمیشە ئامادە بووە دەس بەرداری هەموو شتیك ببی وشتی بلی بـــە ئاوەزووی تـــەكانی پیشوویەوە ..

## رەنگە هەندی كـــەس وابزانن ئەم قسانە بی هیـــچ بەلگەو رووداویك فـــری ئەدەین ئیمە بە نموونە تەنیادو رووداوی نزیكی ژیانی هەژارئەهینینەوە :

★ هەژار سالی ١٩٦٢ كە مووچەخوری میری بوو لە بەغـــدا وە لەوكاتەدا هەر وەكوو خوی لـــەل ــ ٨٣ ی دیوانەكەی دا ئـــەلی : سالی ١٩٦١ شورشی پیـــروزی كوردستان دەستی پی كرد ... بـــە توانا منیش بە پەخشان و شیعـــربەشیـــكم لی خیـــرە .. ! بر سكانامەیەكی دووردو دریژی دژی شورش كورد رە بە تایبـــەتی دژی مەلا مستەفا بو عەبدو لكەریم قاسملیدا وە هەموو روژنامەكانی ئـــەو سەردەمە بلاویان كردەوە ، چونكـــەزیاتر لەوەی لە بروسكە پچی لـــە وئار ئەچوو لە دریژیا ! هەر بـــرئەوەی مووچەكەی ئەبرن و تـــەو خانووەی دراوویە لـــی ئەسینتەوەبە چاوی بیگانەیەكی وەزا قورسی وبچارەگران ، وەكوو جاران ئەمیری ئەكەن و تەنگی پی هەل ئـــەچنن جا هەژار دیارە ئەو بروسكەیەدا هەر بە بەشیك لەو سامالە فیكری دا ئەلی كە بە پەخشانو شیـــعرخستوویەتی بە شورشی پیـــروزی كوردستانەوە :

★ كابرایەكی كورد هەبوو لـــەبەغدا روژنامەیەكی دەر ئەكـــرد ، خوی زور بە كورد بـــەرووردلەتەوەبی ئەزانی دوای ئەوەی كـــە شورشی كورد دەستی پی كـــردگەلی لە نووسەرو خوینەدەوارانـــی عەرەب بیرخەرەوەو نووسرایان ئـــەلیمرا گراوی بە ئاوی خویانەوە دا بە قاسم كە داوای چارەكردنـــی ئاشتیخوازانەی مەسـەلەی كـــورد و ویستانەنی پەلاماردانی سەربازی بارزانیا ئەكرد ، جا وەكوو دەرئەكـــەوی بەم كابرا كوردەیشیان لیمـــزاكردبوو ، لەسەر ئەوە قاسم رقـــی هەستاو هەموویانی دا بە دادگـــا كوردە روژنامە نووسە ئەتەوەیـــە بەكەن لە دادگادا بەشیمان بـــووەوەلەوەی كە ئەو شتیكی وا خرابـــی لیمزا كردبی ر لایەنگیری خـــەیسیاندا لە هەموو هەنگاوەكانـــی،

قاسم له كوردستان ، كەجی عەرەبەكان لەبەردەمی دادگادا مەردانە دیفاعیان لە باری سەرنجیخویان كردو لە قەی خویان پەشیمان نەبوونەوە . بەو بونەیەوە عەرەبەكانیان بە بەدكردن سزادا وە كوردەكەی خوشمانیان بەرەلا كرد !

هەژاری موكریانی سالی ١٩٦٧ گەڕایەوە بەغداد بو لەوەی لەگەل ئەم برادەرەیدا روژنامە دەربكەن اپاش لەوەی ئاواتید بوو لیتجووبەوە لەو جیەی كە لی یەتی .

**مامە پیرە**

× ● ×

سالی ١٩٦٢ هەژار ئەم بروسكنامەیەی لیدا بو قاسم، باشا لە ناو خەلكا ئەی وت كەبو شكاندنی ئەو بە ناوی ئەوەوە لیدراوە بی ئەوەی . . بویری بە دروی بخاتەوە !

**سيادة قاهر الاستعمار ومحطم الاقطاع والفوضويين العملاء الزعيم الامين عبدالكريم قاسم رئيس الوزراء والقائد العام للقوات المسلحة المحترم .**

**اهنىء نفسي وشعبنا العراقي الجبار وحكومته الوطنية الاجراءات الحازمة التي قام بها شعبنا المؤمن بوحدته الوطنية والتفاني في سبيل جمهوريته الغالية بالقضاء على خونة الشعب العراقي وعلى رأسهم عميل الاستعمار الملا البارزاني الذي باع نفسه بالباون والدولار لقاء خيانته لشعبه وللجمهورية بدافع الحقد الدفين على الحركة الاصلاحية التي تبنيتموها عن ايمان بالشعب عربا واكرادا والاقليات الاخرى .**

**سيدي الزعيم انني اذ اعلن ولائي لمنقذ الشعب وحامي كيانه ورافع منزلته والحارس الامين لمكسب كفاحه العنيد ضد الاستعمار واذنابه من امثال البارزاني الدليل في كهوف شمالنا الصامد اعاهدكم ان اكون ذلكم الفدائي الذي زعزع الاستعمار واذنابه الخونة واخلص لشعبه كفاحه ونضاله وانتفاضاته خلال نصف قرن ، وانني اذ اعلن براءتي من هذه الشرذمة المؤتمرة بامر الاستعمار ومستوردي المبادىء الهدامة لديننا وقوميتنا ووطنيتنا اضع نفسي تحت امركم كأي جندي مطيع في جيشكم المظفر متشرفا برمز الانسانية والزعامة الوطنية رائدا ومحررا ونصيرا للمخلصين ،عاشت الاخوة العربية الكردية في ظل قيادتكم الرشيدة ، الموت للاستعمار وعملائه والانتهازيين والفوضويين ، الموت لوكر الخيانة قاطع الطريق الملا البارزاني .**

**عزيز محمد هزار**

**شاعر واديب كردي**

**مديرية المباني العامة**

**جريدة الشرق ـ ص ٧**

**العدد ٦٣٧ . السنة ٢٤**

**الاحد ١٨ تشرين الثاني ١٩٦٢**

**٢٠ جمادى الثاني ١٣٨٢**

## اعـــــــلان

## من مصلحة صنع السكاير في السليمانية

بالنظر لارتفاع اسعار العروض المقدمة من قبل المناقصين لذا قررنا تمديد مدة المناقصة السرية الخاصة بتعهد نقل السكاير من مخازن المصلحة الى مكتب التوزيع في بغداد وجلب المواد الاولية من مخازن الشالجية في بغداد الى مخازن هذه المصلحة الى يوم السبت المصادف ١٠ مايس فعلى الراغبين في الاشتراك في المناقصة المذكورة مراجعة مديرية حسابات المصلحة للحصول على شروط المناقصة مقابل مبلغ دينارين غير قابل للاسترجاع وان اخر موعد لتقديم العطاءات هو نهاية الدوام الرسمي ليوم المذكور . فعلى الراغبين في الاشتراك في المناقصة مراعاة ما يلي :

١ ـ لقد حددت المصلحة الحد الاعلى لنقل الكروص الواحد من السكاير بسعر فلسين ـ وحددت الحد الاعلى لنقل المواد الاولية لحمولة لوري ـ بسعر ـ ١٤ ـ دينارا

٢ ـ ان ترفق مع العطاءات تأمينات اولية قدرها ٥٠ دينار بكفالة مصرفية او صك مصدق .

رسول مجيد

المدير العام

رزگاری ـ عدد ٣ ورئيس مجلس الادارة

---

## اعـــلان

الحاقا باعلاننا ١٣٢٠ في ١٧ـ٤ـ١٩٦٩

لعدم ظهور راغب لايجار قشلتي مياه كانيسكان والسدة القديمة خلال المدة المعينة باعلاننا اعلاه اجلت المزايدة العلنية الى الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنين الموافق ١٢ـ٥ـ١٩٦٩ على الراغبين الحضور لدى رئاسة بلدية السليمانية لقبول ضمانهم مستصحبين معهم التامينات القانونية .

العقيد كريم قره نی

رزگاری ـ عدد ٣ متصرف لواء السليمانية




لە سر دعوت حضرت جلالت ملك کوردستان و سید السادات جناب ـ ملك محمود اول ـ دام شوکتە بە کمال شوق و شطارتەوە بو کسب شرف زیارت حضرت ملك معظم هاتمە سلیمانی . لە همو خصوصیکە وە مظهر توجیهات و عنایات حضرت ملوکانە بوم لیر اوە همو موجودیتمەوە عرض تشکر و افتخار اکم و لە شیوە انسانیت و حسیات قومیت پرورانە کە لە مراسم استقبالدا لە طرف جناب رئیس الروسا و سادات کرام و روسا و مأموران عسکری و ملکی حکومت و اشراف ومشوران واهالی کوردستانەوە درحق بە شخصی من روا بینرابو کلی متشکر ومفتخرم بلکو هر فلاکت و اذیتی کە لە ریکای خدمت آزادی وخلاص ام ملتەدا بسرما هاتوە لە بیرم چوتەوە بواسطە روژ کوردستانەوە بیان ممنونیت ومسروری لە همو برادران کورد سلیمانی اکم.
خدا همو لایکمان موفق بکات .

سمکو .

روژ کوردستان ژمارە ٨ سال ١

چوار شەمە ١٠ی کانونی دووەم ١٩٢٢

لاپەرە ٣

ئەمیژا ( دمی‌بو) لە وطن و قوم و برادران عزیزم دورو مهجور بوم شکر خوا ئەتوانم بچی بینم کە من لم روژە پیروزە سر بخوبی قوم کوردە وا هینایەوە سلیمانی ، لە لطف و مرحمت اشراف ممکت و متحیزان و برادران وطن کلی مسرور و مباهیم . لە درنك و زوبی اعادة زیارت تماشای قصورتم ئەکەن ، خوا لە همو لایی راضی بی .

بە واسطەی روژ کوردستانیشی عرض تشکرات و تأیید احترامات دەکم .

قوماندانی عسکری کوردستان
صاحبقران زادە
صالح زکی

روژ کوردستان ـ لاپەرە ٤ ـ سال ١ ژمارە ٣ چوار شەممە ٦ کانونی یەکەم ١٩٢٢

تبشیر

بنا بە تلغرافی کە لە مرخصی کوردستان لە بغداوە هاتوە جناب کپتان چکمن مندوب سامی بە ناوی حکومت متبوعەیەوە تبریك استقلالیت کوردستانی کردوە .

ایمەش تبریك و اعلان ام سعادتە مبارکەی قوم کورد اکەین و لە مقابلی او لطف و مرحمتە کە حکومت فخیمە بریتانیا درحق بم ملتە بچکولەی کوردە عرض تشکرات و ممنونیت حکومت فخیمە بریتانیا اکەین . و امید و استرحام اکەین کە لمولاش لە همو خصوصیکەوە بو ترقی و تعالی کوردستان همراهی و معاونتمان بفرمویت .

ملك کوردستان
محمود

٣٠ کانون اول ٣٣٨

روژ کوردستان سال ١ ژمارە ٧
چوار شەمە ٣ کانونی یەکەم ١٩٢٢
لاپەرە ١

اعلان

مفرزە عسکر و پولیس کە لەپایتخت کوردستانەوە بو قضای رانیە اعزام کرابون . لە پاش اوەکە لە لاینی عموم روسا و اشراف و معتبران و مأموران حکومتیەوە استقبالیکی زور محتشم کراون بە کمال عزت و حرمتەوە داخل مرکز رانیە بون و بیدانی مبارکی کوردستانیان لەوی هلکردوە الحمدالله او بیداغە عزیزە امرو لە محیط رانیە تموج نمای حرمت وهیبتە .

روژ کوردستان ژمارە ٧ سال ١
چوارشەمە ١٣ کانونی یەکەم ١٩٢٢

# رزگاری

مجلة اسبوعية عامة ـ سليمانية



* رزگاری بلاو کەرەوەی بیروباوەری جەنگاوەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی یە لە پیناوی نەهیشتنی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی دا .

* رزگاری گوڤاری کریکاران و جوتیاران و رەوشەن بیرانی شورش گیرە .

* رزگاری هەلگری مەشخەلی بیروباوەری سوشیالیستی یە .

* رزگاری گوڤاری تیکوشەرانی ریگەی رزگاری ودیموکراسی وسوشیالیزمە .

لە چاپخانەی ( دار الجاحظ )
ـ بەغدا چاپ کراوە ـ